٧ رۆژنامە

www.rozhnama.com

رۆژنامەیەکی رۆژانەیە کۆمپانیای وشە دەریدەکات

No.544 Mon 31/ 8/ 2009 | نرخ 500 دینار | ژمارە 544 دووشەممە 31/ 8/ 2009

٧ «ئەرکی (گۆڕان) گۆڕینی کەمپەینە سەرکەوتووەکەیانە دژی پاوانخوازیی»

١٠و١١ بۆچی بینا نوێیەکەی خانەی دادی سلێمانی تەواونەکراوە؟

لە (٢٧) گرێبەستی نەوتیی هەرێم، (١٣)یان لەلایەن کۆمپانیای نۆکانەوە کراون

رۆژنامە

حکومەتی هەرێم تائێستا (٢٧) گرێبەستی دەرهێنان‌و ناردنەدەرەوەی نەوتی لەگەڵ کۆمپانیا بیانییەکان مۆرکردووە، کە (١٣) گرێبەستیان لەلایەن کۆمپانیای نۆکانەوە کراون، بەبێ ئەوەی لیژنەی وزەو کانزاکانی پەرلەمانی کوردستانیش ئاگاداری هیچکام لەو گرێبەستانەبن.

سەرچاوەیەکی ئاگادار بە رۆژنامەی راگەیاند: حکومەتی هەرێمی کوردستان تائێستا (٢٧) گرێبەستی نەوتیی لەگەڵ وڵاتانی دەرەوەدا مۆرکردووە، کە (١٣) لەو گرێبەستانە لەلایەن کۆمپانیای نۆکانی یەکێتییەوە کراون.

لە درێژەی ئەنجامدانی گرێبەستە نەوتییەکانی حکومەتی هەرێمدا، رۆژی (٨/٢٧) نەوزاد حەمید قایمقامی چەمچەماڵ رایگەیاند: کۆمپانیای KNOC کە کۆمپانیایەکی کۆریای باشوورە، بیرە نەوتێک لە سنووری قەزاکەیاندا هەڵدەکەنێت‌و ئەو کۆمپانیایە یەکێکە لەو کۆمپانیا بیانیانەی کە لەگەڵ حکومەتی هەرێمدا رێکەوتوون‌و گرێبەستیان هەیە، بۆ ئەو مەبەستەش بریارە لە مانگی تشرینی یەکەمی ئەمساڵدا دەست بە کاری گەڕان‌و پشکنین لە بواری نەوتدا بکات، بەڵام د.ئاشتی هەورامی، وەزیری سەرچاوە سروشتییەکان، لە لێدوانێکدا بۆ رۆژنامە سەرجەم ئەو هەواڵانەی رەتکردەوەو وتی: «بەمزووانە هیچ گرێبەستێکی نوێ بۆ دەرهێنانی نەوت نە لە چەمچەماڵ‌و نە لە هیچ شوێنێکی دیکە ئیمزا نەکراوە».

وردەکاریی لە ل٢دایە

پەرلەمانی نوێ دەتوانێت ناوەڕۆکی گرێبەستەکان ئاشکرا بکات؟

٣ لە چاوەڕوانیی کابینەی نوێدا

دوای دەستلەکارکێشانەوەی، تۆمەتی سێکسی دەدرێتە پاڵ ژنە کادیرێکی یەکێتیی

شارا عەبدولڕەحمان

ژنە کادیرێکی یەکێتیی لەسەر بیروڕای جیاواز دەست لە کارکردن لە ریزەکانی ئەو حیزبەدا دەکێشێتەوە، دوای ئەوە لەلایەن گرووپێکی نەناسراوەوە گرتەیەکی سێکسیی دروستکراو دەخەنە پاڵی‌و لە رێگەی مۆبایلەوە بڵاودەکرێتەوە، بەو هۆیەشەوە تۆڕی هاوبەشی رێکخراوەکان‌و کۆمەڵێک کەسایەتی‌و ئەندامانی پێشووی پەرلەمانی کوردستان داوا دەکەن ئەنجامدەرانی ئەو تاوانە بدرێنە دادگا.

لە بەیاننامەیەکیاندا چوار ژنە پەرلەمانتاری پێشووی پەرلەمان‌و (٥٦) ژنی سەر بە نزیکەی (٣٠) رێکخراوی ژنان، کە ئاراستەی هەرسێ سەرۆکایەتی هەرێم‌و پەرلەمان‌و حکومەتی هەرێمی کوردستان‌و وەزارەتی مافی مرۆڤ‌و کەناڵەکانی راگەیاندنیان کردووە، سەبارەت بە کێشەی ئەو ژنە کادیرەی یەکێتیی راپانگەیاندووە: بەداخەوە لەسەروبەندی هەڵبژاردنەکانی (٢٠٠٩/٧/٢٥)دا ژنە کادیرێکی یەکێتیی لەلایەن گرووپێکی نابەرپرسیارەوە لەبەر هەڵوێستی سیاسیی گرتەیەکی سێکسیی دروستکراو دەخەنە پاڵ ئەو ژنەو لە رێگەی مۆبایلەوە لە زۆربەی شارو شارۆچکەکانی هەرێمی کوردستاندا بڵاوی دەکەنەوە، کە کاریگەریی زۆری لەسەر دەروون‌و هەڵوێستی ئەو ژنە دروستکردووە».

بەو هۆیەشەوە کەسایەتی‌و رێکخراوەکان داوا دەکەن، کە ئەنجامدەران‌و بەشداربووانی ئەو تاوانە بدرێنە دادگاو سزای عادیلانەی خۆیان وەربگرن، هاوکات داواکاری گشتیی رۆڵی بەرپرسیارانەی خۆی ببینێت لە سەرجەم ئەو تاوانانەی دەرهەق بە ژنان دەکرێن، ئەمە جگە لەوەی داوا دەکەن پارتە سیاسییەکان چیتر پاڵپشتی تاوانباران نەکەن لە ئەنجامدانی ئەو جۆرە تاوانانەداو بە پێویستیشی دەزانن، کە رەدی ئیعتیبار بۆ ئەو ژنە بگەڕێنرێتەوەو قەرەبووی مادیی‌و مەعنەویی بکرێتەوە.

درێژە بۆ ل٢

کۆمکاری زیندانیانی سیاسیی، داوای یاسایی لەسەر حکومەتی هەرێم‌و بەغدا تۆماردەکەن

ئاوارە حەمید

کۆمکاری زیندانییە سیاسییەکان، حکومەتی هەرێم‌و ناوەند دەدەنە دادگا، بەوەی کەمتەرخەمبوون بەرامبەر داواکارییەکانیان‌و لە هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراقیشدا هەڵوێست وەردەگرن.

دوێنێ لە شاری هەولێر کۆمکاری زیندانییە سیاسییەکان کۆبوونەوەیەکی رێکخست بۆ سەرجەم زیندانییەکان‌و نەخشەرێگەی داهاتوویان تاووتوێ کرد، سەرەتای کۆبوونەوەکە ئەحمەد مام رەسوڵ سەرۆکی کۆمکاری زیندانییە سیاسییەکان رەخنەی توندی ئاراستەی حکومەتی هەرێم کرد، بەوەی کەمتەرخەم بووە بەرامبەر داواکارییەکانیان‌و رایگەیاند؛ داوای یاسایی لەسەر حکومەتی هەرێم‌و بەغدا لە دادگای فیدراڵی تۆمار دەکەین.

سلێمان خالید ئاشگەیی، جێگری سەرۆکی کۆمکاری زیندانییە سیاسییەکان بە رۆژنامەی راگەیاند: حکومەتی هەرێم بەهۆی بێ پلانی‌و بێ بەرنامەییەوە هیچی بۆ نەکردووین داواکارییەکانمان بهێنێتە دی، وتیشی: ئەمساڵ پێش هەڵبژاردن لەگەڵ عیماد ئەحمەد کۆبوونەوەو بەڵێنی (١٠) خاڵی پێداین کە بۆمان چارەسەر بکات، بەڵام بەداخەوە هەتا ئێستا هیچیان جێبەجێ نەکراون.

هەڤاڵ حاجی وەک زیندانییەکی سیاسیی بە رۆژنامەی وت: «حکومەتی هەرێم بە هۆکاری پێشێلکردنی مافەکانمان دەزانین، پێشێلکردنی مافەکانمان واتا داننان بە رژێمی بەعسی لەناوچوو».

لە کۆبوونەوەکەدا (١٠) پێشنیاز نووسراو بریارە بۆ حکومەتی هەرێمی بەرزبکەنەوە، کە گرنگترینیان جێبە جێکردنی یاسای ژمارە (٤)، هەروەها بێبەشنەکردنی زیندانیانی سیاسیی کوردستان لەو ئیمتیازاتانەی کە زیندانیانی عێراق دەیانگرێتەوەو چەندین خاڵی دیکە. لە ئەگەری جێبەجێنەکردنیشیاندا هەڵوێست لە بەشداریکردنیان لە هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراق وەردەگرن.

لە چاوەڕوانیی کابینەی نوێدا

یەکێک لە داواکانی فراکسیۆنی گۆڕان لە پەرلەمانی کوردستاندا دروستکردنی دەزگای نەزاهە دەبێت، کە بێلایەن بێت و نەکەوێتە ژێر هەژموونی حیزبییەوە، بەڵکو بەشێک بێت لەو دەستەی نەزاهەیەی لە بەغدا هەیە، هەر ئەوان بە هەموو مەلەفاتی دارایی کوردستانی عێراقدا بچنەوە بۆ ئەوەی بزانن گەندەڵیی لە کوێدایەو کێ گەندەڵیی کردووە ئاشکرا بکرێت و بدرێت بە دادگا

ئەوانەی ئێستا لە کوردستان حوکم دەکەن، خۆیان سەرچاوەی گەندەڵین، ئیتر چۆن چارەسەری گەندەڵیی دەکەن

قۆرغکردنی باری دارایی وڵات لەلایەن حیزبەوە هۆیەکی دیکەیە بۆ فراوانبوونی گەندەڵیی لە کوردستاندا، حیزب دەستیگرتووە بەسەر هەموو سەرچاوە مادییەکانداو هەموو پرۆژەکانی هەرێم لەلایەن کۆمپانیاکانی حیزبەوە جێبەجێ دەکرێن و لەمڕووەشەوە گەندەڵییەکی زۆر دروستبووە

تائێستا لە کوردستان حیزب حکومەت بەڕێوەدەبات و حیزب بە تەواوەتی تەدەخولی لە هەموو شتێکدا کردووە، ئەمەش مەحسوبییەت و مەنسوبییەتی دروستکردووەو ئیدارەی تووشی لاوازیی و سستبوون کردووە، کە ئیدارەش لاوازبوو گەندەڵیی زیاد دەبێت

گەندەڵیی، کرمی سەرەخۆرەی وڵات

دلێر عەبدولخالق
پشتیوان سەعدوڵڵا

گەندەڵیی پانتاییەکی فراوانی لە جەستەی ئیدارەی کوردییدا گرتووە، بەشێوەیەک سەرلەبەری بونیادی ئەو جەستەیەی خستووەتە ژێر پرسیارەوە، سەرکردەکانی حیزبە دەسەڵاتبەدەستەکان و بەرپرسە هەرەباڵاکانی حکومەتیش دان بە بوونی گەندەڵی و زەرورەتی کەمکردنەوەو نەهێشتنیدا دەنێن و چەندین پرۆژەو ڕێگەیان بۆ ئەو مەبەستە ئامادەکردووە، بەڵام بە کردەیی نەیانخستووەتە بواری جێبەجێکردنەوە.

چینە جیاوازەکانی کۆمەڵگە لە چاوەڕوانیدان کە کابینەی شەشەمی حکومەتەکەیان بەوردیی پلان بۆ بەگژداچوونەوەو بنبڕکردنی گەندەڵیی لە کۆی خانەکانی جەستەیدا بکاتە ئەجێندای سەرەکی خۆی، هەندێک لە شارەزایانی سیاسیی و پسپۆڕانی ئابووریش ئاماژە بەوە دەکەن، «ئەوانەی ئێستا لە کوردستان حوکم دەکەن خۆیان سەرچاوەی گەندەڵین و هیچ ئیرادەیەکیشیان بۆ بنبڕکردنی گەندەڵیی نییە».

کرمی داهاتخۆر

گەندەڵیی دەردێکی کوشندەی جیهانییە، بەڵام لە وڵاتە دواکەوتووەکاندا زیاتر ڕەگو ریشەی داکوتاوەو بە جومگە سەرەکییەکانی ئەو کۆمەڵگەیانەدا شۆڕبووەتەوە، پسپۆڕانی بواری ئابووریش بە «کرمی سەرەخۆرەی وڵات» ناوی دەبەن، کرمێک هەموو داهات و بەرهەمی وڵات دەخوات و وردە وردە وڵات بەرەو فەوتان و لەناوبردن دەبات، بەشێوەیەک «وڵاتی گەندەڵ» فریای هیچ ناکەوێت و هیچ شتێکیش بەش ناکات.

ئەزموونی ئیداریی هەرێمی کوردستان، دوای ئالوگۆڕی پێنج کابینەی یەکلەدوای یەکی حکومیی هیچ کاتێک لە مۆتەکەو هەژموونی شێوە جیاوازەکانی گەندەڵیی دەربازی نەبووە، ئەم حاڵەتە دۆخێکی خولقاندووە، کە تیایدا ڕەخنەی هەرە توندی نوخبە، ناوەندی ئەکادیمی، ڕۆشنبیریی و ڕۆژنامەوانییەکان لەسەر گەندەڵیی ئیداریی و دارایی حکومەت بووە، بەڵام ئەو شەپۆلە ڕەخنەیە نەک نەبووەتە هۆی ئەوەی دەسەڵاتی سیاسیی و بەرپرسانی حکومەت بە جدیی بەگژ ئەو نەخۆشییە فراوانەدا بچنەوە، بەڵکو تائێستا لە هەرێمدا دەزگایەکی نەزاهە (دەستپاکی)یش بوونی نییەو دوو دەزگای چاودێری دارایییش کە سەر بە ئیدارەی هەولێرو سلێمانین، نەیانتوانیوە یان ڕێگەیان نەدراوە هیچ بەرپرسێکی باڵا ڕادەستی دادگا بکەن، کە بە بڕوای چاودێران بوونی چاودێرییەکی دارایی خاوەن دەسەڵاتو نەترس و دەزگایەکی نەزاهە پێویستییەکی هەنووکەیی ئەم قۆناغە هەستیارەی دەسەڵاتی خۆجێیی کوردین، لەلایەکی دیکەیشەوە تائێستا کوردستان نەبووەتە خاوەنی حکومەتێکی دامەزراوەییو دوو حیزبی دەسەڵاتدار ئیدارەی ئەم هەرێمەیان بەڕێوەبردووەو بەهۆی باڵادەستیی دەسەڵاتی حیزب بەسەر دەسەڵاتەکانی (دادوەریی، یاسادانان، جێبەجێکردن) دەسەڵاتی یاساییش نەیتوانیوە لێپرسینەوە لەگەڵ ئەو بەرپرسانە بکات، کە بە خواردنی داهاتی گشتییو خراپ بەکارهێنانی پۆستی حکومیی تۆمەتبارکراون، چونکە لە دواجاردا بەرپرسە حکومییەکان کەسە گەورەکانی حیزبن، حیزبیش لە سیستمی حوکمڕانیی هەرێمدا شوێنێکی بەرزتری لە هەموو دەسەڵاتەکانی دیکە بۆ خۆی داگیرکردووە.

یوسف محەمەد، مامۆستای زانستی سیاسیی زانکۆی سلێمانی پێیوایە؛ تائێستا لە کوردستان حیزب حکومەت بەڕێوەدەبات و حیزب بە تەواوەتی تەدەخولی لە هەموو شتێکدا کردووە، ئەمەش مەحسوبییەت و مەنسوبییەتی دروستکردووەو ئیدارەی تووشی لاوازیی و سستبوون کردووە، کە ئیدارەش لاوازبوو گەندەڵیی زیاد دەبێت.

خۆ دەوڵەمەندکردن

داموودەزگا ئیدارییەکان بۆ خزمەتی هاوڵاتیان دامەزراون، نەک بۆ خۆ دەوڵەمەندکردنی چەند بەرپرسێکو قۆرغکردنی سەرچاوەکان لەپێناو بەرژەوەندیی خۆیان.

لەو بارەیەوە یوسف محەمەد دەڵێت: «قۆرغکردنی باری دارایی وڵات لەلایەن حیزبەوە هۆیەکی دیکەیە بۆ فراوانبوونی گەندەڵیی لە کوردستاندا، حیزب دەستیگرتووە بەسەر هەموو سەرچاوە مادییەکانداو هەموو پرۆژەکانی هەرێم لەلایەن کۆمپانیاکانی حیزبەوە جێبەجێ دەکرێن و لەمڕووەشەوە گەندەڵییەکی زۆر دروستبووە، حیزب لە دانانی یاریدەدەری بەڕێوەبەری قوتابخانەیەکەوە تا دانانی بەرپرسێکی گەورەی حکومەت دەستی هەبووە، حیزب دەستیگرتووە بەسەر هەموو پنتێکی کوردستاندا، تائێستا حکومەتێکی دامەزراوەییمان نییەو ئەوەی کە هەبووە بەناوی حکومەتەوە حیزب بووە ئیدارەی بەڕێوە بردووە».

پسپۆڕێکی بواری ئابووریش ئاماژە بە دۆخێکی مەترسیدار لە ناوەوەی هەرێم دەکات، بەشێوەیەک دەستەیەکی کەم لە بەڕێوەبردن بوونەتە مشەخۆر بەسەر حکومەتەوەو لە بەرامبەریشدا خەڵک دەکەنە کۆیلەو پاشکۆی کارەکانیان.

د.حەمەرەئوف سەعید پسپۆڕ لە بواری ئابووریی وتی: «ئێمە هەموو دەسەڵاتەکانمان تێکەڵبوون، بە شێوەیەک سەرکردایەتی حیزبەکان حوکم دەکەنو ڕایانگەیاندووە؛ کە ژیانی هاوڵاتیان بەدەستی ئەوانە، لەو چوارچێوەیەشدا هەموو کارێکیان کردووە بۆ ئەوەی خەڵک بکەن بە کۆیلەی خۆیانو سوودمەندی یەکەمیش خۆیان بن، تائێستاش سیستمێکی ڕەوانی ئیداریی لە کوردستان پیادە نەکراوەو کۆمەڵێک خەڵک کە دەسەڵاتیان بەدەستە، کە بوونەتە مشەخۆر بەسەر حکومەتەوە».

بە بڕوای حەمەرەئوف؛ «هەتا ئەو خەڵکە مشەخۆرانە لانەبرێن، گەندەڵیی نەک چارەسەر ناکرێت، بەڵکو زیاتر دەبێتو پەرە دەستێنێت».

لێپرسینەوە نییە

شیاوترین ژینگە بۆ تەشەنەکردنو پەرەسەندنی پەتای گەندەڵیی، ئەو ژینگەیە دەبێت کە لێپرسینەوەو بەدواداچوونو گرتنەبەری ڕێوشوێن بەرامبەر ئەوانەی لە گەندەڵییەوە ئاڵاون، جێبەجێ ناکات، بەڵام دیسانەوە کێشەی گەورەی ئەو پەتایە لە وڵاتانی هاوشێوەی هەرێمی کوردستان، ئەوەیە سەرەڕای بوونی گەندەڵییەکی بەرفراوان لێپرسینەوە تیایدا بوونی نییە.

د.کاوە محەمەد قەرەداغی، پسپۆڕی بواری کارگێڕیی ئاماژە بۆ ئەوە دەکات، گەندەڵیی لە هەموو شوێنێکدا هەیە، بەڵام لە زۆربەی شوێنەکان لە بەرامبەریدا لێپرسینەوەش هەیە، بەڵام کێشەکەی کوردستان لەوەدایە گەندەڵیی زۆرەو لێپرسینەوە نییەو وتیشی: «بەپێی یاسا هەموو یەکە کارگێڕییەکان دەسەڵاتێکی دیاریکراویان هەیەو ناتوانن دەسەڵات بۆ بەرژەوەندیی تایبەتی خۆیان بەکاربهێنن، ئەگەر لە سیستمی ئیداریی کوردییدا لێپرسینەوە هەبێتو ئەوەی تەجاوزی دەسەڵاتەکانی کرد، دەبێت لە چوارچێوەی یاسادا موحاسەبە بکرێت».

هاورا لەگەڵ بۆچوونی کاوە قەرەداغی، یوسف محەمەدیش ئاماژە بە نەبوونی حاڵەتەکانی لێپرسینەوە دەکات بەرامبەر پەتای گەندەڵییو دەڵێت: «لە هەر جێگەیەک لێپرسینەوە نەبوو، گەندەڵیی پەرەدەسێنێت، کەواتە ئەرکی پەرلەمانە کە لێپرسینەوە لە کاروبارەکانی حکومەتدا بکات لە هەموو ئاستەکانی، واتە لە سەرۆکی حکومەتەوە تا وەزارەتو فەرمانبەرەکانی، چونکە ئەمە دەبێتە ڕێگرێک لەبەردەم فەزای گەندەڵیدا، بەڵام کاتێک کە پەرلەمان بەم ئەرکە هەڵناسێت، ئەوا بە دڵنیاییەوە ڕێگە خۆش دەبێت بۆ پەرەسەندنی گەندەڵیی، لەلایەکی دیکەوە نەبوونی دادگای سەربەخۆو دەزگایەکی تایبەت بە لێپرسینەوە هۆکارێکی دیکەیە بۆ تەشەنەسەندنو زیادبوونی حاڵەتەکانی گەندەڵیی».

نەبوونی ئیرادە

بە بۆچوونی پسپۆڕانی ئابووریی و سیاسەت دەسەڵاتدارانی هەرێمی کوردستان هیچ ئیرادەیەکیان بۆ بنبڕکردنی گەندەڵی نییەو ئەوان سەرچاوەو کاراکتەری سەرەکی گەندەڵین، بۆیە باشترین چارەسەر بۆ نەهێشتنی گەندەڵیی، لابردنی ئەوانە لەسەر کورسی دەسەڵات.

د.حەمەرەئوف، کە پسپۆڕی بواری ئابووریە، دەڵێت: «ئەوانەی ئێستا لە کوردستان حوکم دەکەن، خۆیان سەرچاوەی گەندەڵین، ئیتر چۆن چارەسەری گەندەڵیی دەکەن، ئەگەر دز ببێت بە پاسەوانی شوێنێک، دەبێت چی ڕووبدات!؟ بۆیە ئەگەر بتەوێت گەندەڵیی کەمبکەیتەوە دەبێت ئەوان لەسەر دەسەڵات نەهێڵرێن و دەسەڵاتەکانی هەرێمیش لێکجیابکرێتەوەو سەربەخۆبن».

بە بڕوای یوسف محەمەد مامۆستای زانستی سیاسیی، ئیرادەو ویستی یەکێتییو پارتی لەگەڵ نەهێشتنی گەندەڵیدا نییەو دەڵێت: «بە درێژایی چەند ساڵێک، سەدانجار گوێمان لەوەبووە ئەوان هەوڵی بنەبڕکردنی گەندەڵیی دەدەنو نایهێڵن، بەڵام پێموایە کەمکردنەوەو نەهێشتنی گەندەڵیی لە ئیرادەو ویستی یەکێتییو پارتیدا نەماوەو ئەوان ئیرادەیان بۆ ئەو مەسەلەیە نییە».

ترس، نۆپۆزسیۆن، گەندەڵیی

لە هەڵبژاردنەکانی (٢٥)ی تەممووزی هەرێمی کوردستان بەشێکی زۆری دانیشتووانی هەرێم دەنگیان لە دژی ئەو واقیعە سیاسییەی ئێستا دا، بەو هۆیەشەوە دەسەڵاتداران لە ئەگەری ترس لە شکستی هەڵبژاردنەکانی داهاتوودا بیر لە بەخۆداچوونەوەو هەنگاونان بە ئاراستەی کەمکردنەوەی گەندەڵیی دەنێن. هاوکاتیش بەشێکی گرنگی کارنامەی لیستی گۆڕان کە دووەم لیستی براوەی ئەو هەڵبژاردنەیەو وەک فراکسیۆنێکی ئۆپۆزسیۆن لە پەرلەماندا خۆی ناساندووە، بریتییە لە بەگژداچوونەوەی گەندەڵیی لە هەرێمدا.

لە نوێترین لێدوانی ڕۆژنامەوانیشدا نەوشیروان مستەفا سەرۆکی لیستی گۆڕان، تەئکیدی لە هەڵوێستی لیستەکەیان کردەوە بۆ پێکهێنانی دەستەی نەزاهەو ئاشکراکردنی ئەو دەزگاو کەسایەتیانەی بەو کارە تۆمەتبار دەکرێن.

نەوشیروان مستەفا، لە بەرنامەی گفتوگۆی کراوەی کەناڵی (KNN)دا ئاماژەی بەوە کرد، هیچ هێزێکی سیاسیی پێش ئەوان پرسی گەندەڵیی نەهێناوەتە ناو کایەی سیاسییەوە، لە بنەڕەتدا کە بە لیستی جیاواز بەشداریی هەڵبژاردنەکانیان کردووە، یەکێک لە ئەرکە سەرەکییەکانیان بەگژداچوونەوەی گەندەڵیی دارایی، سیاسیی، ئیداریی، ئەخلاقیی بووەو وتی: «یەکێک لە داواکانی فراکسیۆنی گۆڕان لە پەرلەمانی کوردستاندا دروستکردنی دەزگای نەزاهە دەبێت، کە بێلایەن بێتو نەکەوێتە ژێر هەژموونی حیزبییەوە، بەڵکو بەشێک بێت لەو دەستەی نەزاهەیەی لە بەغدا هەیە، هەر ئەوان بە هەموو مەلەفاتی دارایی کوردستانی عێراقدا بچنەوە بۆ ئەوەی بزانن گەندەڵیی لە کوێدایەو کێ گەندەڵیی کردووە ئاشکرا بکرێتو بدرێت بە دادگا».

بە بڕوای چاودێرانی سیاسیی هێزی ئۆپۆزسیۆن لە پەرلەماندا ئەرکی گرنگو قورسی لەسەر شانەو پێویست دەکات ئەو کلتوورەی پێشتر هەبوو لە تێپەڕاندنی بودجەی هەرێم، پەرلەمانی ئەمجارە ئەو شێوە کلتوورە لەخۆنەگرێت، هاوکاتیش خەڵک هۆشیار بکەنەوە لە وردەکاریی بودجەو دەستەبەرکردنی مافە ئابوورییەکانی تاک لە هەرێمی کوردستاندا.

یوسف محەمەد ڕایگەیاند: «پەرلەمانی ئێستای هەرێمی کوردستان، پەرلەمانەکەی ڕابردوو نییەو هێزی زیندووی ئۆپۆزسیۆنی تێدایە، ئەگەر سەرۆکایەتی پەرلەمان نەبێتە ڕێگر لەبەردەم هەوڵەکانی ئۆپۆزسیۆندا، دەتوانن بە ئەرکەکانی خۆیان هەستن لە چاودێریکردنی چۆنێتی سەرفکردنی بودجە، تێپەڕاندنی بودجەی ساڵانە، کەمکردنەوەی دەسەڵاتی حیزب بەسەر ئەو بودجەیەو دروستکردنی فشار بۆ نەهێشتنی گەندەڵیی».

ئەو مامۆستایەی زانستی سیاسیی گەشبینە بەو فشارە جەماوەرییەی لەسەر دەسەڵات دروستبووەو پێیوایە؛ لە ترسی فشاری جەماوەرو دۆڕانی حیزبە دەسەڵاتدارەکان، ئەو واقیعە بەو شێوەیەی ئێستای قبووڵناکرێتو وتی: «یەکێک لە هۆکارەکانی کەمکردنەوەی گەندەڵیی، ترسە لە فشارو هەڕەشەی هاوڵاتیان، ترسە لە دۆڕان، ترسە لە هاتنە مەیدانی ئۆپۆزسیۆن، کەواتە بارودۆخەکە گۆڕاوەو فشارێکی جەماوەریی دروستبووەو جەماوەر بە دەسەڵاتیان ڕاگەیاندووە؛ کە بەردەوامبوونی بارودۆخی کوردستان بەمشێوەیە، قابیلی قبووڵ نییەو پەیامی هاوڵاتیان لە هەڵبژاردنی پەرلەمان زەنگێکی مەترسیدارە بۆ دەسەڵات، دەسەڵاتیش باش درک بە نەخێری هاوڵاتییانی کوردستان دەکات».

لە (٢٧) گرێبەستی نەوتیی هەرێم، (١٣)یان لەلایەن کۆمپانیای نۆکانەوە کراون

شارا عەبدولڕەحمان

حکومەتی هـەرێـم تائێستا (٢٧) گرێبەستی دەرهێنان‌و ناردنەدەرەوەی نەوتی لەگەڵ کۆمپانیا بیانییەکاندا مـۆرکـردووە، کە (١٣) گرێبەستیان لەلایەن کۆمپانیای نۆکانەوە کراون، بەبێ ئەوەی لیژنەی وزەو کانزاکانی پەرلەمانی کوردستانیش ئاگاداری هیچکام لەو گرێبەستانەبێت.

سەرچاوەیەکی ئاگادار بە رۆژنامەی راگەیاند: حکومەتی هەرێمی کوردستان تائێستا (٢٧) گرێبەستی نەوتی لەگەڵ وڵاتانی دەرەوەدا مۆرکردووە، کە (١٣) لەو گرێبەستانە لەلایەن کۆمپانیای نۆکانی یەکێتییەوە کراون.

لـەمـاوەی رابـــردوودا حکومەتی عێراقیی بەردەوام باسی لەوەکردووە کە سەرجەم گرێبەستە نەوتییەکانی هەرێم ناياساین، هەر بەو هۆیەشەوە یەکێک لەکێشە دیـارەکـانـی نێوان هـەردوو حکومەتی ناوەندو هەولێر ئەو مەسەلەیەیەو چەندین لیژنە بۆ یەکلاییکردنەوەی کێشەکە لەنێوان هەردوولادا دروستکراوە، بەڵام تائێستا ئەنجامی نەبووە.

هەر لە درێژەی ئەنجامدانی گرێبەستە نەوتییەکانی حکومەتی هەرێمدا، رۆژی (٨/٢٧) نەوزاد حەمید قایمقامی چەمچەماڵ رایگەراند: کۆمپانیای KNOC کە کۆمپانیایەکی کۆریای باشوورە، بیرە نەوتێک لە سنووری قەزاکەیاندا هەڵدەکەنێت‌و ئەو کۆمپانیایە یەکێکە لەو کۆمپانیا بیانیانەی کە لەگەڵ حکومەتی هەرێمدا رێکەوتوون‌و گرێبەستیان هەیە، بۆ ئەو مەبەستەش بڕیارە لە مانگی تشرینی یەکەمی ئەمساڵدا دەست بە کاری گەڕان‌و پشکنین لە بواری نەوتدا بکات، بەڵام د.ئاشتی هەورامی، وەزیری سەرچاوە سروشتییەکان، بۆ رۆژنامە سەرجەم ئەو هەواڵانەی رەتکردەوەو وتی: «بەمزووانە هیچ گرێبەستێکی نوێ بۆ دەرهێنانی نەوت نە لە چەمچەماڵ‌و نە لە هیچ شوێنێکی دیکە ئیمزا نەکراوە».

پێچەوانەی وتەکانی قایمقامی چەمچەماڵ‌و وەزیـری سەرچاوە سروشتییەکان، هـەروەک سەرجەم زانیارییەکانی پێشوو لەسەر گرێبەستە نەوتییەکانی هەرێم نا روونی پێوەدیارە، ئەمە جگە لـەوەی کە لیژنەی وزەو کانزاکانی خولی دووەمـی پەرلەمانی کوردستان بەهیچ جۆرێک ئاگاداری گرێبەستە نەوتییەکانی حکومەتی هەرێم نین.

لـەوبـارەیـەوە محەمەد رەفعەت، ئەندامی لیژنەی وزەو کانزاکانی (خولی دووەم) پەرلەمانی کوردستان، بە رۆژنامەی راگەیاند: بەهیچ جۆرێک ئـاگـاداری گرێبەستە نەوتییەکانی حکومەتی هـەرێـم نـەبـووین‌و هیچ شەفافیەتێک لەو گرێبەستانەدا نەبووە نە بۆ پەرلەمان‌و نە بۆ راگەیاندنەکان، تا لە رێیەوە خەڵکی لێ ئاگاداربێت، بەڵکو ئەو گرێبەستانە سەرجەمیان لە ژووری تاریکدا کراون‌و نازانرێت ئەو رێژەی نەوتەی کە دراوە بە کۆمپانیاکان چەندن‌و بەشی حکومەتی هەرێم چەندە، ئایا ئەو پارانەی کە لە بەرامبەر گرێبەستەکان وەرگیراون چەندن.

هاوکات ئاشتی هەورامی سەبارەت بە ژمـارەی گرێبەستە نەوتییەکانی هەرێم‌و وردەکارییەکانیان ئامادەنەبوو هیچ لێدوانێک بدات.

لـەلایـەکـی دیـکـەوە، رۆژنـامـەی (چاینا بزنس) رۆژی (٨/٢٧) لە زاری بەرپرسێکی کۆمپانیای «سینۆبک»ی چینییەوە بڵاویکردووەتەوە، کە حکومەتی عێراق دانی ناوە بەو گرێبەستەدا کە کاری وەبەرهێنانی نەوت لە کێڵگەی تەقتەق-دا دەکات.

پێشتر حکومەتی عێراق بـەردەوام باسی لە نایاساییبوونی گرێبەستە نەوتییەکانی هەرێم دەکردو دەیویست کە کۆمپانیای «سینۆبک» بخاتە لیستی رەشەوە، بەڵام لە ئێستاداو لەسەر زاری ئەو سەرچاوەیەوە حکومەتی عێراق دانی بە گرێبەستی ئەو کۆمپانیایەدا ناوە، ئەمەش مایەی سەرسوڕمانە کە لە سیاسەتی دووفاقی حکومەتی عێراقدا بەدیدەکرێت.

سەبارەت بەدانپێدانانی گرێبەستەکانی هەرێمیش لەلایەن حکومەتی ناوەندەوە، وەزیـری سـەرچـاوە سروشتییەکان دووبارە ئامادەنەبوو هیچ لێدوانێک بدات، بەڵام بە بڕوای ئەندامەکەی پێشووی پەرلەمانی کوردستان، ناردنە دەرەوەی نەوتی هەرێم بە رەزامەندیی حکومەتی ناوەند، لە بەرژەوەندیی کورد نییە، چونکە حکومەتەکەی مالیکی بە مەرجێک رێگـەی بە نـاردنـەدەرەوەی نەوتی هەرێم داوە، کە پارەکەی بگەڕێتەوە بۆ حکومەتی ناوەندی بەغدا.

نەوتی کوردستان، داهاتێک بۆ بەغدا

ئەمریکا هەوڵی ئاساییکردنەوەی پەیوەندییەکانی موسڵ‌و هەرێم دەدات

ئارام شێخ وەسانی

پـاش ئـەوەی ژمـارەیـەک تـەقـیـنـەوەی یـەک لـەدوای یـەک ناوچە کوردنشینەکانی سـەر بـە پـارێـزگـای موسڵی گرتەوە، بەتایبەت لە شێخان‌و شەنگال، مەترسی هەڵگیرسانی توندوتیژیی لە ئارادابوو لەنێوان کوردو عەرەب، بۆ ئەو مەبەستە فەرماندەی هێزەکانی ئەمریکا لە موسڵ، ژەنەرال براون‌و بەرپرسی کونسوڵخانەی ئەمریکا لە موسڵ، بیتریک میرف، سەردانی شاری دهۆکیان کردو لەگەڵ بەرپرسانی پارێزگاکە کۆبوونەوە.

فـازڵ عـومـەر، سـەرۆکـی ئەنجومەنی پارێزگای دهۆک، سـەبـارەت بە سەردانەکە بۆ رۆژنـامـە وتـی: «سـەردانـی فەرماندەی هێزەکانی ئەمریکا لە موسڵ نەک تەنیا بۆ دهۆک، بەڵکو بۆ هەولێریش بـووە، ئـەو کـۆبـوونـەوەیـەی نێوان ئێمەو ژەنـەرال بـراون وەک کۆبوونەوەیەکی دەوریی وایە، کە مانگانە لەگەڵ هێزەکانی ئەمریکا لە موسڵ لەگەڵ دهۆک ئەنجامی دەدا بـە مەبەستی بەرەوپێشبردنی پەیوەندییەکان‌و ئاساییکردنەوەی بارودۆخی ئەمنیی‌و هاوکاریکردنی دهۆک لە وێستگەکان بۆ پارێزگای موسڵ بە مەبەستی کۆنترۆڵکردنی رەوشـی ئەمنیی پاراستی هاوڵاتییانی کـوردی نێوان دهۆک‌و موسڵ».

لەلایەکی دیکەوە بە گوێرەی بەیاننامەیەکی رەسمیی کە لە زاری مالیکییەوە بڵاوکراوەتەوە هاتووە: «لیژنەیەک پێکهاتووە بۆ چارەسەرکردنی سەرجەم کێشەکانی شاری موسڵ».

سـەبـارەت بـە پێکهێنانی ئەو لیژنەیە محەمەد بەشیر، وتەبێژی لیستی برایەتی نەینەوا، بۆ رۆژنـامـە باسی لەوەکرد؛ «ئەو لیژنەیەی مالیکی بریتییە لە بەرهەمی ئـەو سـەردانـەی کـە بـۆ سلێمانی ئەنجامیدا، بڕیاری چارەسەری کێشەکەی دا، بەڵام ئێمە گەشبین نین کە کارەکانی هیچ لیژنەیەک بتوانێت چـارەسـەری کێشەی لیستی برایەتی‌و حەدبا بکات، دوای ئەوەی سەرۆک وەزیرانی عێراق سـەردانـی کوردستانی کرد، بڕیاری پێکهێنانی ئەو لیژنەیەی دا، بەڵام کێشەکە لێرەدا ئەوە نییە، گرفتەکە ئەوەیە کە لیستی حەدبا ئەجێندایەکی دەرەکییان هەیە وەک سوریاو تورکیاو چەند وڵاتـی دیکە، هەروەها ئـەوان باوەڕیان بە حکومەتی تەوافوقی نییە، سەرۆک وەزیران خۆشی ئەو راستییە دەزانێت، کە هەموو عێراق بە حوکمی تەوافوقی دەڕوات بەرێوە، بەڵام ئەوان ئامادەی هیچ گۆڕگرتنێک نین لەو بارەیەوە، بۆیە من ئەوە بەشتێکی گرنگ نازانم».

لێکۆڵینەوە لە راپۆرتێکی دەستەی نەزاهەی کەرکوک دەکرێت

ئارام جەمال

ئەنجومەنی قەزای کەرکوک‌و قـایـمـقـامـیـەت‌و ئـاسـایـشـی نیشتمانیی‌و نووسینگەی کـەرکـوکـی دەسـتـەی نەزاهە لیژنەیەک بۆ لێکۆڵینەوە لە راپۆرتەکەی دەستەی نەزاهە پێکدەهێنن بۆ لێکۆڵینەوە لەو گەندەڵییانەی لە فەرمانگەکانی شارەکەدا کراوە، ئەمەش دوای ئـەوەی لـە نـاوەڕاسـتـی ئەم مانگەدا دەستەی بالای نەزاهەی عێراقی راپـۆرتـێـکـی لەسەر بوونی گەندەڵی لەناو فەرمانگە حکومییەکانی پارێزگاکانی عێراقدا بڵاوکردەوە، کە بەپێی ئەو راپۆرتە کەرکوک لەرێزی پێشەوەی بەرتیل وەرگرتندابوو.

ئـەیـاد کـەمـال ئـەنـدامـی ئەنجومەنی قـەزای کەرکوک بە رۆژنامەی راگەیاند: «وەک ئەنجومەنی قـەزا پێمانوایە راپۆرتەکەی دەستەی نەزاهە کە لە چوارچێوەی راپرسییەکدا لەناو فەرمانگەکانی کەرکوک‌و پارێزگاکانی دیکەی عێراقدا ئەنجامیانداوە، دروستەو پێویستە هەڵوەستەی لەسەر بکرێت‌و ئەو فەرمانبەرانەی تێوەگلاون بدرێنە دادگا».

وتیشی: «لە دوای دەرچوونی راپۆرتەکەوە لەگەڵ قایمقامیەتی کـەرکـوک‌و نـووسـینـگـەی کەرکوکی دەسـتـەی نەزاهە‌و بـەرێـوەبـەرێـتـی ئاسایشی نیشتمانیی، کۆبوونەوەیەکمان لـەگـەڵ بـەرێـوەبـەری ئـەو فەرمانگانەی تـێـوەگـلاون لە گەندەڵیی ئەنجامداوەو لەم هەفتەیەشدا کۆبوونەوەکان درێژەیان دەبێت، تاکو بتوانین کەموکوڕییەکان دەستنیشان بکەین‌و لە راستی‌و دروستیی راپرسییەکە بکۆڵینەوە».

لـە بـەرامـبـەردا عەمید نەوزاد بەرزنجی بەرێوەبەری، بـەرێـوەبـەرێـتـی ئاسایشی نیشتمانیی عێراق لە کەرکوک، بە رۆژنامەی راگەیاند: «لە ئەنجامی راپۆرتەکە بێدەنگ نابین‌و لەگەڵ دەستەی نەزاهە‌و قایمقامیەت‌و ئەنجومەنی قـەزای کەرکوک رێـکـەوتـووین لیژنەیەک بۆ لێکۆڵینەوە پێکبهێنین، دواجاریش سەرجەم ئەو فەرمانبەرانەی ناویان لە راپۆرتەکەدا هاتووەو تۆمەتبارن بەوەرگرتنی بەرتیل، ئەگەر تۆمەتەکانیان بەسەردا ساغ بێتەوە دەیاندەینە دادگا».

لەبارەی ناوەڕۆک‌و راستی‌و دروستیی راپۆرتەکە عەمید نەوزاد ئاماژەی بەوەکرد؛ «جۆری گەندەڵییەکە تەنیا وەرگرتنی بەرتیل بووە لەلایەن هەندێک فەرمانبەرەوە لە هاوڵاتییان، کـە کـاری نـەکـردووەتـە سەر یاساییبوون‌و یاسایی نەبوونی کاری فەرمانگەکان، بەڵکو تەنیا کاری هەندێک هاوڵاتیی لەسەر حیسابی هاوڵاتییانی دیکە پێشخراوە، بەڵام ناکرێت لێی بێدەنگ بین‌و دەبێت هەموو ئەو کەسانەی تێوەگلاون لێکۆڵینەوەی یاساییان لەگەڵ بکرێت»، زیاتر وتی: «لیژنەکە لە چەند رۆژی داهـاتـوودا پێکدەهێنرێت‌و ئێستا سەرقاڵی کۆکردنەوەی زانیاریی‌و بەڵگەی تەواوین لەسەر ئەو فەرمانبەرانەی بە وەرگرتنی بەرتیل تێوەگلاون».

پاشماوە

دوای دەستلەکارکێشانەوە..

گێلاس محێدین ئەندامی پێشووی پەرلەمانی کوردستان لەو بارەیەوە بە رۆژنامەی راگەیاند: قورسترین خاڵی ئەم کێشەیە لەوەدا چڕبووەتەوە، کە ئەو گرتە سێکسییە بە هاوکاریی ژن دروستکراوەو بڵاوکراوەتەوە، بەو هۆیەشەوە ئەم نەریتە ناشیرینە لەناو کوردا کە ژنان هەمیشە خۆیان دەکەنە پاشکۆی پیاوان‌و پیاوان چیان بوویت، ئەگەر کاری خراپیش بێت، بۆیان جێبەجێ بکەن، پێویستە بەربەست بکرێت‌و هەڵوێستی لەسەر وەربگیرێت.

هاوکات گێلاس بە پێویستی زانی کە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لەسەر ئەم حاڵەتە بێ هەڵوێست نەبێت، چونکە ئێستا بەو ژنە کراوە سبەی سەرەی ژنانی دیکەش دێت، وتیشی: «پێویستە بەرپرسانی یەکێتیی بیری ئەوەشیان هەبێت کە ماڵەکانی خۆشیان ژنی تێدایە».

د.سەلاحی گەرمیان: ڕەشنووسی دەستووری هەرێم بەشێوەیەکی لاستیکی باسی لە پرسە گرنگەکان کردووە

سازدانی، ئاسۆ عوسمان

د.سەلاحی گەرمیان ڕووناکبیرو نووسەر، ئاماژە بەوەدەکات هەژدە ساڵە کوردستان بێ دەستوورەو هەردوو حیزبی زلهێز بەردەوام بیانوویان دەهێنایەوە بۆ نەبوونی دەستوور کە گوایە بارودۆخەکە ڕێگرەو پێیوایە ئەوکاتە نەیاندەویست هەرێمی کوردستان دەستووری هەبێت، چونکە لە بەرژەوەندییاندا نەبوو دەستوورێک هەبێت دەسەلاتیان سنووردار بکات، ئێستاش کە قۆناغەکە گۆڕاو بە ناچاریی دەبێت مل بۆ ئەوە دەدەن، دەستووریان بەو شێوەیە دارشت کە تێیدا بەرژەوەندییەکانی خۆیان پارێزراوو بپارێزنن.

ڕۆژنامە: لە ڕەشنووسی دەستووردا هاتووە ماوەی ویلایەتی سەرۆکی هەرێمی کوردستان چوار ساڵە، لە ڕۆژی کارپێکردنی ئەو دەستوورەوە کارییپێدەکرێت، بەپێی ڕەشنووسەکە بێت، بارزانی ماوەی ئەم چوار ساڵەی پێشووی سەرۆکایەتیی بۆ حیساب نەکراوەو دەتوانێت ماوەی (٨) ساڵی دیکە سەرۆکایەتی هەرێم بکات، بۆچوونی تۆ لەوبارەیەوە چییە؟

*هەموو خەڵکی کوردستان لەو ڕاستییە گەیشتوونو دەزانن کە دەسەلاتی پارتی یان ڕاشکاوانەتر بڵێم، دەسەلاتی بنەماڵەی بارزانی خۆیان بە خاوەنو واریسی دەستکەوتی خەباتو ڕەنجی خەڵکی کوردستان دەزانن، هەروەها وەک ڕابەری مێژووی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلی کورد خۆیان دەخەنەڕوو، هەژدە ساڵە دەسەلاتیان داگیرکردووەو بەبێ گەڕانەوە بۆ ڕای خەڵکو شەڕی خۆیناویی‌و ماڵوێرانییان لەپێناویدا هەڵگیرساند، ئێستاش لەم قۆناغە نوێیەی پاش ڕووخانی ڕژێمی دیکتاتۆریی‌و پەیڕەوکردنی جۆرێک لە سیستمی دیموکراسی‌و لەگەڵ بەرزبوونەوەی ئاستی هۆشیاریی لەناو خەڵکی کوردستاندا، چیتر ناتوانن وەک جاری جاران خەڵک ملکەچ بکەن یان بە دروشمی بریقەدار هەڵیانخەڵەتێنن، بۆیە پەنا دەبەن بۆ شێوازی دیکە بۆ بەردەوامبوونی دەسەلاتیان.

ئەوەی لە مادەی (٦٤) هاتووە جۆرێکە لە شەرعییەتدان بە کارێکی ناشەرعیی، کە دەیانەوێت بیسەپێنن بەسەر خەڵکدا، ئەوەش پێموایە هۆکارێکی سەرەکیبوو بۆ پەلەکردن لە هەموارکردنی پرۆژەی دەستوورو پەسەندکردنییەوە لەلایەن پەرلەمانێکی ماوەبەسەرچوو، هەوڵدانی دەسەلات بۆ خستنە دەنگدانییەوە بە پەلەپروژێو دوور لە شێوازی ڕاستەقینە کە دەبوایە بخرێتە بەردەست جەماوەری خەڵک لە ڕیفراندۆمێکدا بەرلەوەی لەلایەن پەرلەمانەوە پەسەندبکرێت بەو شێوە نا دروستە.

ڕۆژنامە: لەگەڵ ئەوەی خەڵکی کوردستان بە سەرجەم چینو توێژەکانییەوەداوای دەستوورێک دەکەن بۆ دیاریکردنی ئەرکو مافەکان، ئێستا تێبینی دەکرێت دوای پەسەندکردنی ڕەشنووسی ئەو دەستوورە لەلایەن پەرلەمانەوە ڕەتدەکرێتەوە، ئایا ناوەڕۆکی ئەم دەستوورە ئەوەندە دواکەوتوو و کۆنەخوازانەیە ئەم هەموو هەڵەیەی لەسەر دروستکراوە؟

*هەژدەساڵەکوردستان بێ دەستوورەو هەردوو حیزبی زلهێز بەردەوام بیانوویان دەهێنایەوە بۆ نەبوونی دەستوور کە گوایە بارودۆخەکە ڕێگرە، لەڕاستیشدا نەیاندەویست دەستوور هەبێت، چونکە لە بەرژەوەندییاندا نەبوو دەستوورێک هەبێت دەسەلاتیان سنووردار بکات، ئێستاش کە قۆناغەکە گۆڕاوە، بە ناچاریی دەبێت مل بۆ ئەوە دانێن، دەستووریان بەو شێوەیە دارشت کە تێیدا بەرژەوەندییەکانی خۆیان پارێزراوو بپارێزن.


د.سەلاحی گەرمیان

پارێزراو ڕاگرن، کوردو وتەنی «دۆم بێتو کلاش بۆخۆی بچنێت»، ناکرێت بڵێین هیچ لایەنی پۆزەتیڤ لە ڕەشنووسی دەستووردا بەدیناکرێت، بەڵام ئەوەی بەدیدەکرێت تێیدا ئەوەیە، بەر لەوەی بیر لە بنەمایەکی پتەوبکرێتەوە بۆ دروستبوونی قەوارەیەکی دیموکراسی، بیر لە بەرژەوەندیی حیزبی دەسەڵاتدار کراوەتەوە، لە هەر خاڵێکدا کە بەرژەوەندیی دەسەڵات ڕەچاوکرابێت، بەرژەوەندیی خەڵکو دیموکراسی پشتگوێخراوە.

ڕۆژنامە: لە ڕەشنووسی دەستووری هەرێمی کوردستان- عێراق، هاتووە هەموو کەسێک مافی ئازادیی ڕادەربڕینی هەیەو پێویستە ئازادیی ڕۆژنامەگەریی مسۆگەربکرێت، لەهەمان بڕگەدا هاتووە سوکایەتیی بە پیرۆزییە ئاینییەکانو هاندان بۆ توندوتیژییو بڕەوپێدانی ڕقو کینە لەنێو پێکهاتەکانی خەڵکی کوردستان ناگرێتەوە، ئەم بڕگەیە ئازادیی ڕۆژنامەوانیو ڕادەربڕین بەرتەسک ناکاتەوە؟

* بێگومان سوکایەتیکردنو تانەو تەشەرە کارێکی نابەجێیەو کەس لێی بێدەنگ نابێت، هەروەها مافی هەر تاکەکەس‌و لایەنێکە کە دژ بە دەستدرێژیی بۆ سەر مافەکانی بووەستێتەوە، شتێکی بەدیهییەو بۆ هەموو کەسێکیش ڕوونە کە ئازادیی بیروڕاو ئازادیی ڕۆژنامەوانیی، ئەو ئازادییە نادات بە کەس سوکایەتیی بە کەسانی ناو کۆمەڵ بکات، پێویستە لەسەر هەر مرۆڤێک بە ڕۆژنامەوانیشەوە ڕێز لە تایبەتمەندییەکانی تاکو لایەنەکانی ناو کومەڵ بگرێت، بەڵام بۆ ئەو مەبەستەش پێویستە یاسایەکی تایبەت هەبێت بۆ چارەسەرکردنی ئەو جۆرە کێشانەی دێنەئاراوە، نەک بەو شێوە لاستیکییەی کە لەو بڕگەیەی دەستووردا ئاماژەی بۆ کراوە، دەبوایە دەستوور زۆر بەدیقەتەوە لەو بارەیەوە باسی بکردایە، چاکتربوو لەو بڕگەیەدا ئاماژە بۆ یاسا بکرایەو پاشان پەرلەمان یاسایەکی تایبەتی دەربکردایە بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ ئەو جۆرە پرسانە لەکاتی ڕوودانیان، لە زۆربەی وڵاتاندا یاسای (Defamation law) دژە تانەو تەشەرو سوکایەتیکردنو دەستدرێژیی بۆ سەر مافی خەڵک هەیە، خۆ ئەگەر یاسایەکی وا لە کوردستاندا بوونی نییە، خۆ یاسای کاری ڕۆژنامەوانیی ئەم لایەنەی پەیوەندە بە ڕۆژنامەوانییەوە لە مادەی (١٥) دا یەکلاییکردووەتەوە. پێموایە دەستوورەکە لێرەو لە زۆر شوێنی دیکەشدا بەشێوەیەکی لاستیکی باسی لە پرسی گرنگی جیاجیا کردووە، کە ئەمانەش کەموکوڕینو جێی ڕەخنەن لە لێژنەی دارشتنی دەستوور کە لە کۆمەڵێک کەسی پسپۆڕو یاساناس پێکهاتووە، دەبوایە زیاتر وردبین بوونایە لە دارشتنیو هەروەها پێویستبوو بخرێتە بەردەم شارەزایانو کۆمەڵانی خەڵک بەر لە پەسەندکردنی لەلایەن پەرلەمانەوە.

ڕۆژنامە: لە دەستوورەکەدا، سنووری جوگرافی سیاسیی هەرێمی کوردستان دیاریکراوە، بەڵام لە بڕگەی دووەمی هەمان مادەدا سنوورە سیاسییەکانی بەستراوەتەوە بە جێبەجێکردنی مادەی (١٤٠)ەوە، ناڕوونی لە ئایندەی ئەم ناوچانە کێشەیەک لەم مادەیە دروستدەکات، لەکاتێکدا لە بڕگەی دووەمی مادەکەدا ئاماژە بە سنووری سیاسیی کراوە، نەک جوگرافی؟

* بڕگەی یەکەمو دووەمی مادەی (٢) لەگەڵ یەکتریدا ناکۆکن، ناکرێت لە دەستووردا بەو شێوە ناکۆکو ناڕۆشنە باس لە پرسێکی وا گرنگو هەستیاربکرێت، بەرپرسەکانی حکومەتی عێراقی پاش ڕووخانی ڕژێمی سەدام، لە ئەیاد عەللاوییەوە تا نوری مالیکی، تا بۆیان کرابێت خۆیان دزیووەتەوە لە جێبەجێکردنی مادەکانی تایبەت بە ناوچە جێناکۆکەکان، چونکە نایانەوێت بچنە ژێرباری ئەو بەرپرسیارێتییەوە کە زۆرینەی لایەنە سیاسییەکانی عێراق دژایەتی دەکەنو هەوڵی لەباربردنو هەڵوەشاندنەوەی دەدەن، بۆیە ناکرێت چارەنووسی پرسێکی مێژوویی وەک دەستنیشانکردنی سنووری جوگرافی کوردستان ببەسترێتەوە بە مادەیەکی یاسایی کە ناکۆکیی‌و مشتومڕی زۆری لەسەرە، لەکاتێکدا بڕگەی یەکەمی مادەی (٢) کە پارێزگاو قەزاو ناحییەکانی هەرێمی تێدا دیاریکراوە، بەو ناوچانەشەوە کە ناکۆکییان لەسەرەو مادەی (١٤٠) دەیانگرێتەوە، ناکۆکە لەگەڵ مادەی دەستووری عێراق کە باس لە سنووری هەرێم‌و دەسەلاتی حکومەتی هەرێم دەکات‌و دانی بە بەشێکی ناوەو بەشەکەی دیکەشی بە ناوچە ناکۆکی لەسەر ناو دەبات.

لەڕاستیدا دەستنیشانکردنی ئەو ناوچانەی لە بڕگەی یەکەمدا هاتوون، جێی سەرنجو پرسیارە، لە کاتێکدا قەزای بەدرەو هەردوو ناحیەی جەسان‌و زرباتیە کە هەرسێکیان کوردنشینن، نەخراونەتە ناو چوارچێوەی قەوارەی هەرێمی کوردستانەوە لەو مادەیەدا، بەڵام قەزای قەرەقوش‌و تلکێف کە زۆرینەی دانیشتوانیان ئاشووری‌و کلدانن خراونەتە ناو قەوارەی هەرێمەوە، ئەمەش ئەوە دەردەخات کە حیساب بۆ خواستی خەڵکی ئەو ناوچانە نەکراوە، کە پێموایە لەدوا ڕۆژدا دەبێتە هۆی سەرهەڵدانی کێشە چ لەگەڵ پێکهاتەکانی ئەو ناوچانەو چ لەگەڵ حکومەتی بەغدادا، دەبوایە پرۆژەی دەستوور بڕگەیەکی تایبەت بە سنووری شارەکانی ئێستای هەرێمی تەرخانبکردایەو لە بڕگەیەکی دیکەدا ئاماژەی بە ناوچە دابڕاوەکان بکردایە لەگەڵ جەختکردن لەسەر پەیڕەوکردنی دەستوور لەو ناوچانەدا، لەپاش یەکلاییکردنەوەی کێشەکان‌و لکاندنیان بە هەرێمی کوردستانەوە، هەروەها پێویستیشە کە دەستوور بەڕوونی باس لە پەنابردن بۆ ڕاپرسیی گشتیی دانیشتوانی بکردایە لەکاتی سەرهەڵدانی نارەزاییی‌و ململانێ لەسەر هەر یەکێک لەو ناوچانە.

ڕۆژنامە: لە مادەی (٦)دا هاتووە، نابێت هیچ یاسایەک دابنرێت ناکۆک بێت لەگەڵ حوکمە نەگۆڕەکانی ئیسلامدا، هەروەها لە بڕگەی دووەمی ئەم مادەیەدا هاتووە، ناشبێت هیچ یاسایەک دابنرێت ناکۆک بێت لەگەڵ بنەماکانی دیموکراسیدا، ئایا کێشەیەکی گەورە بەدیدەکرێت لەم مادەیەدا بەهەمانشێوەی ئەو کێشەیەی لە دەستووری عێراقدا هەیە؟

* لەگەڵ پێشکەوتنی پیشەسازیی لە ئەوروپا، ئازادیی گشتیی لە بوارە جیاجیاکاندا بووە خواستێک‌و پێویستییەکی گرنگ بۆ ئەوەی هەموو وزەو توانایەک بخرێتەگەڕ لەپێناو بەرهەمهێنان، بۆیە دیموکراسی وەکو چەمکێک لەپێناو دابینکردنی ئازادییو ڕێگرتن لە دەسەڵاتی ئایینی مەسیحیی لە سەرەتاکانی سەدەی هەژدەدا هاتەکایەوە، پاش ئەوەی کەنیسە کۆنترۆڵی هەموو بوارەکانی ژیانی کۆمەڵانی خەڵکی کردبوو، ئەوەش هۆکارێکی سەرەکیبوو بۆ ئازادیی ڕادەربڕین‌و ڕێگەدان بە بەشداریی ژنان شانبەشانی پیاوان لە بوارە جیاجیاکانی ژیاندا، ئەوەش بووە هۆی سەرهەڵدانی سەندیکاو لایەنە سیاسییەکان‌و سیستمی پەرلەمان‌و دارشتنەوەی یاساکان‌و ڕێزگرتن لە ئازادیی تاکەکەس، ئەگەر ئایینی مەسیحیی ڕێگە بە گۆڕان دەدات بە گوێرەی مەرجەکانی سەردەم، ئەوا ئایینی ئیسلام وەک ئایینێکی (نەگۆڕو پیرۆز) گۆڕان بە لادان دەزانێت لە بنەماکانی‌و جەخت لەسەر گەڕانەوە بۆ سوننەت‌و شەریعەت دەکات، کە بە هیچ جۆرێک یەکناگرنەوە لەگەڵ دیموکراسیدا، نەگۆڕەکانی ئیسلام واتا پەیڕەوکردنی قورئان‌و وتەکانی موحەمەد کە لە هەمانکاتدا وەک دەقێکی پیرۆز سەیر دەکرێن کە پێش هەزارو پێنجسەد ساڵ لەمەوبەر دارێژراون بۆ کۆمەڵگەیەکی خێڵەکی لە نیمچەدورگەی عەرەب، بە هیچ شێوەیەک خاڵی هاوبەشیان نییە لەگەڵ نەگۆڕەکانی دیموکراسی‌و بگرە دوو لایەنی دژ بە یەکن.

لە ڕاستیدا ئەو مادەیە لە سەر لەخۆتێکدان زیاتر هیچیتر ناداتە دەستەوە. هەمان ئەو هەڵەیەی لە دەستووری عێراقدا هاتووە دووبارەبووەتەوە، پێموایە لە سەرلێشێواندن زیاتر هیچی لێ هەڵناکرێت‌و مەبەستی سەرەکییش لێی تەنیا ڕاگرتنی باڵانسی سیاسییو ڕازیکردنی لایەنە ئیسلامییەکانی ناو پەرلەمانی کوردستانە. دیارە سەرباری ئەوەش لایەنە ئیسلامییەکان هەڕەشەی سکاڵاکردنیان دەکرد لە دادگای فیدراڵیی عێراق، کە گوایە ئیسلام بە ئایینی فەرمیی هەرێم لە دەستووردا نەناسێنراوە. پێویستە ئاماژە بەوە بکەم کە ئایینی ئیسلام کە وەک ئایینێکی پیرۆزو نەگۆڕ لەلایەن ئیسلامییەکانەوە دەناسرێت‌و کاتێک دەستووریش ئیسلام بە سەرچاوەی بنەڕەتی یاساکانی دەخاتەڕوو، واتا ئەو دەستوورو یاسایانە ناکرێت بە هیچ شێوەیەک بگۆڕدرێن کە لەگەڵ بنەما نەگۆڕو پیرۆزەکانی ئیسلام نەیاتەوە. ئەگەر وابێت واتای لەگۆڕنانی دیموکراسی زیاتر هیچیتر ناگەیەنێت.

ڕۆژنامە: لەو دەستوورەدا هاتووە، پاش ڕەزامەندیی زۆرینەی دەنگدەرانی هەرێمی کوردستان لە ڕاپرسییەکی گشتییدا بەپەسەندکراو دادەنرێت، بەڵام ڕێژە دیارینەکراوە بۆ پەسەندکردن یاخود ڕەتکردنەوەی دەستوور؟

* ئەم مادەیە زۆر ڕاشکاوانە نەک هەر ئامانجی مادەکە خۆی، بەڵکو مەبەست لەو پەلەپروژێیەش کە کرا لە پەسەندکردنی پرۆژەکە لەلایەن پەرلەمانی ماوەبەسەرچوو هەوڵدان بۆ تێپەڕاندنی لەپێی دەنگدانی خەڵکەوە لەگەڵ هەڵبژاردنی پەرلەمان‌و سەرۆکی هەرێم دەردەخات. دەستەواژەیەی (زۆرینەی دەنگدەران) زۆر نابەجێ دەبینم بۆ پەسەندکردنی یاسایەکی بنەڕەتی وەک دەستوور، چونکە هیچ کاتێک ناکرێت پێشبینیی ئەوە بکەین کە زۆرینەی خەڵک بەشداریی دەکەن لە دەنگدان، گریمان بەشداربووان ڕێژەی (٥٪)ی دەنگدەرانی یاسایی خەڵکی کوردستان بوون، ئەو کاتە بەپێی ئەو مادەیە زۆرینەی ڕێژەی (٥٪)دا ڕەچاودەکرێت کە کەمینەیەکی زۆر کەمی هاوڵاتیان دەکات، بەپێی ئەوەش دەبێت دەستوور پەسەندبکرێت، مەبەستەکە ئاشکرایە کە تەنیا بۆ مسۆگەرکردنی تێپەڕاندنی پرۆژەکەو شەرعییەتدانە بە دەستوور، ئەمەش تەقەلایەکی دیکەی دەسەڵاتەلەپاڵهەوڵوتەقەلاکانی دیکەیەوە بۆ تێپەڕاندنی پرۆژەی دەستوورێکە کە مشتومڕێکی زۆری لێ کەوتووەتەوەو ڕەخنەی جۆراو جۆری شارەزایانو لایەنی سیاسییو توێژە کۆمەڵایەتییەکانی ئاڕاستەکراوە. لێرەدا ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت دەسەڵات دەیەوێت خۆڵبکاتە چاوی خەڵک، بە هەموو شێوەیەک هەوڵدەدات بەرژەوەندییەکانی خۆی بپارێزێت لەسەر حیسابی بەرژەوەندیی گشتیی کوردستان‌و دانیشتوانەکەی. ئەگەرنا، ئەوا پێویستی بەو پێچو پەنایانە نەدەکردو ڕێگەی یاسایی‌و ئوسوڵیی لای هەمووان ڕوونە.

د. سەلاحی گەرمیان

*** لە کەرکوک لەدایکبووە لە ساڵی (١٩٩٦)ەوە لە ئوسترالیا نیشتەجێبووە.**

*** هەڵگری بڕوانامەی دکتۆرا (PhD) یە لە بواری دەروونناسی.**

*** جگە لە کوردی بە زمانی ئینگلیزی‌و عەرەبی‌و فارسی‌و تورکی دەدوێت‌و وەردەگێڕێت.**

*** دەستەی دامەزرێنەری ناوەندیی «چاک»و ئەندامی دەستەی بەڕێوەبەری ئەو ریکخراوەیەیە.**

*** سەرۆکی ناوەندیی ڕۆشنبیری کوردی ئوسترالیایە.**

کورد لە تورکیا

ئا: هێمن لهۆنی

ڕای گشتیی بەسە بۆ چارەسەرکردن

بولەنت کێنێش

گرنگترین شت لە دەستپێشخەرییە دیموکراتییەکە، کە بۆ مەبەستی چارەسەرکردنی کێشەی کوردە بریتییە لە پێدانی زانیاریی دروست بە ڕای گشتییو بەدەستهێنانی پشتگیریی ئەوان بۆ پرۆسەکە.

خۆشبەختانە، ڕاپرسییەکان کە تائێستا ئەنجامدراون پاڵپشتییەکی گەورەی خەڵک بۆ پرۆسەکەی حکومەت پیشاندەدەن، لەگەڵ ئەمەشدا بەهۆی هەوڵەکانی پارتی کۆماری (جەهەپە)و پارتی میللی (مەهەپە)و میدیا پرۆ ئێستاکان کە لەڕێی گوتارە ناسیۆنالیزمو شۆفینیزمیەکانیانەوەو بە باسکردنی مەترسی دابەشبوونو جیابوونەوە نەیانهێشتووە پاڵپشتییەکەی ئەو پرۆژەیەی حکومەت زۆر جەماوەریی بێتو بەشێکی کۆمەڵگەیان لە دژی هاناداوە، ئێستا ئەرکی ئەندازیارانی پرۆسەکەو ئەو خەڵکانەیە کە پاڵپشتی دەستپێشخەرییەکە دەکەن کە ئەوانە تێبگەیەنن کە گومانیان هەیە لە پرۆسەکەو پێیان بڵێن، کە تەنیا لەڕێگەی دیموکراسییەوە ئاشتی دێتەدی، نەک مانەوەی ناکۆییەکان. هەروەها دەبێت ڕوونی بکەنەوە کە ئەوەی مەهەپەو جەهەپە دەیکەن هۆکارەکەی ئەوەیە کە هیچ چارەیەکی دیکەیان پێ نییە.

بەپێی نوێترین ڕاپرسیی کە لەلایەن سەنتەری کۆمپانیای ڕاپرسیی میترۆ پۆڵسازکراوە:زۆرینەی خەڵک پاڵپشتی پرۆسەی دەستپێشخەرییە دیموکراتییەکە دەکەن، بەپێی ڕاپرسییەکە کە لە گەرمەی مشتومڕەکاندا لەبارەی دەستپێشخەری کوردییەوە ئەنجامدراوە، دەریدەخات کە (٣١,٦٪) خەڵکی بە تەواوەتی لەگەڵ پرۆژەکەن، (٢١,٣٪)ی خەڵکیش پشتگیریی بەشێکی دەکەن، بەگشتیی (٥٣٪)ی هاوڵاتییانی تورکیا پاڵپشتی ئەو پرۆسە دیموکراتییە دەکەن.

بەپێی ئەنجامەکانیش دابەشبوونی خەڵکی لەبارەی ڕێزگرتن لە پرۆژەکەوە دەبینینو ناشتوانێت بڵێت ئەم وێنەیە بە تەواوەتی ڕاستە بەپێی لێکدانەوەی کۆتایی بوونی ڕێژەکە لە سەرووی (٥٠٪)وە شتێکی پۆزەتیڤە، ئەمەش بە لەبەرچاوگرتنی ئەو ڕاستییەی کە (١٥٪) بۆ (٢٠٪) دانیشتووانی تورکیا کوردن، لەگەڵ ئەمەشدا بوونی ڕێژەی (٤٣٪)ی لەدژی پرۆسەکە کەم نییەو خەڵکانێکی زۆرن، بۆیە دەبێت حکومەتو ئەندازیارانی پرۆسەکە لە هەوڵی ڕازیکردنیاندا بن.

بێگومان عاقڵانە نییە پێتوابێت دەتوانیت (١٠٠٪) پشتگیریی جەماوەر بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کورد بەدەستبهێنیت. کێشەیەک کە بووبوویە هێلانەی تیرۆریستان لە ماوەی (٢٥) ساڵی ڕابردوودا چەندین چیرۆکی تراژیدیان پیشانی گروپە جیاوازەکانی کۆمەڵگە دا. ئەو ڕێژەیەی ئێستا پشتگیریی لە پرۆسەکە دەکەن جێگەی تەقدیرە. حکومەتیش لەم کاتەدا پێویستی بە گوتارێکی عەقڵانی هەیە کە بتوانێت گومانەکانی پرۆسەکە بڕەوێنێتەوە، بەڵام هیچ کاتێکیش نابێت چاوەڕێی ئەوەبکەین کە ئاراستەی پرۆسەکە بە ئاقاری حەساسییەتەکانی ئۆپۆزسیۆندا ببرێت.

گوتارەکانی مەهەپەو جەهەپە لە ئێستادا گوتارگەلێکی فاشیستین، چونکە ئەوەی تائێستا دەبینرێت لە پرۆسەکە تەنیا خواستی حکومەتو چەند کەسێکی دەوڵەتەو هیچ شتێک لە پلانەکە ئاشکرانەکراوە، بەڵام لە گوتارەکانی ئەوان دەردەکەوێت، کە مەهەپەو جەهەپە دەیانەوێت لەبری ئاشتی جەنگ بەردەوام بێتو لەبری چارەسەریش کێشەکان بمێنەوە.

ئەو هەڵوێستانەی مەهەپەو جەهەپە کە لە سەرەتاوە مەبەستەکەی دیارەو بریتییە لە مانەوەی «خوێنڕشتن نەک چارەسەرکردن»، خۆشبەختانە لەلایەن جەماوەرەوە پشتگیرییەکی ئەوتۆی نییە هەر بەپێی ڕاپرسییەکەی میترۆ پۆل (٦٣٪)ی هاوڵاتییان ڕازینین بە هەڵوێستەکانی جەهەپەو سەرۆکەکەی دێنیز بایکاڵ، هەروەها (٦٠٪) بەهەمانشێوە بۆ مەهەپەو سەرۆکەکەی دەڤلەت باخچەلی بەشێوەیەک ئەوانەشی دەنگی بۆ ئەم پارتانەداوە لەگەڵ بۆچوونی ئێستای پارتەکانیان نین، چونکە لەدواییین هەڵبژاردنەکاندا جەهەپە (٣٣٪)و مەهەپە (٢١٪)ی بەدەستهێناوە.

بەپێی ڕاپرسییەکە (٩٥٪)ی جەماوەری پارتی کۆمەڵگەی دیموکراتی کوردی (دەتەپە)و (٦٥٪)ی جەماوەری پارتی دادو گەشەپێدان (ئەکەپە) لەگەڵ پرۆسەکەدان دژەکانی پرۆسەکە بێگومان لە جەماوەری مەهەپەو جەهەپە سەرچاوە دەگرێت، بەم شێوەیە (٦٧٪)ی جەهەپەو (٥٩٪)ی مەهەپە لەگەڵ پرۆسەکەدا نین، بەڵام لێرەدا ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کە (٣٧٪)ی جەماوەری جەهەپەو (٣١٪)ی جەماوەری مەهەپە ئەگەر بە تەواوەتیش نەبێت لەگەڵ دەستپێشخەرییە دیموکراتییەکەدان.

لای ڕاڤەکارانی سیاسیش ڕوونە کە هەڵوێستە دژەکانی مەهەپەو جەهەپە بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کورد کە کاریگەریی هەیە لەسەر هەر تاکێکی تورکیا بە کوردو تورکەوە بۆ بردنەوەی دڵی جەماوەر لە هەڵبژاردنەکانی داهاتوودا، ئەکەپە پێویستە بێوچان بەردەوام بێت لە پرۆسەکە بێگوێدانە کارەکانی ئەو دوو پارتە (جەهەپەو مەهەپە) کە بۆ بەرژەوەندیی حیزبییان گوێ نادەنە بەردەوامیی خوێنڕشتن، لە گشت ئاستەکاندا لاوازیی پیشاننەدات.

هەر لە ڕاپرسییەکەدا کۆمەڵێکی زۆر پێیانوایە، کە ئەکەپە لەم پرۆژەیەدا دڵسۆزە کە هیچ دوور نییە لە داهاتوودا ببنە جەماوەری ئەو پارتە ئەگەر سەرکەوتن لەم دەستپێشخەرییەدا بەدەستبهێنێت. (٧٣٪)ی دەتەپە، (٦٠٪)ی پارتی سەعادەت،(١٨٪)ی جەهەپە،(٢٢٪)ی مەهەپە، لەو باوەڕەدان کە ئەکەپە دڵسۆزو ڕاستگۆیە.

بە کورتی ئەگەر ئەکەپە بەردەوام بێت لەم هەوڵەی بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کوردو گوێنەدانە هەڵوێستەکانی ئۆپۆزسیۆن، ئەوا دەبێتە خاوەنی دەستکەوت هەم بۆ خۆی هەم بۆ وڵات.

TODAYS ZAMAN

تورکیاو کورد، کاتی ئاشتی؟

The Economist

لە مانگی پێنجی ساڵی (١٩٢١)دا کەمال ئەتاتورک، باوکی تورکیای مۆدێرن، بە پەرلەمانی تازەدروستبووی ئەو کاتەی ڕاگەیاند: «لە باکووری کەرکوک، کوردی لێیە هەروەک چۆن تورکی لێیەو ئێمە هیچ کاتێک جیاکاریی ناکەین لە دژیان»، بەڵام لەماوەی (٨٠)ساڵی ڕابردووی تورکیادا ئەو کوردەی بوێربوایە لەدەربڕینی ناسنامەی خۆی، ئەوا تووشی داپڵۆسینو دەرکردن لە گوندەکەیو لێدانو کوشتن دەبووەوە.

کوردەکانیش لەبەرامبەردا دەستیانکرد بە هەڵگەڕانەوەو کاری چەکداریی، بەڵام هیچیان وەک هەڵگەڕانەوەکەی ساڵی (١٩٨٤)ی پارتی کرێکارنی کوردستان(پەکەکە) توندوتیژنەبوون. کە تائێستا زیاتر لە (٤٠٠٠٠)کەس کوژراون کە زۆربەیان ئەندامی پەکەکەن، کە بەهۆی هێرشەتیرۆریستییەکانیانەوە بە ملیارەها دۆلار زیانیان لە دەوڵەتی تورکیا داوە، ئەمە جگە لەوەی وێنەی نێودەوڵەتی ئەو وڵاتەی ڕووشاندو بووە لەمپەر لەوەی تورکیا ببێتە دەوڵەتێکی دیموکراسیی تەواو.

حکومەتە یەک لەدوای یەکەکانی تورکیا مامەڵەکردنیان لەگەڵ کێشەی کورددا پشتگوێدەخست، تەنیا هۆکاریش ئەوەبوو، لەلایەن هەڵۆ ژەنەڕاڵەکانەوە نەوەستێنرێن، بەڵام ئێستا کەشوهەوایەکی نوێ هاتووەتەکایەوە کە هیوای چارەسەرکردنێکی درێژخایەنی هەڵگرتووە بە سەرکردایەتی سەرۆک وەزیرانی تورکیا، ڕەجەب تەیب ئەردۆغان ئەو سەرۆک وەزیرانەی کە داهاتووی سیاسیی خۆی خستووەتە مەترسییەوە بەهۆی ئەم کێشەیەوە.

لەسەرەتای ئەم مانگەداو لە وتارێکی گرنگدا لە پەرلەمان، ئەردۆغان بە چاوێکی فرمێسکاوییەوە باسی ئازاری ئەو دایکە تورکو کوردانەی دەکرد کە ڕۆڵەکانیان لەدەستدەدەن بەهۆی ئەم ناکۆکییەوە. وەزیری ناوخۆکەشی بەشیر ئاتالای دەستیکردووە بە جموجۆڵەکانی لەگەڵ سیاسییەکانو کەسە مەدەنییەکان بۆ بەدەستهێنانی یەکدەنگیی لەبارەی پلانە ڕانەگەیەنراوەکەی حکومەتی تورکیاوە. هەر سەرەتای ئەم مانگە، ئەرۆدغان خۆشی کە هەمیشە پارتی کۆمەڵگەی دیموکراتی بە باڵی سیاسیی پەکەکە تۆمەتباردەکرد، چاوی کەوت بە سەرۆکەکەی، ئەحمەد تورک.

وەک دەڵێن پلانەکەی حکومەتی تورکیا بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کورد بریتی دەبێت لە لابردنی گشت بەربەستەکانی بەردەم بەکارهێنانی زمانی کوردیو گەڕانەوەی ناوە کورددییەکان بۆ گوندەکانیانو کردنەوەی کۆلێژی کوردی لە زانکۆکانو هەموارکردنی ئەو یاسایانەی کە چەندین گەنجی کوردی بەرەو زیندانەکان ڕاپێچدەکرد، تەنیا بەوەی دروشمی پەکەکەیان دەوتەوە.

«ئەمجارە حکومەت بزنسێکی ڕاستەقینە دەکات»

ئەمە وتەی هێنری بارکەی ئەکادیمی ئەمریکیو توێژەرە لەبواری کورددا کە بە ئیکۆنۆمیستی وتووە.

لە شاری گەورەی کوردنشینی باتمان موفید ئاغایە کە کوڕەکەی لە نێو ئەو هەزارەها کوردەدایە کە بێسەروشوێن بوون لە گەرمەی کێشەکەدا لە ساڵی نەوەدەکاندا، هاوڕایەو دەڵێت: «ئێستا هیوام هەیە کە سۆراغی کوڕەکەم بکەم بەزیندوویی بێت، یان بەمردوویی»، لە دیاربەکری پایتەختی دیفاکتۆی هەرێمی کوردیش کە زیندانییەکان بۆیەکەمجار لەوێ ئیفادەیان لێوەردەگیرێت، چەند دروشمێک لەسەر شەقامەکان دەبینرێت کە تێیاندا نووسراوە (قیرەج نەکیین) واتە خۆڵمەڕێژن، ئەو دروشمانەی کە پێشتر چەندین لێپرسراوی ئەو شارەی لەسەر گیراوە.

فێڵاویترین بەشی پلانەکەی ئەردۆغان، بریتییە لە چۆنێتی ڕاگرتنی شەڕ بە پەکەکە بەبێ ئەوەی ئامادە بێت لەگەڵ سەرۆکەزیندانیکراوەکەیان، عەبدوڵڵا ئۆجەلاندا دانوستاندن بکات، کە هێشتا لە زیندانەکەیەوە کاریگەریی بەسەر پیاوەکانو ملیۆنەها خەڵکی کوردی ئاساییەوە هەیە. هەر لەئێستاشەوە هەندێک لەپارتەکانی ئۆپۆزسیۆن لەدژی پلانەکەی ئەردۆغان وەستاونەتەوەو بە خیانەت وەسفی دەکەن. ئاماژەکانیش وا پیشاندەدەن کە لە ڕێی دەتەپەوە حکومەتی تورکیا دەگاتە پەکەکە، هەر چۆن بەریتانیا لە ڕێی شین فینەوە گەیشتە سوپای کۆماری ئایرلەندی. ئەوەی ڕوونەو لەم کاتەدا کێشەیە ئەوەیە، کە ناتوانرێت ئۆجەلانێکی کاریگەر لەم نەخشەیە دەربهێنرێت. ئۆجەلان بە نیازە نەخشەی ڕێگای خۆی هەبێت بۆ ئاشتی. هەرچەند بەپێی ڕاپرسییەکان (٤٥٪)ی تورک پشتیوانی ئەرۆدغان دەکەن لەم هەنگاوەیدا، بەڵام هێشتا فێڵێکی ئاسان نییە گفتوگۆ لەگەڵ پەکەکە بکەیتو خەڵکەکەش ڕازیبکەیت لەو وڵاتەدا.

بەلایەنی کەمەوە ئێستا سوپا لەپشتی حکومەتە. هەرچەندە سەرۆکی فەرماندەی گشتیی سوپای تورکیا، ئێلکەر باشبوغ دژی تێکدانی یەکێتیی خاکی تورکیاو گۆڕینی ئیتنیکی دەستوورە، بەڵام بەهۆی هەوڵەکان بۆ کودەتاو ئۆپەراسیۆنە سەرنەکەوتووەکانیان لە دژی پەکەکە، وێنەی ژەنەڕاڵەکانیان شێواندووەو زۆربەی ئەوانەی کە دژی مامەڵەکردن بوون لەگەڵ کێشەی کورد، ئێستا لە کەیسی ئەرگەنەکۆندا دادگاییدەکرێن بەهۆی پیلان لە دژی حکومەت. ژەنەراڵ باشبوغیش ئەوەی نەشاردووەتەوە کە ڕێگەی سەربازیی تەنیا ڕێگەی چارەسەری کێشەی کورد نییە.

کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکاش لە عێراق یارمەتیدەرێکی دیکەن بۆ حکومەتی تورکیا، چونکە کوردەکانی عێراق لە غیابی ئەمریکادا بۆ پاراستنیان دەگەڕێنەوە بۆ تورکیاو لە بەرامبەریشدا دەتوانن جوڵەی نزیکەی (٣٠٠٠-٥٠٠٠)چەکداری پەکەکە کە لەو ناوچەیەدا جێگیرن، سنووردارباکەن. هەروەک کوردەکانی عێراق دەتوانن یارمەتیدەربن لە چەک پێدانانی پەکەکەو گەڕانەوەیان بۆ تورکیا لەژێر لێخۆشبوونێکی تورکیدا.

داهاتووی تورکیا لە داهاتووی سیاسیی ئەردۆغان زیاتر لەمەترسیدایە. نەوەیەکی تووڕەو ڕادیکاڵی کورد بەڕێوەیە کە پێدەچێت بە پەکەکەش کۆنترۆڵ نەکرێت، بۆیە دەستپێشخەرییەکەی ئەردۆغان تەنیا وەڵامی گوشارەکانی یەکێتیی ئەوروپا نییە، بەڵکو کێشەیەکی گەشەکردووی ناوخۆی ئەو وڵاتەیەو چەندێک لەسەر شانی پەکەکەو هاوپەیمانەکانیەتی ئەم پلانە سەرکەوتوو بێت، ئەوەندەش لەسەر شانی حکومەتە. کارێکی ئاسان نییە، بەڵام ئەردۆغان زەعیمەتی بەردەوامی پێوە دیارە، ئەگەر ئەو سەرکەوتووبێت وەک سێزگین تانریکوڵوی پارێزەر دەڵێت، ئەوا کوردەکان بە لێشاو پشتگیریی دەکەنو چیتر وتەکانی ئەتاتورکیش زۆر پیرۆز نامێنن.

فاینانشیاڵ تایمز: ئەرکی (گۆڕان) گۆڕینی کەمپەینە سەرکەوتووەکەیانە دژی پاوانخوازی، بۆ ئۆپۆزسیۆنێکی کاریگەر

دلفین ستروۆس

لە ڕاپۆرتێکی نوێیدا لەبارەی بارودۆخی هەڵبژاردنەکانی کوردستان ڕۆژنامەی فاینانشیاڵ تایمزی بەریتانی باس لەوەدەکات کە ئەنجامەکانی لیستی گۆڕان بالانسی هێزی لە کوردستان گۆڕیوەو بووەتە تەحەدییەکەی گەورەی بەردەم «دوو بنەماڵە» حاکمەکەی کوردستان:

ئەم نوکتەیە کە لە شاری سلێمانی، پێگەی ئۆپۆزسیۆنێکی نوێ بەربڵاوە، هاوشانە لەگەڵ ئەو بێئومێدییانەی کە لە هەڵبژاردنەکانی مانگی پێشوودا بینراو لە ئەنجامدا بە سەرهەڵدانی بەرەنگارییەکی ڕاستەقینە بۆ دوو خێزانە حاکمەکەی ئەو هەرێمە کۆتاییهات.

هەفتەی پێشووتر پەرلەمانی نوێی هەرێمی کوردستان بۆ یەکەمینجار کۆبووەوە بە بەشداریی سیاسییە ریفۆرمیستییەکانی گۆڕان کە (٢٥)کورسییان لە (١١١)کورسی هەیە.

ئێستا ئەرکی ئەوان بریتییە لە گواستنەوەی ئەو کەمپەینە سەرکەوتووەیان کە لە دژی پاوانخوازیی پارتەکانی دەسەڵاتدار گرتبوویانەبەر بۆ ئۆپۆزسیۆنێکی کاریگەر لەو هەرێمەی کە لەلایەن دوو بنەماڵەوە مۆنۆپۆڵکراوە.

پێشتر بالانسی هێز بە توندیی لەژێر دەسەڵاتی پارتی دیموکراتی کوردستان بە سەرۆکایەتیی مەسعود بارزانیو یەکێتیی نیشتمانی کوردستان بە سەرۆکایەتیی سەرۆکی عێراق جەلال تاڵەبانیدا بوو، ئێستاش لیستە هاوبەشەکەیان (کوردستانی) زۆرینەی پەرلەمان پێکدەهێنن.

«پێویستیمان بە ڕێکخستنی زیاترە» ئەمە وتەی محمەد تۆفیق ڕەحیم کەسی دووەمی لیستی گۆڕانە کە لە بنکەکەیان لە سلێمانی بە فاینێنشیاڵ تایمزی ڕاگەیاند.

چاودێرانی نێودەوڵەتیی هیوای ئەوە دەخوازن؛ گۆڕانکارییە سیاسییەکان ببنە یارمەتیدەری چارەسەرکردنی کێشەی نەوتو خاکی نێوان بەغداو هەولێر، کە بە گەورەترین هەڕەشە بۆ سەقامگیریی ئەو وڵاتە دادەنرێن.

ئەولەویەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان بریتییە لە گەیشتن بە ڕێککەوتنێک لەگەڵ بەغدا لەمەڕ کۆنتراکتە نەوتییەکان کە حکومەتی بەغدا دانی پێدا نانێت، سەرەڕای ئەوەی کە بڕیارە داهاتی نەوتەکەی هەولێر بچێتەوە ناوەند.

بەڵام ئەولەویەتی گۆڕان بریتیی دەبێت لە کێشەناوخۆییەکانی وەک گەندەڵیی و لەهەمانکاتیشدا وەک محەمەد تۆفیق ڕەحیم ڕایگەیاند: ڕەخنەیان لە پەلەکردنی بەرهەمهێنانی نەوتو غازی حکومەتی هەرێم هەیەو گەرمگردنی تەنگەژەکان لەگەڵ بەغدا بە پێویست نابینن.

ئەو وتی: «ئەم جۆرە حاکمانە پێویستیان بە دوژمن هەیەو ئەگەر دوژمن نەبێت ئەوا خۆیان دوژمنێکی خراپتر دروستدەکەن». هەروەها وتیشی: «دەبێت ئێمە سنووری خۆمان بزانینو ناتوانین لە بەغدا جیابینەوە».

پێناچێت دەرکەوتنی گۆڕان شتێکی نوێ بهێنێتەکایەوە لەبارەی مەترسییەکانی ناوچە کێشەدارەکان، بەتایبەتی شاری دەوڵەمەند بە نەوتی کەرکوک. فەلاح مستەفا، بەرپرسی پەیوەندییەکانی دەرەوەی حکومەتی هەرێم، ڕایگەیاند: «ئەو کێشەیە نزیکە لە دڵو عەقڵی هەموو کوردەوە، هەر حکومەتێک سازشی لەسەر بکات پاڵپشتیی جەماوەرەکەی دەدۆڕێنێت».

گۆڕان ناتوانێت بە ئاسانی گۆڕان لە ژیانی گشتیدا بکات، هەرچەندە لایەنگرەکانی دەنگیان بۆ ئەو مەبەستە پێداوە. دنیس ناتالی، ئەکادیمی ئەمریکی، لە نووسینێکدا لە ڕۆژنامەی سۆما دەنووسێت: «هەریەکە لە پارتیو یەکێتی دوو مەکتەبی سیاسیی کاریگەریان هەیە، کە کۆنترۆڵی سیستمەکەیانکردووە». ناتالی دەنووسێت: «تاکو ئەو سیستمە تەقلیدییە بمێنێتو لاوازنەبێت ئەوا گۆڕانی ڕاستەقینە ڕوونادات».

ئەگەر بۆ ماوەیەکی کەمخایەنیش بێت، ئەوا دەرکەوتنی نەوشیروان مستەفا، سەرۆکی لیستی گۆڕان، دەتوانێت نەخشەی سیاسیی کوردستان بگۆڕێت.

بەوتەی نیبراس کازم؛ تەنیا هۆکاری پێکەوەبوونی ئێستای سیاسیی کوردستان بریتییە لە تەمەنی جەلال تاڵەبانی، ئەو دەڵێت، «ئەگەر یەکێتی توایەوە بۆ گۆڕان، ئەوا کەرکوکییەکان داوای جیابوونەوە دەکەن لە حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ ئەوەی نەکەونە نێو ناکۆکییەکانی نێوان هەولێرو سلێمانییەوە».

و. هێمن لهۆنی

«لە ڕۆژێکدا (١٥)سەعات کارەبامان هەیە، (١٠) سەعاتیش ئازادیی قسەکردن، بەڵام (٢٤)سەعات گەندەڵیی»

لەپشت وێرانەوە لە بەغدا

دیفید اغناتیوس

لەپاڵ تێکچوونی بارودۆخی ئاسایش لە بەغدا، هۆکارێکی دیکەی نیگەرانیی لەئارادایە، سەرۆکی دەزگای هەواڵگری عێراقیی، کە هەموو ئەندامانی دەزگاکەی لەلایەن ویلایەتە یەکگرتووەکانەوە ڕاهێنانیان پێکراوە، لەدوای ململانێیەکی درێژخایەن لەگەڵ سەرۆک وەزیران نوری مالیکی، دەستی لەکارکێشایەوە، بەمەش وڵات لە جەنگەکەیدا لەگەڵ تیرۆری تایەفی لە یەکێک لە سەرکردە گرنگەکانی بێبەشبوو.

محەمەد شەهوانی کە لە ساڵی (٢٠٠٤)وە سەرۆکی دەزگای هەواڵگری عێراقە دەستی لەکارکێشایەوە، لەبەرئەوەی پێیوابوو سەرۆک وەزیران، نوری مالیکی، هەوڵی کەمکردنەوەی دەسەڵاتەکانی دەداتو ڕێگە بە سیخوڕە ئێرانییەکانیش دەدات بە ئازادیی کاربکەن.

واپێدەچێت دەزگای هەواڵگری (ئەمریکی)یش کە لە نەوەدەکانەوەو لەو کاتەوەی شەهوانی چووەتە دەرەوە لە نزیکەوە کاریان لەگەڵ دەکاتو بەسەدان مەلایین دۆلاری بۆ ڕاهێنانی ئەندامانی دەزگاکەی خەرجکردووە، دووچاری شۆک هاتبێت.

ڕووداوەکانی ئەم دواییەش ئەو بارودۆخە سەختەیان ئاشکراکرد، کە عێراق پیایدا تێپەڕدەبێت، ئەو بارودۆخەی بوویە هۆی دەستلەکارکێشانەوەی شەهوانی.

کۆی بارودۆخی ئەمدواییە نیشانیدا کە بەبێ پاڵپشتی ئەمریکا دەسەڵاتی عێراق دووچاری فشاری سەخت دەبێتەوە بەتایبەت لەلایەن ئێرانی دراوسێوە ڕووداوی هەڵکوتانە سەر بانکی ڕافیدەینی حکومییش لە ناوەڕاستی بەغدا، لە (٢٨)ی حوزەیران ، ئاماژەیەکی بەپەلەبوو.

وادیارە ئەوانەی ئەو کارەیان ئەنجامدا ئەندامانی سەر بە ئاسایشی عێراقین. چەکدارەکان هەڵیانکوتایە سەر بانکەکەو (٥,٦) ملیار دیناری عێراقیان دزی، نزیکەی (٥) ملیۆن دۆلاری ئەمریکی. دوای پێکدادانێک کە (٨) کوژراوی لێکەوتەوە چەکدارەکان ڕایانکرد بۆ ناو ڕۆژنامەیەک، کە عادل عەبدولمەهدی یەکێک لە جێگرەکانی سەرۆک کۆماری عێراق بەڕێوەیدەبات ناوبراو کە لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاوە نزیکە، دانی نا کە یەک لە دزەکان ئەندامی هێزی ئاسایشی تایبەت بە ئەوە، بەڵام هەر تێوەگلانێکی خۆی ڕەتکردەوە، بەڵام گومانەکرێت باقی پارەکەو هەندێک لە ئەندامانی گروپەکە لە ئێران بن.

یەکێکی دیکە لەو شتانەی شەهوانی نیگەرانکردبوو، هەڕەشەی سەر هێزەکانیبوو کە ژمارەیان (٦٠٠٠) ئەندامە. حکومەتەکەی مالیکی تائێستا فەرمانی گرتنی بۆ (١٨٠) ئەفسەری هەواڵگری دەرکردووە بە بیانووی تێوەگلانیان لە تاواندا، بەرەی شەهوانیش ئەمە بە تۆڵەیەکی سیاسیی دەزانن لە بەرامبەر بە ئەنجامگەیاندنی کارەکانیان. هەروەک لە بەرواری دامەزراندنی دەزگای هەواڵگری لە (٢٠٠٤) بەشێوەیەکی فەرمیی، نزیکەی (٢٩٠) ئەفسەری ئەو دەزگایە کوژراونو زۆربەشیان لەلایەن بەکرێگیراوانی دەزگای هەواڵگری ئێرانییەوە کراونەتە ئامانج.

دوای دەستلەکارکێشانەوەی شەهوانی، ئێستا سەرکردایەتیی دەزگای هەواڵگری ئەوەتا لەدەستی لیوا زوهێر فازیل، کە فرۆکەوانێکی پێشووە لە هێزی ئاسمانی سەردەمی سەرۆکی پێشوو سەدام حسێن، بەڵام دەوترێت هەندێک لەوانەی لەگەڵ فازیل کاردەکەن لەپێناو پاراستنی گیانیان بەرەو ئوردونو میسرو سوریا هەڵدێن، لەترسی ئەوەی لەلایەن بەکرێگیراوە ئێرانییەکانەوە بکرێنە ئامانجی تیرۆرکردن ئەگەر لە عێراق بمێننەوە.

بە ڕوودانی تەقینەوەی بارهەڵگرەکانیش لەبەردەم وەزارەتی دەرەوەو چەند دەزگایەکی دیکە لە (١٩)ی ئاب، هەرلەو مەرجو تێکچوونی بارودۆخی ئاسایشی عێراق گەیشتە لوتکە لەو تەقینەوەیەدا زیاتر لە (١٠٠) کوژراوو (٥٠٠) بریندار هەبوو، لەهەمانکاتدا جارێکی دیکەش بەڵگە لەسەر ئەوە دروستبوویەوە کە هاوکارییەک لەلایەن هێزەکانی ئاسایشی عێراقییەوە پێشکەش بە تیرۆریستەکان دەکرێت.

وەزیری دەرەوە، هۆشیار زێباری، دوای تەقینەوەکان ڕایگەیاند: «بوونی تێوەگلانێک لەلایەن هێزەکانی ئاسایشی عێراقییەوە بە دوور نازانمو پێویستە لەسەرمان ڕووبەڕووی ڕاستی ببینەوە، لە بارودۆخی ئاسایشی دوو مانگی ڕابردوودا تێکچوونێکی ئاشکرا هەبوو».

کەواتە سەرزەنشتی کێ بکەین لە پای ڕووداوانی ئەم قەسابخانەیە؟ بابەتەکە لە عێراقی ئەمڕۆدا لەبەردەم لێکدانەوەی پیلانگێڕانی تایەفیدا کراوەیە.

لەمبارەیەوە حکومەتەکەی مالیکی کە لەلایەن هاوپەیمانێتیەکی شیعەوە سەرکردایەتی دەکرێت، دانپیانانی یەکێک لە ئەندامە بەعسییە سوننەکانی بڵاوکردەوە بە ناوی (وسام علی کازمی ئیبراهیم) کە گوایە ئەو پلاندارێژەری تەقاندنەوەی بارهەڵگرەکانەو ئەو پلانەش لە سوریا ڕێکخراوەو بری (١٠,٠٠٠) دۆلاری بەخشیوەتە پاسەوانێکی ئاسایشی تا لە خاڵەکانی پشکنین تێپەڕببێت، بەڵام بەڵگەکانی تاوانەکە ئاماژەبە بوونی ڕۆڵێکی ئێرانی دەکەن بەپێی ڕاگەیاندنی سەرچاوەیەکی دەزگای هەواڵگریی عێراقیی نزیک لە شەهوانی، ئەو سەرچاوەیە دەڵێت: نیشانەی (سی-٤) بەسەر پاشماوەی تەقینەوەکانەوە هەیە هاوشێوەی ئەو تەقەمەنیانەیە کە دەستکردی ئێرانن و لە کوت و ناسریەو بەسرەو چەند شوێنی دیکەش لە شارەکانی دیکەی عێراق دۆزراوەنەتەوە لە ساڵی (٢٠٠٦)وە تائێستا.

ئەو سەرچاوەیەی دەزگای هەواڵگری وتی: «پەیوەندییەکانی نێوان ئێران و مالیکی زۆر بەهێزن، بەشێوەیەک کە سەرۆک وەزیرانی عێراق فرۆکەی ئێرانیی بە تیمی ئێرانییەوە بەکاردێنێت لەکاتی گەشتە فەرمییەکانیدا.

دەشوترێت ئێران هاوکاریی خۆی بە مالیکی ڕاگەیاندووە بۆ بردنەوەی حیزبەکەی (حیزبی دەعوە) بە ڕێژەی (٤٩) کورسی لەو هەڵبژاردنەی پەرلەمان کە لە کانوونی دووەمی داهاتوودا ئەنجامدەدرێت، ئەگەر بێتو مالیکی هەستێت بە ئەنجامدانی هەندێک گۆڕانکاریی لە حکومەتەکەیدا بەپێی خواستی ئێران.

لەگەڵ تێکچوونی بارودۆخی ئاسایشی عێراقیشدا هێزە ئەمریکییەکان تەنیا وەک تەماشاچی دەمێننەوە، تەنانەت لەو ناوچانەشدا کە لەوانەیە ئەندامانی گروپی قاعیدە تێیاندا چالاک بن وەک موسڵ، بۆ نموونە کە ئەمریکییەکان دەسەڵاتێکی سنووردارییان بەسەریدا هەیە، هەروەک تیرۆریستانی سەر بە سوننەش بە خێرایی لەلایەن هێزەکانی ئاسایشی عێراقییەوە ئازاد دەکرێن لە بەرامبەر بڕێک بەرتیل کە دەگاتە (١٠٠,٠٠٠) دۆلار بەپێی سەرچاوەیەکی عێراقیی.

لە وەڵامی پرسیارێکیشدا کە ئایا پێویستە لەسەر هێزە ئەمریکاییەکان لەپێناو گەڕاندنەوەی ئاسایشدا دەستوەردان ئەنجامبدەن؟ سەرچاوەکەی دەزگای هەواڵگری عێراقیی بە مەخابنەوە وتی: «واباشترە خۆیان بەدووربگرن تا پارێزراوبن» کاتێکیش پرسیاری لێکرا ئایا بارودۆخی وڵات پاش (٥)ساڵی دیکە چۆن دەبێت کاتێک هاوکارییە ئەمریکاییەکان نامێنن؟ ئازایانە وەڵامی دایەوە «ئەوکات عێراق دەبێتە کۆڵۆنییەکی ئێرانیی».

تەقینەوەکانی چوارشەممەی خوێناویی لە بەغدا — فۆتۆ: AP

لە شەرقولئەوسەتی لەندەنیەوە وەرگێڕانی: عەبدوڵڵا ڕێشاوی

تورکیا، میانگیرەکەی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست

شالاو فەتاح


وەلید موعەلیم

ئەحمەد داود ئۆغلۆ

هۆشیار زێباری

دواین هەوڵی بوون بە میانگیر

پەیوەندییەکانی نێوان تورکیاو عێراق هەر لەسەرەتای بوونیانەوە بەدەوڵەت هەڵکشانو داکشانێکی زۆریان بەخۆوە بینیوە، کێشەی سنووریش یەکێک بووە لەو کێشانەی کە هەمیشە بەربەستی بەرزکردنەوەی ئاستی پەیوەندییەکان بووە، سنوور چ لە کۆنداو وەک کێشەی وپلایەتی موسڵو چ لەئێستادا وەک کێشەی دالدەدانی سەربازانی پەکەکە لە عێراقدا، بەڵام لەلایەکی دیکەوە تورکیاو عێراق چەندین بەرژەوەندیی هاوبەش کۆیاندەکاتەوە، وەک گواستنەوەی وزەو ئاسایش.

بۆ زامنکردنی بەرژەوەندییە هاوبەشەکانیش هەوڵیانداوە هاوکاریی یەکتر بکەن، دواهەوڵیش لەلایەن تورکیاوە بۆ میانگیریکردنە لەنێوان سوریاو عێراقدا، دوای ئەوەی پەیوەندییەکانیان تێکچوونی بەخۆوە بینی. لێدوانو تۆمەتبارکردنی یەکدیو کێشانەوەی باڵیۆزەکان لەلایەن هەریەکە لە حکومەتی بەغداو دیمەشقەوەو ویستی ئەمریکا بۆ چەسپاندنی ئاسایش لەنێوان ئەو دوو لایەنەدا، وای لە تورکیا کرد دەستپێشخەریی بکاتو رۆڵی ناوبژیوان لەنێوان ئەم دوو وڵاتەدا بگێڕێت. ئەمەش دواین هەوڵی میانگیرییە کە وڵاتێکی خۆرهەڵاتی ناوەڕاستی وەک تورکیا لە کێشە ناوچەییەکاندا ببینێت.

تورکیاو بەهێزکردنی پێگەی خۆی لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا

پەیوەندییەکانی تورکیا لەسەر ئاستی دەرەوە بەرەو کراوەنەوەیەکی ئیجابی هەنگاویان ناوە، لەدوای هاتنە سەر حوکمی تۆرگۆت ئۆزال پەیوەندییەکانی نێوان تورکیاو جیهانی عەرەبی بەرەو باشی چوو، گۆڕانی ریشەیی لەم پەیوەندییانەدا لەدوای هاتنە سەر حوکمی حیزبی دادو گەشە دێت، ئەم حیزبە پەیوەندیی نێوان تورکیاو جیهانی عەرەبی بەهۆی بازرگانی پێشکەوتنی کلتوورییەوە بەشێوەیەکی بەهێز گەشەپێداوە، هەر بۆ نموونە تورکیا ئۆپەراسیۆنی سەربازیی لەگەڵ سوریا ئەنجامدەدات، سەربازانی تورکیا لەگەڵ هێزی ئاشتیی نێودەوڵەتی دەچنە خاکی لوبنانەوە، ئەمە لەکاتێکدا پێشتر تورکیا راستەوخۆ هیچ پەیوەندییەکی بە لوبنانەوە نەبوو.

هەر بۆ جوانکردنی وێنای خۆی، تورکیا یەکەم وڵات بوو کە هێرشەکانی (٢٠٠٦)ی ئیسرائیلی بۆ سەر لوبنان ئیدانە کردو دواتریش بەتوندی دژایەتی هێرشەکانی ئیسرائیلی کرد بۆ سەر غەززە، بەم هۆیەشەوە تورکیا وەک میانگیرو ناوبژیوان لەنێوان لوبنانو سوریا مامەڵەدەکات. بەتایبەت دوای ئەوەی تورکیا پەیوەندییەکی زۆرباشی لەگەڵ هەریەک لەو دوو وڵاتەدا دروستکردووەو وایکردووە کاریگەریی لەسەر گروپو لایەنە جیاوازەکان (بەتایبەت لوبنان) هەبێت، هەر بەم هۆیەشەوە وەزیری دەرەوەی تورکیا سەردانی هێزەکانی تورکیا دەکات لە باشووری لوبنان.

بوون بە میانگیر لەنێوان ئیسرائیلو سوریادا یەکێکی دیکەیە لە هەوڵەکانی تورکیا بۆ بەهێزکردنی نفوزی سیاسیی خۆی لەسەر حیسابی وڵاتانی دیکەی ناوچەکە، بەڵام ئەو هەوڵەیان شکستی هێنا، بەتایبەت دوای ئەوەی وەزیری دەرەوەی ئیسرائیل ئاشکرایکرد کە لە رێگەی تورکیاوە گفتوگۆ لەگەڵ سوریا ناکەن.

تورکیا چەندین هەوڵی دیکەی بە ئاراستەی ئەورووپا، بالکانو قوبرسدا هەیە، بەڵام هەوڵەکانی زیاتر لە رێی ناتۆو هێزەکانی پاراستنی ئاسایشەوە لەو ناوچانە ئەنجامدەدات، ئەورووپاش هەمیشە ترسی لەزیادبوونی نفوزی تورکیا هەبووە، بەپاساوی هەوڵدان بۆ زیندووکردنەوەی دەسەڵاتو حوکمرانی ئیمپراتۆرییەتی عوسمانی، بەتایبەت لەو وڵاتانەی کە تورکزمانی تێدایە.

تێکچوونی پەیوەندییەکانی نێوان سوریاو عێراق

تەقینەوەکانی ئەم دواییەی عێراق کە بووە هۆی کوشتنو برینداركردنی زۆرێک لە هاوڵاتیان، ئەمە جگە لە کەمبوونەوەی متمانە بە حکومەتەکەی نوری مالیکی کە پەیمانی پاراستنی ئاسایشی بە هاوڵاتیانی عێراق دابوو لەدوای کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکاو متمانەی ئەوەی دروستکردبوو کە هێزەکانی ئاسایشو پۆلیسی عێراق توانای پاراستنی ئاسایشی ناوخۆیان هەیەو پێویست بە مانەوەی هێزەکانی ئەمریکا ناکات.

تەقینەوەکان بەدیوێکی دیکەدا واشنتۆنی نیگەران کرد، چونکە بەردەوامیی تەقینەوەکان ئەوە دەگەیەنن کە عێراق جێگیر نییە، ئەمەش مانای ئەوەیە کە (کشانەوەیەکی بەرپرسیارانە) جێبەجێ نەکراوەو ئەمریکا نەیتوانیوە جێگیرییەکی سیاسیی دروستبکاتو ئامانجەکانی لە عێراقدا بهێنێتەدی.

هەر دوای تەقینەوەکانیش لەلایەن حکومەتی عێراقەوە چەند لایەنێک بەتێکدانی ئاسایشی عێراق تۆمەتبارکران، لەنێو ئەو لایەنانەشدا سوریا پشکی شێری هەبوو، چونکە سوریا نشینگەی بە حیزبی بەعسی هەڵوەشاوەی عێراق بەخشیوەو ئەندامانی حیزبەکە چالاکییەکانیان لەو وڵاتەدا بە ئاسانی بەڕێوەدەبەنو تەنانەت لێدوان دەدەنو سەرۆک وەزیرانی ئێستای عێراق بە (خیانەتکار) ناوزەد دەکەن.

هەر لەدوای تەقینەوەکان، حکومەتی عێراق سوریای تۆمەتبارکرد بە پەناگەی گروپە لایەنگرەکانی ئەلقاعیدەو بەعسی پێشووی عێراقو رایگەیاند، ئەو گروپانە تەقینەوەکەی (٨/١٩)یان ئەنجامداوە. نوری مالیکی، سەرۆک وەزیرانی عێراقیش داوای لە حکومەتی سوریا کرد کە گومانکارەکان دەستگیربکات، عەلی موسەوی، راوێژکاری سیاسیی نوری مالیکیش لە لێدوانێکیدا رایگەیاند «عێراق سکاڵا لە دزەکردنی چەکدارەیاخیبووەکان لە سنووری وڵاتە عەرەبییەکانەوە دەکات». هەرئەمەش بووە هۆی ئەوەی سوریا باڵیۆزی خۆی لە عێراق کێشایەوەو باڵیۆزی عێراقیش لە سوریا کشایەوە، ئەمەش بووەتە هۆی دروستکردنی کەشێکی نەگونجاو لەنێوان ئەو دوو وڵاتەدا.

ئەمریکاو ئێران ئاشتی دەخوازن

کاردانەوەی جیهانیی بەتایبەت لەلایەن ئەمریکاوە بەرامبەر تێکچوونی پەیوەندییەکانی نێوان سوریاو عێراق ئیجابی بوو، هەروەک عەلی دەباغی وتەبێژی رەسمیی حکومەتی عێراق رایگەیاند، ئەوە کاری ئەمریکا نییە لەکێشەی نێوان سوریاو عێراقدا خۆهەڵبقورتێنێت، واشنتۆن بەبێلایەنی دەمێنێتەوە، بەڵام هیواخوازە کە سوریاو عێراق لە رێگەی دیالۆگەوە کێشەکانیان چارەسەر بکەن. لە لێدوانێکدا بۆ رۆژنامەنووسان یان کێلی، وتەبێژی رەسمیی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا رایگەیاند، «ئێمە وەک مەبدەئێکی گشتیی، پێمانوایە دیالۆگ باشترین رێگەیە بۆ چارەسەرکردنی کێشە دوولایەنەکان».

لەبارەی ئەوەی کە عێراق سوریا تۆمەتبار دەکات بە پاراستنی ئەوانەی کە تەقینەوەکان ئەنجامدەدەن، کێلی رایگەیاند، «کاردەکەین لەگەڵ حکومەتی عێراقدا بۆ ئەوەی پلاندانەرانی ئەو تەقینەوە سامناکانە بدۆزینەوە».

لەبارەی دەستخستنە ناو کاروباری ئەو دوو وڵاتەوە بەهۆی کێشەی نێوانیانەوە، کێلی رایگەیاند، «ئەوە کێشەیەکی ناوخۆیی نێوان ئەو دوو وڵاتەیە، بەڵام ئێمە هیواخوازین کێشەکان بە دیالۆگ چارەسەر بکرێن».

هەوڵەکانی ئەمریکا بۆ نزیککردنەوەو بەهێزکردنی پەیوەندییەکانی نێوان سوریاو عێراق بووە لەدوای داگیرکردنی عێراق لەساڵی (٢٠٠٣)وە. لەلایەکی دیکەوە ژەنەراڵ رای ئۆدێرنۆی فەرماندەی هێزە سەربازییەکانی ئەمریکا لە عێراق رایگەیاند، ئەوان هێشتا گومانیان لە رۆڵی سوریا هەیە لەبارەی ئەم کێشەیەوە.

هەر لەبارەی کێشەکانی نێوان عێراقو سوریاوە، مەنوچەهر موتەکی، وەزیری دەرەوەی ئێران وەک رەخنەگرتنێک لە سوریا، داوای ئەوە دەکات، کە دراوسێکانی عێراق رۆڵێکی پۆزەتیڤ ببینن لە پرۆسەی سیاسییو جێگیرکردنی عێراقدا. موتەکی لە لێدوانێکداو لەگەڵ هاوتا عێراقییەکەیدا هۆشیار زێباری لە کۆنفرانسێکی رۆژنامەوانییدا دەڵێت، «ناجێگیریی عێراق بەتەواوەتی کاریگەریی دەبێت بۆ سەر ناوچەکەو پێویستە هەموو دراوسێکانی عێراق رۆڵێکی پۆزەتیڤ ببینن لە یارمەتیدان بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان لە عێراقدا»، ئەم لێدوانەی موتەکی لەدوای تێکچوونی پەیوەندییەکانو لێدوانو تۆمەتبارکردنەکانی سوریاو عێراق دێت بەهۆی تەقینەوەکانی ئەم دواییەی عێراقەوە.

ئەردۆغان لەنێوان ئەسەدو مالیکیدا

رۆڵی تورکیا لەم کێشەیەدا لەدوای پەیوەندییە تەلەفۆنییەکەی رەجەب تەیب ئەردۆغان، سەرۆک وەزیرانی تورکیا بە هەریەکە لە سەرۆکی سوریاو سەرۆک وەزیرانی عێراقەوە دەبێتە رۆڵێکی رەسمیی وەک میانگیر.

لە پەیوەندییەکی تەلەفۆنیدا ئەردۆغان کێشە هەرێمییەکانی نێوان سوریاو عێراقی لەگەڵ هەریەکە لە نوری مالیکی، سەرۆک وەزیرانی عێراقو بەشار ئەسەدی سەرۆک وەزیرانی سوریا باسکرد، ئاماژەی بە خراپبوونی پەیوەندییەکانی نێوان سوریاو تورکیا بەتایبەت پاش کێشانەوەی هەریەکە لە باڵیۆزی سوریا لە بەغداو باڵیۆزی عێراق لە دیمەشق. بەپێی هەواڵێکی سایتی (وۆڵد بولێت ئین) لەو پەیوەندییە تەلەفۆنییەدا هەر سێ لایەنەکە لە بەرئەنجامی خراپبوونی پەیوەندییەکان رێککەوتوون لەسەر میانگیریی تورکیا لەنێوان سوریاو عێراقدا بە سەردانی ئەحمەد داود ئۆغلۆی وەزیری دەرەوەی تورکیا بۆ گفتوگۆکردن لەگەڵ هەریەکە لە بەرپرسانی سوریاو عێراقو ئەم سەردانەی داود ئۆغلۆش وابریارە لەلایەن هەریەک لە بەشار ئەسەد سەرۆکی سوریا، لە دیمەشقو نوری مالیکی سەرۆک وەزیرانی عێراق، لە بەغدا پێشوازی لێبکرێت، پاشان لەگەڵ هەریەکە لە هاوتاکانی لە سوریا (وەلید موعەلیم)و عێراق (هۆشیار زێباری) کۆببنەوەو گفتوگۆ بکەن.

لەبارەی سەردانەکەی داود ئۆغلۆشەوە ئۆفیسی وەزارەتی دەرەوەی تورکیا رۆژی هەینی (٨/٢٨) رایگەیاند، سەردانەکە رۆژی دووشەممە (٨/٣١)دەبێت، بۆ زیادکردنی متمانەیە لەنێوان دراوسێکانی تورکیادا لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاست، بۆ ئەوەی ئاشتی لەو ناوچەیەدا جێگیر بێت. لەمبارەیەشەوە تورکیا هەمیشە هەوڵیداوە کە یارمەتی ناوچەکە بدات لە بەرەوپێشچوونی پەیوەندییەکان. داودئۆغلو بەتەنیا سەردانی ئەم دوو وڵاتە ناکات، بەڵکو وابریارە لەهەمان رۆژداو سەردانی کۆماری تورکیا لە باکووری قوبروس بکات. هەروەها دوای سەردانەکەی قوبروسیش، بە سەردانێکی دوو رۆژە بگاتە میسر بۆ تاوتوێکردنی پێشکەوتنە هەرێمییەکانی ئەم دواییە.

زانیارییەکانی ئەم راپۆرتە لە سایتەکانی (ئاژانسی فرانس پریس، وۆڵد بولێت ئین، ئەلعەرەبییە، تودەیس زەمان، زاویە)موە وەرگیراون.

عێراق داوای تەسلیمکردنەوەی بەعسییەکان لە سوریا دەکات

هاوڕێ عەبدوڵڵا

بەرپرسانی عێراق حکومەتی سوریا بە تێوەگلان لەتەقینەوەکانی ئەم دواییەی عێراق تاوانباردەکەن، ئەوەش بووەتە هۆی تێکچوونو ئاڵۆزبوونی پەیوەندییەکانی نێوان هەردوو حکومەتو هاوکات، ئەمریکاو تورکیا بوونەتە ناوبژیوانی نێوان هەردوولاو داوای ئاساییکردنەوەی گرژییەکانی نێوانیان دەکەن.

دوای کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا لەناو شارەکانی عێراق لە ٢٠٠٩/٦/٣١ جارێکی دیکە تەقینەوەکان سەریانهەڵدایەوەو تەنیا لەم مانگەدا زیاتر لە سەدان هاوڵاتی عێراقی بەهۆی ئەو تەقینەوانەوە بوونەتە قوربانیی، ئەوەی ئارامیی عێراقی هەژاندو بەرپرسانی حکومەتی عێراقی تووڕەو نیگەران کرد، تەقینەوەکانی (١٩و ٢٠و ٨/٢١)ی بەغداو بابل بوون، کە بەهۆیانەوە نزیکەی سەدان برینداروکوژراوی لێکەوتەوە. بەرپرسانی حکومەتی عێراق راستەوخۆ وڵاتانی دراوسێ بەتایبەت سوریا بە هۆکاری سەرەکی دەزانن لە خراپبوونی بارودۆخی ئەمنیی عێراقو دیمەشق بە پشتیوانیکردنی گروپە چکارییەکان تۆمەتباردەکەنو داوایان لەو وڵاتە کردووە ئەو بەعسییانەی دەستیان هەبووە لەتێکدانی ئارامیی عێراقدا، تەسلیم بە عێراق بکاتەوە.

دواتریش لە (٨/٢٥)دا حکومەتی عێراقی باڵیۆزی خۆی لەشاری دیمەشق بانگهێشتکردەوە، دوای ئەو هەنگاوەش حکومەتی سوریا باڵیۆزی وڵاتەکەی لە بەغدا گەڕاندەوە.

لە کۆتایی هەفتەی رابردوودا نوری مالیکی، سەرۆک وەزیرانی عێراق داوای لە بەرپرسانی حکومەتی سوریا کرد، ئەوانە لە وڵاتەکەیان بکەنەدەرەوە کە کاری تێکدەرانەیان لەعێراق ئەنجامداوە، لەو بارەیەوە وتی: «لێکۆڵینەوەکان گەیشتوونەتە ئەو دەرئەنجامەی کە ئەو تەقینەوانەی شاری بەغدا دەستێکی دیاری دەرەکییان پێوەدیارەو لەناوەوەی وڵات کاری لەم شێوەیەناکرێت، عێراقیش دەتوانێت کاری لەم شێوەیەی لە سوریا بکات، بەڵام ئێمە ئاشتیو ئارامیمان بۆناوچەکە مەبەستە نەک کاری تێکدەرانە».

هاوکات، عەلی دەباغ، وتەبێژی حکومەتی عێراق داوای لەحکومەتی سوریا کردووە، ئەو کەسانەی دەستیان هەبووە لەتەقینەوەکانی ئەم دواییەی شاری بەغدا، تەسلیمبکرێنەوە بە حکومەتی عێراق، وتی: «ئەنجومەنی وەزیرانی عێراق وەزارەتی دەرەوەی راسپاردووە، بۆ ئەوەی داوا لە ئەنجومەنی ئاسایش بکات، تاکو دادگایەکی نێودەوڵەتی بۆ داگاییکردنی تاوانبارانی جەنگ پێکبهێنێت کە پیلاندارێژەرو ئەنجامدەری تاوانەکانی جەنگن لە دژی مرۆڤایەتیو هاوڵاتیانی مەدەنیی عێراقی لە چوارچێوەی دادگا نیودەوڵەتییەکاندا، هاوکات فەرمانی بە هەردوو وەزارەتی دادو ناوخۆ داوە، تاوەکو دۆسییەی گەڕانەوەی ئەو پەنابەرە عێراقییانە رێکبخەن کە لە رووی تاوانەکانی تیرۆردا داواکراون».

عەباس بەیاتی، ئەندامی لیژنەی ئەمنو بەرگریی لە ئەنجومەنی نوێنەران رایگەیاند، حکومەت لیستێکی لە ناوی (١٠٠)کەس لە بەعسییەکانو ئەوانەی دەستیان هەبووە لە کردەوە (تیرۆریستییەکان) کە ئێستا لە سوریا دەژین، ئامادەکردووە.

فریاد رەواندوزی، بڕیادەری لیژنەی ئاسایشو بەرگریی لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقیش رایگەیاند: لەم دواییانەدا وڵاتانی دەورووبەری عێراق بەشێوەیەکی توند دژی عێراق وەستاونو پلانیان هەیە بۆ پشتیوانیکردنی گروپە تیرۆریستییەکانو بەعسییەکانو پارەیەکی زۆریان پێدەدەن، بەتایبەتی وڵاتانی (سوریا، سعودیە)، رۆڵی سەرەکییان هەیە لە ئەنجامدانی کردەوە تیرۆریستییەکاندا.

دوای تێکچوونی پەیوەندییەکانی بەغداو دیمەشق، بەرپرسانی ئەمریکا داوا لە هەردوو حکومەت دەکەن کە لەبارەی کێشەکانەوە پەنا بۆ گفتوگۆ ببەن.

ئیان کیلی لە وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا رایگەیاند: ئێمە وەک بنەمایەکی گشتیی، لەو بڕوایەداین کە هەموو کێشەیەک پێویستی بە گفتوگۆو چارەسەری ئاشتییانە هەیە، ئەو کێشەو نیگەرانییەی نێوان سوریاو عێراق کێشەی نێوخۆیی ئەو دوو وڵاتەیەو پێویستە هەردوولا بە گفتوگۆ چارەسەری بکەن.

هاوکات، حکومەتی تورکیا دەیەوێت رۆڵی ناوبژیوان ببینێت بۆ ئاساییکردنەوەی پەیوەندییەکانی دیمەشقو بەغدا، بۆ ئەو مەبەستەش سەرۆک وەزیرانی تورکیا پەیوەندیی بە بەرپرسانی هەردوولاوە کردووە.

هاوکات، بریارە ئەمڕۆ وەزیری دەرەوەی تورکیا بگاتە شاری بەغداو لەگەڵ بەرپرسانی حکومەتی عێراق کۆببێتەوە.

بەپێی بەیاننامەیەکی نووسینگەی رەجەب تەیب ئەردۆغان سەرۆک وەزیرانی تورکیا، پەیوەندیی بە نوری مالیکی، سەرۆک وەزیرانی عێراقو بەشار ئەسەد، سەرۆک کۆماری سوریاوە کردووەو داوای لێکردوون لەبارەی کێشەکانیانەوە گفتوگۆبکەن.

پرۆفیسۆرێکی زانکۆی ڤەنگاردی ئەمریکا:

ئەندام پەرلەمانێک بە دڵی لیستەکەی دەنگبدات رۆبۆتێکی بێعەقڵەو کەڵکی بۆ کەس نییە

نامۆ عەبدوڵڵا

٢-٢

رۆژنـامـە: کۆمەڵگەی ئێمە بە کۆمەڵگەیەکی زۆر خێڵەکی دادەنرێت. بە رای تۆ، لێرە تا چەند خێڵەکیبوون کاریگەریی لەسەر سیاسەتەکان هەیە؟

* کاریگەریی هەیە، بۆ نموونە بەهۆی خێڵەکییەتەوە دەبینیت ژمارەیەکی زۆر هاوسەرگیریی لە نێوان خزمەکاندا روودەدات، ئامۆزا ئامۆزا دەخوازێت، ئەم خێڵەکییەتەو دابڕانی خەڵک لە جیهانی دەرەوە کە لەناوخۆیاندا تەنیا خوازبێنی دەکەن، وادەکات گۆڕان بە سەر بیرکردنەوەدا نەیەتو پەیوەندییە خێزانیو ترادسیۆنییەکان توندو بەهێز رادەگرێت. ئەمە لە راستیدا دەبێتە هۆی دروستبوونی دواکەوتنو جێمانی کلتووریی، ئەمەش لە ناو دەچێت کاتێک کە جوڵانەوە دەستپێدەکەیتو خەڵکی دەرەوە دێنە ناوەوە، بۆ نموونە من ئەمریکییەکمو هاتووم ساڵێک لێرە بمێنمەوەو لە زانکۆی سەلاحەدین وانە بڵێمەوە، کاتێک دەبینیت خەڵک زیاتر دێنە ناوەوە بۆ ئێرەو خەڵکی ئێوەش دەچنە دەرەوە دەخوێنن لە ئەوروپاو لە ئەمریکا، کاتێک سەرنجەکان زیاتر دەبنو فیکری دەرەکیش زیاتر دێنە ئێرە، ئەم خێڵەکییەتە کەمدەبێتەوە، بەڵام رەنگە ماوەیەکی بوێت. لەکاتێکدا کاریگەرییەکانی کەمکرایەوەو خێڵەکییەت کەوتە ژێر تەحەداوە، ئەوەندە خێڵەکیبوونت لە کۆڵبووەوە ئیدی گەڕانەوەی زۆر قورسە، کاتێک وڵات بە عەلمانی کرا، زۆر قورسە بتوانیت بیگەڕێنیتەوە.

رۆژنـامـە: پێشنیازت چییە بۆ پەرلەمانتارە ژنەکان بۆئەوەی کاریگەربن؟

* پێویستە دیراسە بکەنو بخوێننەوە، دەبێت تێکەڵاویی لەگەڵ پەرلەمانتارەکانی وڵاتانی دراوسێدا دروستبکەنو سوود لە ئەزموونی ئەو وڵاتانە وەربگرن، کە بەهەمان قۆناغدا تێپەڕیون. نابێت کوێرانە بە گوێرەی ویستی حیزبەکانیان دەنگبدەن. دەبێت بزانن چ شتێک بۆ وڵاتەکەیان باشە، دەبێت بۆ خۆیان بریاربدەن. ئایا بەپەلە بڕۆین، یان بە هێواشی؟ ئایا ئازاری کلتوور دەدەم، ئەگەر بێتو یەکسەر دەنگبدەم بۆ ئەوەی سزای کوشتن دابنرێت بۆ ئەو کەسەی کە کچێکی خوار تەمەن (١٨)ساڵ لە سەر شەرەف دەکوژێت. ئایا ئەمە سزایەکی زۆر قورسە؟ یان دەبێت بە چەند قۆناغێکدا بڕۆینو بڵێین، تا ساڵی (٢٠١٢)گرفتی کوشتنی لەسەر شەرەف نامێنێت. بەم کارە تەواوی نەتەوە دەخەیتە چاوەڕوانییەوە. چۆن ئەم کارە دەکەیت؟ دەبێت لەو بارەیەوە گفتوگۆ بکەن. دەبێت بەیەکەوە کۆببنەوەو سەکۆیەکیان هەبێت، بەڵام کە دێتە سەر مەسەلەی دەنگدان، پێموانییە دەبێت عەقڵی خۆیان وەلا بنێنو بڵێن ئێمە وەکو لیست دەنگدەدین، پێموایە هەر ئەندام پەرلەمانێک واباشە کە بیرکەرەوەیەکی سەربەخۆ بێتو عەقڵی خۆی بەکاربهێنێت.

رۆژنامە: ئەگەر ئەندام پەرلەمانێک کە لەبەر مێینەیەتییەکەی لە لایەن خەڵکییەوە دەنگی پێدراوە، بە دڵی ژنان نەکات، پێدەچێت جاری داهاتوو بیباتەوە؟

* هێشتا من پێموانییە، ئافرەت دەبێت ئیرادەی خۆی بفرۆشێت، لەبەرئەوەی پارتێک خستویەتییە سەر لیستەکەی خۆی، لەسەر لیستەکەیە زۆر باشە، بەڵام ئایا دەبێت ببێتە کۆیلەی حیزبەکەی، چونکە حیزبەکەی خستویەتییە لیستەوە؟ ئەوکات دەبێتە رۆبۆتێکی بێعەقڵو وەکو هەموو ئەندامانی دیکەی لیستەکەی بەیەک شێوە دەنگدەدات. ئەو دەبێت ئەو عەقڵەی کە خوا پێیداوە بەکاریبهێنێت. زیرەکیو ویژدانی خۆی بەکاربهێنێت، ئەگەر نا بۆ هیچ کەسێک سوودی نابێت، باشترە دیراسەی مەسەلەکە بکاتو بەپێی عەقڵی خۆی هەڵیسەنگێنێتو دەنگبدات، ئەگەر نا هیچ داهاتوویەکی نییەو بێکەڵکە. متمانەو بوونی خۆت مەدۆڕێنە تەنیا لەبەرئەوەی خستوویانیەتە لیستەکەوە. ئا لێرەدا دیموکراسیی راستەقینە دەردەکەوێت، زۆرباشە تۆ ناوت خراوەتە لیستەکەوە، تۆ بەختەوەری، بەڵام ئێستا بەرپرسیارێتیی خۆت بەکاربهێنەو هەست بەوپەڕی بەرپرسیارێتیی بکەو هێندەی دەکرێت عەقڵو ویژدانت بەکاربهێنە، رەنگە بەم کارە شتێک بکەیت، بەڵام ئەگەر بەرپرسیارێتیتو بوونی خۆت ژیرانە بەکارنەهێنیت، ئەوا هیچ شایستەی ئەوە نیت هیچ کەسێک دەنگت پێبدات.

رۆژنـامـە: مەسەلە هەیە یەکنایەتەوە لەگەڵ پرەنسیپەکانی پارتێکی سیاسیی دیاریکراودا، وەکو پارتێکی عەشائیری رەنگە هاوڕا نەبێت لەگەڵ یەکسانیی تەواوی ژنو پیاو. تۆ دەتوانیت چی بکەیت؟

* ئەمە هەلە، ئێمە پێی دەڵێین هەل. لێرەدا تەحەدایەکی ئەخلاقیت رووبەرووبووەتەوە، کاتی ئەوەیە ژنەکە بڵێت، ئایا من ئێستا دەبێت خۆم فەرامۆش بکەمو رێگەبدەم خێڵ پێم بڵێت چی بکەو چی مەکە. لەم پۆستە بەشکۆیەدا، ئایا مل کەچ بکەم بۆ خێڵەکەم، لەکاتێکدا ئێستا من لە ژینگەیەکدام کە خێڵەکیی نییە، ئایا تا رادەیەک کەسێکی سەربەخۆ دەبمو رەخنەگرانە بیربکەمەوەو سوود لەو پۆستە نایابەم وەردەگرم کە هەمەو دەڵێم، رەنگە من سەر بەخێڵێک بمو لە خێڵێکەوە هاتبم، بەڵام من ئێستا لە ژینگەیەکدام کە خێڵەکی نییە، من ئێستا ئەندام پەرلەمانم نەک ئەندامێکی خێڵ، رەنگە تۆ پێت خۆش نەبێت، بەڵام من پەرلەمانتارمو وەکو پەرلەمانتار هەڵسوکەوت دەکەم. دەکرێت جاری داهاتوو دەنگم پێنەدەیت، بەڵام هەتا لێرەم عەقڵی خۆم دەکەمە پێوەرو بە گوێرەی دڵی پارتەکەم دەنگ نادەم. دەزانم ئەمە بوێرییەکی زۆری دەوێتو ناڵێم کارێکی ئاسانە، رەنگە کە کۆتایی هەفتە چووە ماڵەوە بکوژرێت، بەڵام ئەگەر بوێر نەبیت دیموکراسییەکەت درۆیە، ئەگەر کوردستان دەیەوێت ببێت بە وڵاتێکی راستەقینەی دیموکراسیی، ئەوا ژن دەبێت بتوانێت بڵێت، ئەم کۆمەڵگەیە خێڵەکییە یان نا، ئێستا من پەرلەمانتارمو پەرلەمان لە خێڵەوە سەرچاوە ناگرێت. خێڵەکییەت کۆنترۆڵی پەرلەمان ناکات، ئەندام پەرلەمانمو کارەکانی ئەندام پەرلەمانێک دەکەم، ئەگەر رۆیشتمەوە بەردبارانم بکەنو بمکوژن، ژنی دواتر کە شوێنی من دەگرێتەوە باشتر دەتوانێت وەکو پەرلەمانتار هەڵسوکەوت بکات.

رۆژنامە: وابزانم دەبێت دواییین پرسیارم بکەم، دەتەوێت چی ببینیت کە لە پەرلەمانی داهاتوودا رووبدات؟

* پێشبینیی چی دەکەم رووبدات؟ پێشبینی دەکەم دیالۆگێک لە پەرلەمانی ئەمجارەدا رووبدات، کە تائێستا هەرگیز نەبینراوە. پێشبینی دەکەم راستگۆیانە ئەو شتانە گفتوگۆی لەسەر بکرێت کەپێشتر راستگۆیانە گفتوگۆیان لەسەر نەکراوە. پێشبینی دەکەم (٣٩)پەرلەمانتار کە سێیەکی گەورەی پەرلەمانی ئێوەن، بە زۆر مەسەلەکان بخەنە سەر مێزی گفتوگۆو کۆڵ نەدەنو رووبەڕووی کێشەکان ببنەوەو چارەسەریان بکەن. ئەمە گرنگەو تەندروستەو چیتر نایەڵێت مەسەلەکان لە ژێر چمکی بەڕەکاندا بمێننەوە، پەرلەمانتاران ناوێرن لەمەسەلەکان هەڵبێن. چەندین شتی نوێ سەرهەڵدەدەن کە پێشتر هەڵیان بۆ نەڕەخساپوو بۆ ئەوەی سەرهەڵبدەن، ئەمە خاڵی دەسپێکێکی گەورەیە بۆ ئەوەی چارەسەرێک بۆ مەسەلەکان بدۆزینەوە.

عێراق قەرزدەکات

حکومەتی عێراق قەرز لەسندوقی دراوی نێودەوڵەتی دەکاتو راوێژکاری بانکی ناوەندی عێراقیش ئاماژە بەوەدەکات، قەرزەکە بۆ تێپەڕاندنی کێشە داراییەکانی عێراقە.

د. مەزهەرمحەمەد ساڵح، راوێژکاری بانکی ناوەندی عێراق رایگەیاند بۆ تێپەڕاندنی کێشە داراییەکانی، عێراق ملیارێکو ٨٠٠ ملیۆن دۆلار لە سندوقی دراوی نێودەوڵەتی وەردەگرێت.

وتیشی:«قەرزەکەتایبەتەبەگەشەکردنو بەرەوپێشچوونی ئابووری عێراق».

مەزهەر، ئاماژەی بەوەشکرد لە دواکۆبوونەوەی سندوقی دراوی نێودەوڵەتی بە ئامادەبوونی سەرجەم ئەندامەکانی رەزامەندی نیشاندرا بەپێدانی بڕی ملیارێکو ٨٠٠ ملیۆن دۆلار بەعێراق ئەوەش لەپێناو تێپەڕاندنو چارەسەرکردنی کێشە داراییەکانی عێراقە کە بەهۆی (رکود) ئەو متبوونە داراییەی جیهانی گرتووەتەوە رووبەڕووی عێراق بووەتەوە.

مەزهەر باسی لەوەشکرد، سندوقەکە بڕیاری راکێشانی ٢٨٣ ملیار دۆلاری داوە بۆئەوەی بدرێتە ئەو وڵاتانەی کە رووبەڕووی زیان بوونەتەوە.

راوێژکاری بانکی ناوەندی جەختی لەسەر ئەوەکردەوە ئەو پارەیەی سندوقی دراوی نێودەوڵەتی بە قەرز داویەتی بە عێراق دەتوانرێت کێشەی ئابووری پێ چارەسەربکرێتو سندوقەکەش لەبەرنامەیدایە قەرزی دیکە بداتە وڵاتانی ئەندامی سندوقی دراوی نێودەوڵەتی بۆ تێپەڕاندنی کێشە دارایی و ئابوورییەکانیان.

هەرچەندە سندوقی دراوی نێودەوڵەتی لەدوای پرۆسەی ئازادییەوە لەرووی داراییەوە هاوکارییەکی زۆری عێراقی کردووەو بڕێکی پارەی زۆری بەقەرز بە عێراق داوە، بەڵام پشکی عێراق لە سندوقەکەدا کەمتر ١٪ ە.

لێدوانەکانی راوێژکاری بانکی ناوەندیی عێراق لەکاتێکدایە کە بان کی مۆن، سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان رایگەیاند: لەدوای ساڵی ٢٠٠٣ەوە تائێستا لەسندوقی گەشەپێدانی عێراق بڕی ١٦٥ ملیار دۆلار دراوە بەعێراق.

سندوقی گەشەپێدانی عێراق کە بە بڕیاری ١٤٨٣ی نەتەوە یەکگرتووەکان دامەزراوە تایبەتە بە هەلگرتنی پارەی زیادەی نەوتی عێراقو ئەو پارانەی کە لەبەرنامەی نەوت بەرامبەر بەخۆراک ماوەتەوە لەگەڵ پارە بلۆککراوەکانی عێراق.

بان کی مۆن، لەچوارچێوەی راپۆرتێکیدا کە پێشکەش بە نەتەوە یەکگرتووەکانی کردووە تێیدا ئاماژە بەوەدەکات کە لەسندوقەکەدا بڕی ١٠ ملیارو٤٠٠ هەزار دۆلار لەبەرنامەی نەوت بەرامبەر بەخۆراکو ملیارێکو ٥٠٠ هەزار دۆلاری بلۆککراوی عێراقی تێدا ماوەتەوە.

سکرتێری نەتەوەیەکگرتووەکان ئاماژە بۆئەوەشدەکات هەرچەندەبەرەوپێشچوون لە جێبەجێکردنی یاسای دارایی لەعێراقدا رووبداوەو لەلایەن وەزارەتی نەوتی عێراقیشەوە چاودێریی خراوەتە سەر فرۆشتنی بەرهەمە نەوتییەکان، بەڵام هێشتا یاسای راگرتنی باڵانسی بەرهەمهێنانو دابەشکردنو ناردنە دەرەوەی نەوتی عێراق بەتەواوەتی جێبەجێنەکراوە، بەڵام بەپێی زانیارییەکان چاوەڕواندەکرێت لەساڵی ٢٠١١دا وەزارەتی نەوت ئەو سیستمە بەتەواوەتی جێبەجێ بکات.

بان کی مۆن، پێشیوابوو دەبێت بەهاوکاری لەگەڵ حکومەتی عێراقی چاودێری دارایی و کارگێڕیی سندوقی گەشەپێدانی عێراق بکرێت.

پرۆژەی قەرەبووکردنەوەکە دەخرێتە ئەستۆی حکومەتی عێراق

زیانە مادییەکانی جینۆسایدی کورد بە (٨) ملیار دۆلار دەخەمڵێنرێت

کەسوکاری ئەنفالکراوەکان

بەرهەم عومەر

ڕۆژی (٨/٢٦) وەزارەتی شەهیدانو کاروباری ئەنفالکراوان پرۆژەی خەملاندنی زیانەکانی جینۆسایدی گەلی کوردی ڕاگەیاند، کە تیایدا کۆی زیانە مادییەکان بە (٨) ملیار دۆلار خەمڵێنراوە.

بەڕێوەبەری گشتیی پرۆژەکانو وەبەرهێنان لە وەزارەتی شەهیدانو سەرپەرشتیاری ئامادەکردنی پرۆژەی قەرەبووکردنەوەکە، بەڕۆژنامەی ڕاگەیاند: وەکو قۆناغی یەکەم وەزارەتەکەیان حکومەتی عێراقی ئاگادارکردووەتەوە، کە (٨) ملیار دۆلار زیانی مادیی بە ناوچە جینۆسایدکراوەکان گەیشتووە، لە قۆناغی دووەمیشدا پرۆژەیەکی قەرەبووی لایەنە مرۆییەکانی پرۆسەی جینۆساید پێشکەشی بەغدا دەکرێت.

هەڤاڵ ڕەحمان، بەڕێوەبەری گشتیی و سەرپەرشتیاری ئامادەکردنی پرۆژەی قەرەبووکردنەوەی ناوچە جینۆسایدکراوەکان ئاماژەی بەوە کرد، کە وەزارەتەکەیان بۆ ئامادەکردنی ئەو پرۆژەیە ڕاوێژی بە چەندین پسپۆڕو شارەزای عێراقیو نێودەوڵەتیی کردووەو لەڕووی یاساییو زانستییەوە ئامادەسازیی باشی بۆ کراوە، لە نێو ئەو شارەزایانەدا (د.کازم حەبیب) یەکێکە لەو پسپۆڕانەی لە ئەڵمانیا دادەنشێتو عەرەبەو پێداچوونەوەی بۆ پرۆژەکە کردووە.

پرۆژەکە پشتی بەستووە بە دوو بنەمای یاسایی: یەکەمیان، بڕیاری دادگای باڵای تاوانەکانی عێراقە لە (٢٠٠٧/٩/٤)داو تەسدیقکراوە کە کورد جینۆسایدکراوە لە عێراقدا لە سایەی دەسەڵاتی بەعسدا، هەروەها بڕیاری سەرۆکایەتیی پەرلەمانی عێراق لە ڕۆژی (٢٠٠٧/٤/١٤)، کە لە (٢٠)ەمین ساڵیادی ئەنفالدا بەکۆی دەنگ داواکاریەکی وەزارەتی شەهیدانو ئەنفالکراوان پەسەندکراو تەسدیقکرا، کە گەلی کورد لە عێراقدا دووچاری جینۆساید بووەتەوەو پێویستە گەلی عێراق داوای لێبوردن لە کورد بکەنو قەرەبوویان بکەنەوە.

بەپێی مادەی (١١١و ١١٢)ی دەستووری عێراق، بەشێک لە داهاتی نەوتی عێراقو سامانە سروشتییەکان دەبێت تەرخانبکرێت بۆ قەرەبووکردنەوەی ئەو ناوچانەی کە لە ئەنجامی سیاسەتی حکومەتەکانی ڕابردوو زیانیان پێ گەیشتووە.

هەڤاڵ وتی: «وەزارەتەکەمان بە ئەرکی یاسایی خۆی هەڵساوەو لایەنی عێراقی لەو بڕە قەرەبووە ئاگادار کردووەتەوە، دەمێنێتەوە سەر حکومەتی عێراقیی، کە چۆنو کەی ڕەزامەندیی لەسەر بڕی پارەی دەستنیشانکراو دەکات بۆ ئەوەی مافی خەڵکی کیمیابارانکراوو ئەنفالکراو نەفەوتێت».

سەرپەرشتیاری پرۆژەکە هەروەها ئەوەشی خستەڕوو؛ کە ڕاپۆرتەکە زۆر بە وردیی لایەنی مادیی زیانەکانی دیاریکردووە بەپێی پێوەرە نێودەوڵەتییەکان لە بوارەکانی تەندروستیو نیشتەجێبوونو خوێندنگەو کەرتی کشتوکاڵیو خزمەتگوزاریی گشتیی.

بەگشتیی پرۆژەی قەرەبووکردنەوەکە نزیکەی (١٣٠) لاپەڕە دەبێتو بە هەرسێ زمانی (کوردی، عەرەبی، ئینگلیزی) نووسراوتەوەو قەرەبووەکان بۆ کێشەی نیشتەجێبوون بە (٢٠) هەزار یەکە بە بڕی (یەک) ملیۆنو (٤٠) هەزار دۆلار خەمڵێنراوە بۆ (٨٠) گوند، کە هەریەکەیان (٢٥٠) خانوو لەخۆدەگرێت، هەروەها لە بواری پەروەردەو فێرکردندا (٨٠) یەکە دیاریکراوە بۆ دروستکردنی کۆمەڵگەی پەروەردەیی لە (٨٠) گوند بە بڕی (٨٠٠) ملیۆن دۆلار.

کەرتی تەندروستی لە پرۆژەکەدا بڕی (٨٨٠) ملیۆن دۆلاری بۆ تەرخانکراوە، جگە لەوەی (٢٦٪)ی پارەکە بۆ بووژاندنەوەی کشتوکالییەو بڕی (٢) ملیارو (٨٠) ملیۆن دۆلاری بۆ دیاریکراوە، هەروەها خزمەتگوزارییە گشتییەکان (٤٠٪)ی پارەکەی بۆ دیاریکراوە، کە دەکاتە (٣) ملیارو (٢٠٠) ملیۆن دۆلار بۆ خزمەتگوزارییەکانی کارەباو ڕێگەوبانو بوارەکانی دیکە لە (٨٠) گوند.

نادر ڕۆستی، بەڕێوەبەری توێژینەوەو ئامار لە وەزارەتی شەهیدانو کاروباری ئەنفالکراوان، وتی: «وردەکاریی بڕیاری خەرجکردنی ئەو پارەیە لەلایەن حکومەتی عێراقەوە دەدرێت، ئەو کاتە یان پشت دەبەستن بە پرۆژەکەی ئێمە یان میکانیزمی دیکە دەگرنەبەر بۆ خەرجکردنەوەی».

نادر ڕایگەیاند: قەرەبووکردنەوەی ناوچە جینۆسایدکراوەکان بەشێوەی بژاردنەوەی ڕاستەوخۆو ناڕاستەوخۆ دەبێت، بە دروستکردنی گوندی هاوچەرخو نەخۆشخانەو قوتابخانەو پرۆژەی کشتوکاڵیو خزمەتگوزاریی گشتیی.

جێبەجێکردنو قەرەبووکردنەوەی ناوچە جینۆسایدکراوەکان بۆ ماوەی (٥) ساڵەو تیایدا تەنیا زیانە مادییەکان خەمڵێنراوە، بەڵام کەسوکاری شەهیدانو ئەنفالکراوان ئەو پارەیە وەرناگرن، چونکە بەپێی یاسای دادگای باڵای تاوانەکان لە عێراق دەبێت ئەو واریسانە لەو دادگایە سکاڵا تۆمار بکەن لەسەر زیانە گیانییەکانی جینۆسایدکردن، ئەو کاتە بەپێی پێوەرە نێودەوڵەتییەکان قەرەبووی ئەو کەسانە دەکرێتەوە.

ئا: محەمەد ساڵح حەمەلاو

تائێستاش ڕێکەوتنامەکەی نێوان هەرێمو ئێران کاری پێناکرێت

هەرچەندە ڕێککەوتن لەنێوان هەرێمی کوردستانو کۆماری ئیسلامی ئێراندا هەیە بۆ ڕێگەدان بە چوونە ناوەوەی ئۆتۆمبێلی بچووکو بارهەڵگر، بەڵام تائێستا لایەنی ئێرانی پابەندی ئەو ڕێکەوتنە نینو ڕێگە بە چوونە ناوەوەی ئۆتۆمبێلی بچووک بۆ ناو خاکی ئێران نادەن.

لیوا موحسین عوسمان، بەڕێوەبەری گشتی ڕەگەزنامەو پاسپۆرتو نشینگەی سلێمانی بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: «ماوەیەکی زۆرە ئێمە لەهەوڵی ئەوەداین لایەنی ئێرانی ڕازی بکەین بەوەی کە ئۆتۆمبێلی عێراقی بتوانێت لەدەروازە سنوورییەکانەوە بەرەسمی بچنە خاکی ئێرانەوە، بەڵام تائێستا لایەنی ئێرانی ڕازی نەبوون».

وتیشی: «هەرچەندە ماوەیەکە ڕێکەوتن لەنێوان هەرێمی کوردستانو ئێراندا هەیە کە ئۆتۆمبێلی بارهەڵگرو ئۆتۆمبێلی (شەخسی) بچووک لەنێوان هەردوولادا بەشێوەیەکی ڕەسمی هاتووچۆبکەن، هەرچەندە لەسەرەتای ڕێکەوتنەکەوە ئێمە ڕێگەماندەداو ئۆتۆمبێلی بارهەڵگرو ئۆتۆمبێلی بچووکیش بێنە هەرێمی کوردستانەوە، بەڵام تائێستا لایەنی ئێرانی ڕازی نەبوون بە ڕێگەدانی ئۆتۆمبێلی شەخسی هەرێم بۆ ناوخاکی ئێران.

بەپێی زانیارییەکانی ڕۆژنامە، لایەنی ئێرانی داوایان کردووە بۆ چوونە ناوەوەی هەر ئۆتۆمبێلێکی بچووک دەبێت بڕی ٤٥٠ دۆلار وەربگیرێتو بەرپرسانی هەرێمیش باس لەوەدەکەن ئەو بڕە پارەیە بکرێتە ٣٠٠ دۆلار بەڵام بەڕێوەبەری گشتی نشینگە ئاماژە بەوەدەکات ئەومەسەلەیە هەرچەندە هۆکاری تەکنیکیو ئیدارییەو ماوەی دووساڵە ئەوان لەهەوڵی ڕازیکردنی بەرپرسانی حکومەتی ئێراندان بەڵام لیوا موحسین پێیوایە ڕازیکردنی لایەنی ئێرانی قورسەو هەروا ئاسان نییە.

«عێراق جارێکی دیکە دووچاری هەڵاوسان نابێتەوە»



ئەنجومەنی یەکێتیی عەرەب، ڕاپۆرتێک لەسەر ڕێژەی هەڵاوسان لەوڵاتانی عەرەبی بڵاودەکاتەوەو ڕاوێژکاری بانکی ناوەندیی عێراقیش بە دووری دەزانێت جارێکی دیکە عێراق دوچاری هەڵاوسان بێتەوە.

د. مەزهەر محەمەد، ڕاوێژکاری بانکی ناوەندیی عێراقی، ڕایگەیاند: مەحاڵە جارێکی تر عێراق دوچاری هەڵاوسان بێتەوە، وتەکانی ئەوبەرپرسەی بانکی ناوەندیی عێراق پشت دەبەستێت بە ڕاپۆرتێکی ئەنجومەنی یەکێتیی ئابووری، کە تایبەتە بەتێکرای هەڵاوسانی ئابووری لەوڵاتانی عەرەب.

مەزهەر، ئاماژەی بەوەشکرد؛ لەبەرامبەر ئەو هەڵاوسانە زۆرەی ڕووبەڕووی ژمارەیەکی زۆر لە وڵاتانی عەرەبی بووەتەوەو زۆربەی کەرتەکانی وڵاتانی عەرەبی گرتووەتەوە، بەڵام عێراق دووچاری کەمترین زیان بووەتەوە.

ڕاپۆرتەکە ڕێژەی هەڵاوسانی مانگی ڕابردووی ئاشکراکردووەو تێیدا ڕێژەی هەڵاوسان لەعێراقدا گەیشتووەتە (٨,٧٪) ئەوەش ئاماژەیەکە بۆ سەرکەوتنی سیاسەتی نەختینەو سیاسەتی دارایی، کە بەهۆیەوە دەکرێت گرفتی ئابووری گەورە ڕووبدات بەتایبەت کەئێستا عێراق بە قۆناغێکی هەستیاری ئەمنیدا گوزەردەکات.

ڕاوێژکارەکەی بانکی ناوەندیی، ئاماژەی بەپلانی سیاسەتی دارایی بانکی ناوەندیی عێراق کرد، کە پشت بەستووە بە ستراتیژیەتی سیاسەتی نەختینەیی‌و چەند ساڵێکە لەلایەن بانکی ناوەندییەوە دارێژراوە.

لە ڕاپۆرتەکەی ئەنجومەنی یەکێتیی وڵاتانی عەرەبیدا کە تایبەتە بە ڕێژەو ئاستی هەڵاوسانی ئابووری ئاماژە بە تەشەنەسەندنی هەڵاوسان لەچەندین وڵاتی عەرەبیدا کراوە.

ـــــەی دادی سلێمانی تەواونەکراوە؟

لایداوە بەشێوەیەک کە گۆڕانکارییەکان نابێت (١٠٪) زیاتر بن.

هـــەروەک روونـیـدەکـەنـەوە، کە تەرخانکردنی بودجە بۆ دیزاین بۆ ئەوەیە کە لەکاتی جێبەجێکردندا کەموکوڕیی نەبێتو ئیشەکان وەک پێویست بکرێن، نەک (٨٥٪)ی دیزاین بگۆڕدرێت.

توانا کەمال، بەڕێوەبەری گشتیی ئاوەدانکردنەوەی سلێمانی، ئەو ڕێژەی گۆڕانکارییە لە بیناکەدا پشتڕاستدەکاتەوەو روونیکردەوە، کە گۆڕانکارییەکانیش چەند بەشێکنو وتی: «ئەو بڕگانەیە کە لەبیرکراون، واتە لە دیزاینەکەدا نەبووە وەک ئەسانسۆرو ئـەو بڕگانەی کە خۆمان بۆمان زیادکردووە، بۆ نموونە دیزاینو جێبەجێکردنی گۆڕەپانو باخی تەنیشت بیناکە، کە لە پڕۆژەکەدا نەبووە، بەڵام لەبەر ئەوەی شایەنی ئەو بینایە بووە بۆمان کردووە، بڕگەش هەیە بڕی کەرەستەکان گۆڕدراوە کە بە هەڵە کراوە لە دیزاینەکەدا، بڕگەش هەیە گۆڕانمان لە جۆرەکاندا کـردووە، وەک سیستمی ساردییو گەرمییەکەی».

ئەوەشی خستەڕوو کە زۆر لەو (٥٠٠) هەزار دۆلارە زیاتر بۆ دیزاینەکەی تەرخانکراوە، بەڵام دوای دەرکەوتنی هەڵەو کەموکوڕییەکان «(٢٩٠) هەزار دۆلاری پێدراوە».

سەرچاوەیەکیش لە نووسینگەی ڕاوێژکاری ئەندازیاریی زانکۆی سلێمانی، هەرچەندە بێئاگایی خۆی لە پڕۆژەکەو گۆڕانکارییەکانی دەربـڕی، پێیوایە، لە کاتی جێبەجێکردنی دیزاینی پڕۆژەیەک لە ناوچەیەکی دیکە گۆڕانکاریی دێنێتە ئاراوە، ئەوەش بەپێی پێداویستییەکانو شوێنی جوگرافییو کەشوهەوا دەگـۆڕدرێـت، چونکە هەر ناوچەیەک تایبەتمەندی خۆی هەیەو بەپێی ئەو تایبەتمەندییانە دەگۆڕێت.

لـەبـارەی پـێـنـەدانـی پـڕۆژەکـان بە نووسینگەی ڕاوێـژکـاری زانکۆ، سەرچاوەکە وتی: «هەرچەندە زانکۆش دەتوانێت بەشداریی لەو تەندەرانەدا بکات، بەڵام سیاسەتی حکومەتو ئەو لایەنانە وایەو زۆرجار بۆ چێککردنەوە دەهێنرێنە لامان»، بەڵام ئاماژە بەپێویستی چێککردنەوەی دیزاینی پڕۆژەکان دەکات لەڕێی لایەنێکی پسپۆڕەوەو دەڵێت: «چونکە کاتێک ئیمزای لەسەر دەکرێت هەمووی دەکەوێتە ئەستۆی ئەو لایەنە».

بەڵام عەتا شێخ کەریم، خوێندکاری دکتۆرا لە ئەندازیاری بیناکاریی، ڕەخنە لە چۆنێتی پێدانی دیزاینی ئەو پڕۆژانە دەگـرێـت بـەو شێوەیە بە کۆمپانیای دەرەکی دەدرێتو ئۆبالی کەموکورتییو شکستهێنانەکانیشی دەخاتە ئەستۆی یەکێتیی ئەندازیارانو دامەزراوەکانی حکومەتو دەڵێت: «پێویستە حکومەتی هـەرێـمو ئـەو دەزگـایـانـەی کە کاری پـڕۆژەکـان دەکـەن هاوکاریی لەگەڵ سەنتەرە خۆماڵییەکانی ڕاوێژکاریی یا نووسینگەی ڕاوێژکاریی زانکۆکان بکەن، چونکە ئەو لایەنانە لەتوانایاندا هەیە دیزاینی ئەو کارو پڕۆژانە بکەنو پێیان دەکرێت».

عـــەتـــا، ئـــامـــاژە بـــەپـــێـــویـــســـتـــی چێککردنەوەی دیزاینو چاودێریکردنی پـڕۆژەکـە دەکـات لەلایەن لیژنەیەکی پسپۆڕەوە، بەپێویستیشی دەزانێت نوێنەرو ڕاوێژکاری کۆمپانیای دیزاینەر لەکاتی جێبەجێکردنی پڕۆژەکەدا ئامادە بێت بۆ ئاڵوگۆڕکردنی بیروڕا لەکاتی هەر گۆڕانکارییەکی پێویستدا، لەبارەی پارەو گۆڕانکارییەکانی دیزاینی بینای خانەی دادیشەوە، وتی: «ئەو پارەیە زۆر زۆرە کە لەلایەن حکومەتو فەرمانگەی جێبەجێکارەوە بـەو دیزاینە دراوە، سەرباری ئەوەش گۆڕانکارییەکان بەو ڕێژە زۆرە قابیلی ئەوە نییە قبووڵ بکرێت، چونکە دیزاین بۆ ئـەوە دەکـرێـت، کە پڕۆژەکە وەک پێویست جێبەجێبکرێت».

هـــەروەک ئـــەنـــدازیـــاری شـــارەزا سۆران بەدیع لە سەنتەری سلێمانی بۆ ڕاوێژکاری ئەندازیاریی، لەگەڵ ئەوەی ئاماژە بە گرانیی نرخی تێچوونی دیزاینی پڕۆژەکە دەکاتو ئەوە ڕوونەکاتەوە، کە ئەو ڕێژە گۆڕانکارییە بە هیچ شێوەیەک قبووڵ ناکرێت، بەوپێیەی لـەڕووی ئەندازیارییەوە گۆڕانکاریی تا (١٠٪) ڕێپێدراوە، ئەو وتی: «تێچووی دیزاین (١,٥-٣٪)ی بودجەی پڕۆژەکە دەبێت، بەو پێەش دەبووایە بەلایەنی زۆرەوە (٣٦٠) هەزار دۆلار تەرخان بکرایە بۆ دیزاینەکەی نەک (٥٠٠) هەزار دۆلار، جگە لەوەش دیزاینی بینایەک بەرامبەر ئەوەیە کە کاری پێبکرێتو لانیکەم (٩٠٪)ی جێبەجێبکرێت».

ئـــەو پسپۆڕەی بـــواری دیزاینی ئەندازیاریی کەموکورتییەکان دەخاتە ئەستۆی ئەو شوێنەی پڕۆژەکەی لێ دەرچووەو بەپێویستی دەزانێت دیزاینی ئـەو پـڕۆژانـە بەشێوەی منافەسەی ئاشکرا بۆ کۆمپانیاو لایەنێک دەربچێتو لەکاتی تەواوبوونیشیدا لیژنەیەکی پسپۆڕی سەرجەم بـوارەکـان چێکی بکەنەوە، نەک بێ چێککردنەوەی بخرێتە بـواری جێبەجێکردنەوە، «پێش ئەو زیانانەو زیادکردنی بودجەو کاتەکەی لە جێبەجێکردندا ئەو فلتەری لیژنەیە چارەسەری بکات».

سۆران بەدیع، ئەوەش ڕوونەدەکاتەوە، زیادکردنی بڕی تێچووی پڕۆژەکە بۆ دوو هێندە لە (١٢) ملیۆنو (٨٠٠) هەزار دۆلارەوە بۆ (٢٤) ملیۆن، ئەوە دەردەخات، کە (١٠٠٪)ی دیزاینەکە هەڵەیە.

لەکاتی هەڵبژاردندا بەتەواونەکراویی کرایەوە

ئەوەی جێگەی سەرسووڕمان بوو کردنەوەی پڕۆژەکە بوو لەکاتی بانگەشەی هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی کوردستانو سەرۆکایەتی هەرێمدا، هەرچەندە لایەنە پەیوەندیدارەکان باس لەوە دەکەن، کە لەو کاتەدا تەواوبووە، بەڵام پڕۆژەکە تائێستا تەواونەکراوەو تەسلیم بە سەرۆکایەتی دادگـای سلێمانی نەکراوە، لە کاتێکدا پێویستی زۆر بۆ کارکردن لەو بینایەدا هەیە بەهۆی نەگونجاویی شوێنی بینای دادگای ئێستا، لە کاتێکدا تەنیا لە ساڵی ڕابردوودا لە پارێزگای سلێمانی نزیکەی (٤٠) هەزار داوای یاسایی تۆمارکراوە.

توانا کەمال، ئاماژە بەوە دەکات، کە ئێستا پڕۆژەکە تەواوبووەو پێشتر تەنیا هەندێک پارچەو پێداویستی مابوو کە لە دەرەوەی وڵاتـــەوە هاتوونو بـەهـۆی قـەرەبـاڵـغـی سـنـوورەکـانو گواستنەوەوە ماوەیەک دواکەوتبوون، بەڵام «ماوەیەکە گەیشتووەو دایدەنێن»، ئەوەشی خستەڕوو، کە کەموکوڕییەکان چـارەسـەرکـراونو کارێکی ئەوتۆ لە بیناکەدا نەماوەو ئێستا سەرقاڵی دانانی سیستمی گەرمکەرو سـاردکـەرەوەن» مەگەر خۆیان (خانەی داد) داوای شتی زیادەی بۆ بکەن، چونکە خۆشمان هەندێک گۆڕانکاریی‌و جوانکاریمان کردووە، کە شیاوی ئەو بینایە بێت».

بەڵام ئەو وتانەو کردنەوەی بیناکە لەکاتێکدایە کە دوای تێپەڕبوونی نزیکەی دوومانگ بەسەر کردنەوەیدا تائێستا بیناکە تەسلیم بە خانەی داد نەکراوەو تا (٢٠٠٩/٨/٢٦) کە بە کامێرای ڕۆژنامە وێنەی گیراوە لە چەند بەشێکی بیناکەدا کار دەکرێت، جگە لەوەش هەرچەندە ڕەزامەندیی زیاتر لە (١) ملیار دینار دراوە بۆ کرینی کەلوپەلو تەئسیسکردنی، بەڵام کەلوپەلی بۆ نەکڕدراوەو بیناکە تەسلیم بە فەرمانگەی داد نەکراوە.

سەرۆکی لقی سلێمانی سەندیکای پـارێـزەران، ڕەخـنـە لـە دواکەوتنی وادەی پڕۆژەکەو کردنەوەی لە کاتی بانگەشەی هەڵبژاردندا دەگرێتو بە پێویستی دەزانێت چەند ساڵێک لەمەوبەر دروستبکرایەو دەڵـێـت: «دواخستنی پڕۆژەکە هیچ ئازایەتی تێدا نییە، کە دوای ئەو ماوەیەو ئەو کەموکوڕییانە بەو شێوەیەو لە هەڵمەتی هەڵبژاردندا پڕۆژەکە بکرێتەوە، چونکە پێویست بوو ئەوە لە ساڵانی (٩٠)ەکاندا بکرایە». باسی لەوەشکرد، کە لە وەزارەتـی دارایییەوە بودجە تەرخانکراوە بۆ کرینی کەلوپەلو کەرەستەی ناو بیناکەو تەئسیسکردنی، بەڵام وتیشی: «بینای دادگا مواسەفاتی تایبەتی خۆی هەیە، کە لەو بینایەدا نییە».

لە لێدوانێکی پێشتریشدا، کە لە ڕۆژنامە بڵاوکراوەتەوە، سەرچاوەیەک لـە بـەڕێـوەبـەرێـتـی ئـەشـغـاڵو ئاوەدانکردنەوەی سلێمانی لە کاتی کردنەوەی بیناکەدا لە کاتی بانگەشەی هەڵبژاردنەکاندا ئەوەی خستەڕوو؛ کە «بینای خانەی داد لە سلێمانی هێشتا تەواو نەکراوەو هەریەکە لە سیستمی ئـاوو کـارەبـاو سـاردیـیو گەرمییو تەلەفۆنو ئاگرکوژاندنەوەو سیستمی کامێرای چاودێریی تەواو نەبووەو بەو هۆیەشەوە ڕێوڕەسمی کردنەوەکەی لە دەرەوەی بیناکە بەڕێوەچوو»، ئەو تەواونەکردنەشی بەهۆکاری ئەوە زانی، کە بەرپرسانو کەناڵەکانی ڕاگەیاندن نەچوونەتە ناو بیناکەوەو کردنەوەکەشی بە پڕوپاگەندەی هەڵبژاردن زانیوە، چونکە وەک ئەو دەڵێت: لەو وادەیەوە «کردنەوەی بیناکە وەک پڕوپاگەندەیەک بۆ لیستی کوردستانی بەکارهاتووەو نزیکەی چوارمانگی دیکەی پێویستە بۆ ئەوەی بیناکە بە تەواویی تەواو بکرێت».

زیادکردنی بڕی تێچووی پڕۆژەکە بۆ دوو هێندە لە (١٢) ملیۆنو (٨٠٠) هەزار دۆلارەوە بۆ (٢٤) ملیۆن، ئەوە دەردەخات، کە (١٠٠٪)ی دیزاینەکە هەڵەیە

دوای ٤٧ ڕۆژ لە کردنەوەی بیناکە هێشتا ئیشی تێدادەکرێت فۆتۆ: شکار موعتەسەم

دوو مانگ پێش ئێستا کرایەوەو هێشتا کاری تێدا دەکرێت

بۆچی بینا نوێیەکەی خانـــ

سەنگەر جەمال

رۆژی (٢٠٠٩/٧/٩) سەرکردەکانی یەکێتی لە مەراسیمێکدا بینای (خانەی داد لە سلێمانی)یان کردەوە، بۆئەوەی وەک پرۆژەیەکی حکومەتە هاوبەشەکەیان لەگەڵ پارتی لە سەروبەندی هەڵبژاردندا پیشانی خەڵکی بدەن، بەڵام ئەم پرۆژەیە تائێستا تەواونەکراوەو دوای نزیکەی دوو مانگ لە کردنەوەی هێشتا کاری تێدادەکرێتو دەزگاکانی دادوەریی لە سلێمانی سوودیان لێوەرنەگرتووە.

سەرۆکی لقی سلێمانی سەندیکای پارێزەرانیش دەڵێت: «بینای دادگا تایبەتمەندی خۆی هەیە، کە لەو بینایەدا نییە».

ئەندازیارێکی شارەزاو خاوەنی سەنتەرێکی بەناوبانگی ئەندازیاریی لە سلێمانی دەڵێت: «زیادکردنی بڕی تێچووی پرۆژەکە بۆ دوو هێندە دەریدەخات کە (١٠٠٪)ی دیزاینی پرۆژەکە هەڵەبووە».

پێکهاتەی بیناکە

بینای نوێی دادگای سلێمانی (خانەی داد) دەکەوێتە دەروازەی شاری سلێمانی بە ئاراستەی خۆرئاوای شارەکە، لە ساڵی (٢٠٠٤)ەوە دیزاینەکەی بە ئامادەکراویی لە کرماشانەوە (شارێکی کوردییە لە ئێران) لەلایەن کۆمپانیایەکەوە وەرگیراوەو تەنیا دیزاینەکەی لەلایەن حکومەتی هەرێم (ئیدارەی سلێمانی)یەوە بڕی (٥٠٠) هەزار دۆلاری بۆ تەرخانکراو کۆی پرۆژەکەش (١٢) ملیۆن و (٨٠٠) هەزار دۆلاری بۆ تەرخانکرا، رووبەری پرۆژەکە (٧٠) هەزار مەتر دووجایەو (٣٢) هەزاری کراوە بەبینا، بیناکە (٤) نهۆمە لە (نهۆمی ژێرزەوی، پارک، چێشتخانە، (٢٨) هۆڵی دادگا، (٣) هۆڵی دیکە، کتێبخانە، (١١٥) ژوور) پێکدێت.

لە (٢٠٠٥/٣/١)ەوە دەست بە کارکردن کراوە لە پرۆژەکەدا، بەپێی گرێبەستەکەی ماوەی جێبەجێکردنەکەی (٤٢٦) رۆژ بوو، دەبوو لە ساڵی (٢٠٠٧)دا بیناکە تەواو بکرایە، بەڵام سەرباری زیادکردنی بڕی بودجەی دیاریکراو لە (١٢) ملیۆن و (٨٠٠) هەزار دۆلارەوە بۆ (٢٤) ملیۆن دۆلار، دوای دوو ساڵ لە وادەی خۆی و لە کاتی بانگەشەی هەڵبژاردنداو بە تەواونەکراویی پرۆژەکە کرایەوە، لەگەڵ ئەوەشدا پارێزەرێک دەڵێت: «بینای دادگا مواسەفاتی تایبەتی خۆی هەیە، کە لەو بینایەدا نییە».

> **لە (٢٠٠٥/٣/١)ەوە دەست بە کارکردن کراوە لە پرۆژەکەدا، بەپێی گرێبەستەکەی ماوەی جێبەجێکردنەکەی (٤٢٦) رۆژ بوو، دەبوو لە ساڵی (٢٠٠٧)دا بیناکە تەواو بکرایە، بەڵام سەرباری زیادکردنی بڕی بودجەی دیاریکراو لە (١٢) ملیۆن و (٨٠٠) هەزار دۆلارەوە بۆ (٢٤) ملیۆن دۆلار، هێشتا تەواونەکراوە**

کەموکورتیی و هەڵەکان شکستی پێدێنێت

بەرپرسانی جێبەجێکاری پرۆژەکە نکۆڵیی لەوەناکەن، کەلەسەرەتاوەگرفتو هەڵە لە پرۆژەکەو دیزاینەکەیدا هەبووە، ئەوەش بە هۆکاری سەرەکی زیادبوونی بودجەی پرۆژەکەو دواکەوتنو تەواونەبوونی دادەنێن لە وادەی خۆیدا، هەروەها جەخت لەوەش دەکەنەوە کە زۆربەی کەموکوڕییەکان لە دیزاینەکەدا بووە بەشێوەیەک، کە لە بینایەکی لەو شێوەیەدا ئەسانسۆرو تەوالێتی پێویست دانەنراوە، جگە لە کەموکوڕییەکان لە سیستمی ساردەکەرەوەو گەرمکردنو دیارینەکردنی بڕی پێویستی کەرەستە.

دواکەوتنی وادەکەیو ئەو کەموکوڕییانەو زیادکردنی بودجەی پرۆژەکەش بۆ دوو هێندە، شکستی پرۆژەکە دەردەخەن.

توانا کەمال، بەڕێوەبەری گشتیی ڕێگەوبانو ئاوەدانکردنەوەی سلێمانیش، نکۆڵی لەوە ناکات کە دەبوو ئەو بینایە لە کۆتایی ساڵی (٢٠٠٧)دا تەواو بکرایە.

سەرەتا پرۆژەکە (١٢) ملیۆنو (٨٠٠) هەزار دۆلاری بۆ تەرخانکرا بوو، بەڵام بەهۆی کەموکورتیی لە پرۆژەکەو دیزاینەکەیدا، لە ماوەی چەند ساڵی رابردوودا بڕە پارەکەی زیاد کرا بۆ (١٨) ملیۆنو دواتر گەیشتە (٢٤) ملیۆن دۆلار، ئەوەش بۆ دابینکردنی ئەو پێویستییانەی بۆ پرۆژەکە زیاد کراوەو لە دیزاینو دەرخستەو تەندەردا نەبووە، کە ئەو کات لە دەزگای پرۆژەکان کراوە.

توانا کەمال، کەموکورتییەکانو هۆکاری دواکەوتنەکە دەخاتە ئەستۆی دیزاینی پرۆژەکەو پێیوایە: «کەموکوڕیی و هەڵەی زۆر لە دیزاینی پرۆژەکەدا هەبووە، کە ئەو کات نەتوانراوە چێکی ئەوتۆی بۆ بکرێتو فریای نەکەوتوون، ئەوەش رەنگە بەهۆی پەلە پەلکردن لە جێبەجێکردنی پرۆژەکەو کەوتنە بواری کارکردنەوە بێت، جگە لەوەش کارمەندی شارەزای ئەوتۆ نەبووە بۆ چێککردنەوەی»، ئەوەش روونەدەکاتەوە، کە بەپێی ئەو بودجەو کاتەی بۆ جێبەجێکردنی دیاریکراوە، لە سەرەتادا چاوپۆشیی لە هەندێک شتدا کراوە بۆ ئەوەی بیناکە تەواو بکرێت، بەڵام وەک ئەو باسیدەکات؛ «هەڵەی زۆر هەبووەو وردەکاریی وەرنەگیراوە».

بە پێویستیشی دەزانێت راوێژکاری کۆمپانیای دیزاینەر بهێنرایە بۆ ئەوەی هەڵەو کەموکوڕییەکان چاک بکرێتو ئەو شتانەی پێویستە بەپێی راوێژ لەگەڵ ئەوان بکرێت، «بەڵام ئەوە نەکراوەو کۆمپانیای ئامادەکاری دیزاینەکە لە ساحەکەدا نەماوە».

بەڕێوەبەری گشتیی ئاوەدانکردنەوە جەخت لەوە دەکاتەوە، کە لە کاتی جێبەجێکردندا دەرکەوتووە کەموکوڕیی زۆر لە دیزاینەکەدا هەیە، ئەوەش دووپاتدەکاتەوە، کە دیزاینکردنی بینای گەورەی لەو شێوەیە کۆمپانیای بە توانای دەوێت کە چەندەها دیزاینی گەورەو لەو بابەتانەی کردبێت، ئەو نموونەی کەموکوڕییەکانی بەوە هێنایەوە، کە شوێنی ئەسانسۆرەکان دروستکراوە، بەڵام باسی ئەوەی تێدا نییەو بەشێک لەو بودجەیەی بۆی زیادکرا بۆ ئەوەبووە هەروەها موەلیدەی گەورەی تێدا نییە، کە تەحەمولی پێدانی کارەبای بیناکە بکاتو ناچاربوون ئەوەشی بۆ دابنێن.

سەرباری ئەو کەموکوڕییانە سیستمی ساردکردنو گەرمکردنەوەی بیناکە بەشێکی گرفتەکانە بەوپێیەی سیستمێکی کۆنی تێیدا بەکارهاتووە، کە «ئێستا سیستمی جوانترو باشترو چاکتر هاتووە بە نزیکەی هەمان نرخ، ئەوانە هەندێک لەو کەموکوڕییانەن لە دیزاینەکەدا».

توانا کەمال، هۆکاری گرفتەکان دەخاتە ئەستۆی دیزاینی پرۆژەکە، جگە لەوەی پێیوایە سەرەتا وتووێژو لێکۆڵینەوە لە دیزاینەکە نەکراوە لەگەڵ ئەو لایەنەی بیناکەی بۆ دروست دەکرێت، روونیشی دەکاتەوە، کە دیزاینەکە هەڵەبووە لە رووی مواسەفاتو بڕگەکانەوە بڕی تێچوونی کەرەستەکان کەمتر حیسابکراوەو زیاتری تێچووە، بۆ نموونە زۆر زیاتر لەوەی دیاریکراوە کۆنکرێتو شیشی تێدا سەرفکراوە، وتیشی: «ئێمە توانیمان هەندێک لەو کەموکوڕییانە چارەسەر بکەین کە هەبوون، هەندێکیشی مواسەفاتی خۆمان بوو بۆمان زیادکردووە»، هەروەک ئەوەشی نەشاردەوە کە لەگەڵ چاککردنی ئەو کەموکوڕییانەدا هەندێک گرفت هەیە نەیانتوانیوە چارەسەری بکەن.

لەلایەکی دیکەوە بورهان رەشید، سەرۆکی لقی سلێمانی سەندیکای پارێزەران، رەخنە لە جۆرو چۆنێتی ئەو بینایە دەگرێت، کە بۆ دادگای سلێمانی دروستکراوەو پێیوایە: «بینای مەحکەمە نییە».

لەگەڵ ئەوەی بە بۆچوونی بورهان، ئەو بینایە دیزاینەکەی بینای پارێزگای کرماشان بێت، نەک دادگا، ئەوەش دووپاتدەکاتەوە کە بۆ دادگا ناگونجێت، ئەوەش بەهۆی ئەو کەموکوڕییانەوە کە لە بیناکەدا هەیە وەک ئەوەی «لە نهۆمی سێیەمدا سێتی تەوالێتی تێدانییە»، وتیشی: «ئەو بینایە بۆ دادگا ناگونجێت، چونکە پێویستە لە ئایندەدا دادوەری زۆر لە سلێمانی دابمەزرێتو داشدەمەزرێنرێن، بەڵام جێی ئەوەندە دادوەر لەو بینایەدا نابێتەوە».

لای خۆشیەوە توانا کەمال نکۆڵی لەوە ناکات، کە لە هەندێک شوێنی پێویستدا سێتی تەوالێت نەبووەو دەڵێت: «ژووری دادوەرەکان سێتی تەوالێتی تێدا نەبوو، کە ئەوەش لە دیزاینەکە نەبووە، دواتر رەزامەندیی وەرگیراو ئەو هۆڵانەی مەجالی تێدا بوو سێتی تەوالێتی بۆ کرا، بەڵام هەندێکی نەکرا».

گرفتی زەوییەکەی

سەرباری ئەو کەموکوڕییانەی لە دیزاینو پرۆژەکەدا هەیە، بەهۆی دیراسەنەکردنی پێشوەختەوە کێشە لەو زەوییەشدا هەبوو، کە بیناکەی لەسەر دروستکراوەو مولکی حەوت لایەن بوو، بەشێوەیەک کە تا لە کۆتاییەکانی کارەکەدا ئەو کێشانە یەکلایی کرانەوە.

توانا کەمال، بێئاگایی خۆی لەوە دەردەبڕێت، کە چ لایەنێک زەوییەکەی دیاریکردووە، بەڵام دووپاتی دەکاتەوە کە گرفتی تێدابووەو چەند بەشێکی مولکی چەند کۆمپانیایەکو چەند بەشێکی مولکی دەزگای بەروبوومە نەوتییەکانو دارایی و شارەوانی بووەو وتی: «ئەوەش کاتێکی زۆری بردینو ماوەیەکی زۆری ویست تا رەزامەندیی بۆ وەرگیرا زەوییەکە بدرێتەوە شارەوانیو بە چەند ساڵێک کۆتایی بەو کێشەیەش هات».

لەبارەی نەگونجاویی شوێنی بیناکەو دروستبوونی قەرەباڵغی لەو ناوچەیەش، توانا وتی: «بەڵێ قەرەباڵغی دەکەوێتە سەر، بەڵام ئەوە شتێکە کراوەو دەبێت پێشتر بیری لێ بکرێتەوە، بەڵام زۆربەی شوێنەکانی شاری سلێمانی بەو شێوەیەیە».

کۆمپانیای جێبەجێکار؛ گرفتێکی دیکەیە

هەرچەندە بەڕێوەبەری گشتیی ئاوەدانکردنەوەی سلێمانی زۆربەی کەمتەرخەمییو رەخنەکان ئاراستەی کۆمپانیای دیزاینەری پرۆژەکە دەکاتەوە، ئەوەش دەخاتەڕوو، کە کۆمپانیای جێبەجێکاریش بە سستی کارەکانی راپەڕاندووەو هۆکارێکی دواکەوتنەکە بووە.

توانا کەمال دەڵێت: «تەنیا کۆمپانیای دیزاینەکە بە کەمتەرخەم دەزانم، کە لە ساڵی (٢٠٠٤) داکردوویەتی، بەڵام ئەوکات پسپۆری وانەبووە چێکی بکات، رەنگە بە گونجاویی مامەڵەی لەگەڵ نەکرابێت ئەگینا دەتوانرا کۆمپانیاکە بانگ بکرێتو هەندێک لە کەموکوڕییەکان چاک بکرایەو بکرایەتە پرۆژەیەکی توندوتۆڵو دروستو ئینجا تەندەر بکرایە، جگە لەوەش هۆکارێکی دیکە پەلەکردن بووە لە ئیشەکەدا، کە ئەوکات بەگشتیی دەویسترا زۆرترین پرۆژە بخرێتە بواری جێبەجێکردنەوە بۆ خزمەت بە بواری ئاوەدانکردنەوە».

هەروەک ئاماژە بە سستی کاری کۆمپانیای جێبەجێکاریش دەکاتو وتیشی: «ئەگەر بە کارکردنی راستەوخۆی زیاتری خۆمانو گرتنەبەری رێوشێوێنی تایبەتی خۆمان نەبووایە بەرامبەر کۆمپانیای جێبەجێکار، کە رەزامەندیی ئەنجومەنی وەزیرانو وەزارەتی ئاوەدانکردنەوەمان وەرگرتبوو، ئێستاش پرۆژەکە تەواو نەدەبوو».

(٨٥٪)ی دیزاینەکەی گۆڕدراوە

تێچوونی ئەو بڕە پارە زۆرە، کە لە بینای خانەی داد خەرجکراوە بۆ کەموکوڕییو هەڵەکانی دیزاینە سەرەتاکەی دەگەڕێتەوە، لەکاتێکدا کە سەرەتا بڕی (٥٠٠) هەزار دۆلاری بۆ تەرخانکراوە، بەڵام لەکاتی جێبەجێکردنیدا هەست بە کەموکوڕییەکان کراوەو گۆڕانکارییەکانیش (٨٥٪)ی دیزاینەکەی گرتووەتەوە، بە وتەی پسپۆڕانی بواری دیزاینی ئەندازیاریش سەرباری زۆری ئەو پارەیەی لە دیزاینەکەدا خەرجکراوە زۆریی گۆڕانکارییەکان لە ستانداردەکان

ـــبـەر

کێشەی (گەندەخۆریی)و کاریگەریی بێبەزەیی کۆمپانیاکانەوە، بە(کۆمپانیزەکردنی کۆمەڵگە) زۆر کێشەی کۆمەڵایەتیو سیاسی قوڵی هێنابووە گورێ. دیموکراسییەت بەرەو دیموکراسییەتێکی فۆرمالو رووکەش خۆی رێڕەوخواز کردبوو. خوێندکاران هەڕەشەیەکی هەقیقی بوون لە بەرامبەر سیستمێکی سیاسی کە سیاسەتی (دیموکراسییەتی فۆرمال)ی پراکتیزەدەکرد، دەسەڵات لەمەزندەی ئـەوەدا بـوو، بـەو نـۆرمو بەها بـاوانـەی دوای جەنگەوە دەتوانێت کۆمەڵگە بەرێوەبەرێت. ئیدی لەم کەشوهەوا قەیرانەوییەدا، چەمکەکانی وەک ئازادییو ریالستیو عەقڵانییەتو زانینو رەخنەو کۆمەڵگای پیشەسازییو مرۆڤی تاکڕەهەندو مرۆڤی گەندەخۆرو شمەکخوازیو ئیگۆئیزمی (خۆپەرستی) ئەو چەمکانە بوون بە درێژایی ساڵانی دوای جەنگی دووەم جیهانی، تێزی رەخنەی فەلسەفیو سیاسیی رۆشنبیرانی چالاکی ئەڵمان بوو.

دەرهاویشتەکانی سیستمی کاپیتالیستیو کێشەی بەهاو نۆرمە تازەکانو لیبراڵییەتو عوسابییەتی کەرتبوونی ئەڵمانیا بە دووبەشی خۆرهەڵاتو خۆرئاواو کێشەی نەوەکانی پێشوو و لێپسراوێتییان بەرامبەر هەڵبژاردنی ناسیۆنال سۆسیالیزمو رەدوکەوتنی هیتلەرو ملکەچیان بۆ تێزەکانی رەگـەزو پاکتاوکردنی جولەکەو ئاسەوارەکانی لەسەر ئەڵمانیانو باجەکانی جەنگو داگیرکردن، ئەمانە هەمووی ئەو پرسیارە هەڵواسراوانە بوون لەپەراوێزی (١٩٦٨)دا جارێکی دیکە گفتوگۆیان لێدەکراو (هێڵگەرمەکانیان) رادەکێشا بۆ مۆدێرنیزەکردنی کۆمەڵگەو فراوانکردنی بوارەکانی ئازادییو دیموکراسی.

ئەمە لەکاتێکدا بوو کە جیاوازی بیرورا هەبوو لە نێوان سەرانی فەلسەفی قوتابخانەی فرانکفۆرت کە خۆی لەخۆیدا پشتەوێنەی تێزی ئەو جوڵانەوەیە بوون، بۆ نمونە (لە کاتێکدا ژەنەرال دیگۆل لەتاو خوێندکاران‌و شەڕکەرانی شەقامەکانی پاریس هەڵات بۆ ناوچەی بادن بادنی ئەڵمانیا، هەر لەو کاتەدا (هێربێرت مارکۆز) لەبەردەم چوارهەزار خوێندکاردا باسێکی بەنێونیشانی (مێژووو بااڵبوون‌و گۆڕانکاریی کۆمەڵایەتی) پێشکەشکردو باسی لە لەدایکبوونی (مرۆڤی نوێ) دەکرد...

لەلایەکی دیکەوە هابرماز لە نووسینێکیدا بەناوی (شەش تێز دەربارەی تاکیکو ئامانجەکان‌و شیکردنەوەی هەڵوێستی لاوانی ئۆپۆزیسێۆن)دا خوێندکاران ئاگاداردەکاتەوە لە (شوڕشێکی تەوباوی‌و خەیاڵی)و داوایان لێدەکات کە جیاوازی بکەن لە نێوان تیۆرەو دنیای واقیعدا، لە نێوان خەون‌و هەقیقەتدا. داوای لێکردن کە پشت ببەستن بە میدیای نـوێ‌و کاریگەرییان هەبێت لەسەر رۆشنبیرانی ئەکتیڤو توێژە کاریگەرەکانی کۆمەڵگە، بەمانایەکی دیکە هابرماز رەخنەی لە رۆمانسیەتی شوڕشگێڕانەی توندوتیژ دەگرتو داوای زیاتر عەقڵانیزەکردنی‌و فۆرمولەکردن‌و بیرخوازیکردنی داواکارییەکانی دەکرد، لە رێگەی عەقڵانییەتی رەخنەگرانەوە، داوای دۆزینەوەی رەهەندە مێژوویینە گرنگەکانی دەکرد. ئەم تێزانە لەلایەن لایەنگرانی ئاپۆ APOو چەپەکانەوە چەندەها گفتوگۆو وەڵامدانەوەی رەخنەگرانەی لەخۆ گرتبوو.

لـەوانـەیـە جوانترین لـێـکـدانـەوە لەمەڕ شۆڕشۆچکەی(١٩٦٨) لەم چەند دێڕەی کلاوس لێگەڤی چڕبێتەوەو ببەتە رستەی کۆتایی باسەکەمان کەدەڵێت:خوێندکاران‌ویستیان‌بەرگی‌پرۆلیتاریایەکی بااڵیو ئاڤانگراد ببپۆشن، کرێکارانیش خەونیان بەسۆسیالیستیو سۆسیالیزەبوونی کۆمەڵگەوە دەبینی، ئەم بەرواره (١٩٦٨) پێناسەی قوناغێکی گواستنەوەی هەڵسوکەوت‌و ژیانە بۆ نێو کۆمەڵگەی پۆستمۆدێرن‌و پۆستپیشەسازیی...

سەرچاوە:

× کلاوس لێگەڤی: (١٩٦٨)مێژوویەکە بۆخۆی، گۆڤاری سیاسی‌و مێژووی هاوچەرخ.
ist Geschichte. ١٩٦٨ ,Claus Leggewie
–٢٢ Aus Politik und Zeitgeschichte (B
٢٠٠١/٢٣ هەروەها بڕوانە
×http:www.dhm.de
× راینهارد مۆر: ماسیەکی تێر . گۆڤاری شپیگل ١٩٩٨/٢٠
Reinhard Mohr , Der satte Fisch. DER
×١٩٩٨/٢٠ SPIEGEL
× بڕوانە بە ئەڵمانی
Jörg von ١٩٦٨ – SZ DISKOTHEK
Bilavsky, www.titel–forum.de

کەرکوک‌و (مۆتەکەی) لیستی جیاواز!

محەمەد خورشید

ئەگەر کەمێک لە مێژووی نوێی حکومەتە تۆتالیتارەکان‌و پانعەرەبیزمەکانی وڵاتانی عەرەب لە سەدەی رابردوو وردبینەوەو بە هزرێکی زانستیانەو مۆدێرنانە شی بکەینەوەو تێی بڕوانین، دەبینین دەسـەڵاتـدارانـی ئەو وڵاتانە بە درێـژایـی مێژووی سەدەی رابردوو لە ئاست دیدە جـیـاوازەکـان‌و ئۆپۆزسیۆنی ناو کۆمەڵگەکانیان هەمیشە بە تۆمەتی نۆکەرایەتی‌و پلانگێڕی‌و هـەسـتـیـاریـی بـارودۆخـی نا لـەبـاریـی وڵات لـە ئـاسـت مەترسییەکانی دەرەوە، مەبەست بە قەولی سەرانی عەرەب خۆیان (ئیمپریالیزم‌و زایۆنزمی جیهانیی)ە دەمکوتکراون. سەرئەنجام نە کۆمەڵگەکانی عەرەب گۆڕانکاریی جـدیـی تـیـایـدا رووی‌ـــداوە، نە کێشەی فەلەستین چارەسەر کـراوە، هەمیشە زیندانەکانیان گەورەتر بووەو سیخناختر بووە لە تاکەکانی ناو گروپ‌و حیزب‌و دیدە جیاوازەکان، کە لەگەڵ دیدی دەسـەڵاتـدا هـاوڕا نەبوونە، بە پێچەوانەوە ئێستا لەناو وڵاتانی عـەرەب، چەند کۆمەڵگەیەک دەبینین پڕ لە قەیران‌و عەقڵی توندوتیژیی، کـە سەرتاپای تاکەکانی داگیرکردووە، باشترین نموونە، گەشەی دیارو ئاشکرای توندڕەویی ئیسلامیی سیاسیی‌و هزری شۆڤێنیزمی عەرەبییە.

لـــێـــرەدا ئـــەمـــە وەک بەڵگەنەویستێک دەهێنمەوە بۆ داهاتووی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوک، هەرچەندە پرۆسەی هەڵبژاردنی (٧/٢٥) لەگەڵ هەموو کەموکوڕییەکانشیدا، بێگومان جێی دڵخۆشی‌و ستایشە بۆ لیستە رکەبەرەکان‌و حکومەتی هەرێمی‌و جەماوەری کوردستان بەگشتیی، بەڵام کەرکوک لەناو ناوچە دابڕاوەکاندا تایبەتمەندیی خـۆی هەیە، چاکتر وایـە زۆر بـە وریـایـی‌و وردبـیـنـی‌و لە خۆبووردنەوە مامەڵەی لە تەکدا بکەین.

لێرەدا پێویستی سەرشانی هەموو لایەکمانە بە وشیاریی‌و زانستیانەوە ئیش لەسەر ئەو گومان‌و پرسیارانە بکەین، کە لەلای تاک‌و حیزب‌و گروپەکانی ناو شاری کەرکوک ورووژاوە.

ئایا بەشداریی لە هەڵبژاردنی پارێزگای کەرکوک لەلایەن لیستو حیزبە کوردستانییەکانەوە بە یەک لیستی هاوبەش، تەنیا هەنگاوە بۆ بـردنـەوەی هەڵبژاردن لەو شارەدا؟ ئایا دیدو خوێندنەوەکانی تاکەکان‌و حیزبە کوردستانییەکانی پـارێـزگـای کـەرکـوک، یـەک دیـدو خوێندنەوەیان هەیە بۆ هەڵبژاردن‌و داهاتووی کەرکوک؟ ئەگەر وایە ئەی ئەو لیستو دیدە جیاوازانە چی ناوبنێین؟ چۆن کار بکەین‌و شێوەی هاریکاریمان چۆن بێت؟ خاڵە هاوبەشەکانمان‌و جیاوازییەکانمان چین؟ چۆن ئیش بکەین‌و تاقیکردنەوەی هەڵبژاردنی هەرێمی کوردستان دەوڵەمەندترو جوانتر بکەین لـە کـەرکـوک؟ ئایا بیانووی مەترسییەکانی دەرەوە لەسەر ئێستاو داهاتووی بەرژەوەندییە نیشتمانییەکانی هەرێمی کوردستان، ناچارمان دەکات بۆ بەشداریی لە هەڵبژاردنی داهاتووی کەرکوک بە یەک لیستی هاوبەش؟ یان نابێت مەترسییەکان بکەینە بیانوو بۆ یاساغکردنی دیدو لیستی جیاواز بۆ هەڵبژاردن؟ گەر کوردستانیانی کەرکوک بڕیاریاندا بە لیستی جـیـاواز بەشداریی بـکـەن، ئایا پنتی هـاوبـەش لە نێوانیاندا دەمێنێت؟ ئەگەر نەمێنێت هۆکاری چییەو چەند نێگەتیڤانە دەشکێتەوە بەسەر هەرێمی کوردستاندا؟ ئەگەر پنتی هاوبەشیش هەبێت، کامانەن؟ ئایا ئەوە خەڵکی کەرکوکە تەنیا لە ئەنجامی ئەدای دەسەڵاتدارانی شـارەکـە، بـە دیـدی جـیـاوازو لیستی جیاوازەوە ئیش دەکەن بۆ بەشداریی لە هەڵبژاردن؟ یان ئەم دیدی جیاوازی کارکردنە دەرهاوشتەیەکی تەندروستی کۆمەڵگەیە بۆ هەرکێشەو پرسیارو گومانێک؟ کە دەبێت سیستمی دیالۆگو عەقڵ خاڵە هاوبەشەکانی دیدە جیاوازەکان دەستنیشان بکات، بۆ مەبەستی پارێزگاری‌و یەکگرتوویی هەڵوێست لە ئاست پرسە نیشتمانییەکانی هەرێمی کوردستان.

زۆر بە کورتی دێمە سەر ئەو پرسیارانەی سـەرەوەو لە سەرەتادا دەڵێم؛ گەر بمانەوێت براوەبین لە هەڵبژاردنی داهاتووی کەرکوک، پێویستە بەر لە هەر هەنگاوێک دوورکـەوینـەوە لە تۆمەتخستنەپاڵ هەر دیدو لیستێکی جیاوازی کوردستانی، کە بوونی راستەقینەی هەیە لە گۆڕەپانی کەرکوک‌و دەستبکەین بە دیالۆگ، لەنێوان خۆماندا‌و خاڵە هاوبەشە نیشتمانییەکانمان دەستنیشان بـکـەیـن‌و بـەرز رایـبـگـریـن‌و لـە سـەرووی بـەرژەوەنـدیـی حیزبایەتی‌و لیستو گروپەوە، کاری جدیی بۆ بکەین.

لـە هـەمـانـکـاتـدا دەکـرێـت تایبەتمەندییەکانی حیزب‌و لیستە جیاوازەکان پارێزراوبێت، ناکرێت‌و لە خزمەتی بەرژەوەندییە نیشتمانییەکانی هـەرێـمـی کوردستاندا نییە، مەترسییەکانی دەرەوە نادیدە بگرین، چونکە ئەو مەترسیانە تاکو ئێستا هەڕەشەی جدییان هەیە بۆ سەر هەرێمی کوردستان‌و تاقیکردنەوەکەی، بەڵام بە بیانووی مەترسییەکانی دەرەوەش نـابـێـت، رێـگـری دیـدو لیستە جـیـاوازەکـان بین لە کەرکوک، چەندە گرنگیدان بـە مەترسییەکانی دەرەوە پێویستییەکی هەنووکەییەو ئەرکی سەرشانی گشت رۆشنبیران‌و لیست‌و حیزب‌و دیدە جیاوازەکانە، ئەوەندەش بە پلەی یەکەم ئەرکی دەسەڵاتدارانی حکومەتی هەرێمی کوردستانە بۆ گرنگیدان بە دیالۆگ لەگەڵ لیست‌و دیدە جیاوازەکانی گۆڕەپانی کەرکوک.

بێگومان تەنیا رێگەیەک هەبێت بمانگەیەنێت بە کەنارەکانی سـەرکـەوتـن لـە هـەڵـبـژاردنـی داهاتووی پارێزگای کەرکوک، یەکتر قـبـوڵـکـردن‌و دیـالـۆگو دەستنیشانکردنی بەرژەوەندییە نیشتمانییەکانی هـەرێـمـی کوردستانە.

کەواتە بوونی دیـدو لیستی جیاواز بۆ هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پـارێـزگـای کـەرکـوک، مانای هەڵوێستی جـیـاواز نییە بۆ پرسە نیشتمانییەکانی هەرێمی کـوردسـتـان، بـەڵـکـو تـۆمـەت بەخشینەوەو دەمکوتکردن‌و قبوڵنەکردنی دیالۆگ لەنێوان لیست‌و دیدە جیاوازەکاندا، پرسە نیشتمانییەکانی هەرێمی کوردستان دەخاتە ژێر پرسیارەوەو دوارۆژی مەترسیدار دەکات.

ئـەوە دیـالـۆگو قبوڵکردنی یەکتری پێکهاتە رەسەنەکانی کەرکوک‌و دیدە جیاوازەکانیانە، کەرکوک‌و هەرێمی کوردستان‌و عێراقیش دەگەیەنێت بە کەنارەکانی بووژاندنەوەو ئاشتی‌و ئارامیی.

خـاڵـە هاوبەشەکانمان لە کـەرکـوکـدا پێش گشت شتێک پابەندبوون‌و سووربوونە لەسەر جێبەجێکردنی مادەی (١٤٠) لە دەستووری عێراقدا، داننان بە مافەکانی پێکهاتە رەسەنەکانی کەرکوک، رێزگرتن لە ئیرادەی بڕیاردانی خەڵکی شاری کەرکوک، خەڵکی شارەکە خۆیان چاکتر لە ئازارەکانیان دەگەن، باشترو‌ایە دەسەڵاتەکانی ئیداریی‌و حیزبیی دڵسۆزانی شارەکە بەرێوەی بـەرن، نەک بۆ مەرامە حیزبییە تەسکەکان هـەرکـەسـێ بێت‌و پـارێـزگـاری لە بەرژەوەندییە حیزبییەکەی بە پێویستر بزانێت لە کەرکوک، پۆستی ئیداریی‌و حیزبیی پێبدرێت.

شەنگال پێویستی بە گۆڕانە



خێری شەنگالی

جگە لە چەوسانەوەو بڵاوبوونەوەی هەژاریی‌و بێکاریی‌و نەبوونی ئەمن‌و ئاسایش، بە هەزاران گەنج‌و کاسبکارو خوێندکار لە تاریکیدا دەناڵێنن، ناوچە جیاجیاکانی ئێزدیان بە گشتی‌و شەنگال بە تایبەتی دەناڵێنن لەتاریکیدا، نە ئاو نە کارەبا نە پەروەردەی باش نە خزمەتگوزاریی تەندروستیی‌و شـارەوانـیـی‌و ئاوەدانیی نە ئەمن‌و ئاسایش، لەهەمانکاتدا بووەتە دەروازەی تیرۆرستان‌و مەیدانی رشتنی خوێنی خەڵکانێکی بێتاوان‌و ئیدارەی حیزبی بەرتەسک، دامەزراندنیش تەنیا بە تەزکیەی زەردەو تەزکیەی هاوپەیمانی سەوزیش ناخوات. ئەی ئەمە تاریکی نییە؟ لە سەرەتای ریفراندۆمی ناو (ی.ن.ک) ئێزدییەکان هەناسەیەکی قوڵیان هەڵمژی‌و چاوەڕێی گۆڕانکاری نوێ بوون، دوای سەرکەوتنی لیستی گوڕان لە هەرێمی کوردستان بەڕێژەیەکی باش، خەڵکێکی چاوەڕوان کە تووڕەن لە دەسەڵات هەستیان بە رووناکی مۆمەکەی گۆڕان کرد بۆ ئەوەی چیتر لە تاریکیدا نەمێنن‌و ناوچەکانیان لە گشت بوارەکانی ژیان‌و خزمەتگوزارییەوە گەش‌و رووناک بن، رووبان لە گردەپیرۆزەکەو کاک نەوشیروان کردو باوەشیان بۆ مۆمەکە کردەوە، چونکە ئاگرو رووناکی بە پێی میتۆلۆژیای ئێزدیان پیرۆزە.

بزووتنەوەی گۆڕان لە بەرژەوەندیی گشت چین‌و توێژەکاندایە بەتایبەتی کەمەنەتەوەو ئایینەکان، وەک ئێزدی‌و کاکەیی‌و شەبەک‌و تورکمان‌و عەرەبی کوردستان‌و مەسیحییەکان (کلدۆ ئاشوری‌و ئەرمەن)، بۆیە پێویستە گشتیان پشتگیری لە بزووتنەوەی گۆڕان بکەن، نەک تەنیا لە کوردستان، بەڵکو لە سەرانسەری عیراقدا. بۆ ئەوەی گەنج هەست بە کەسایەتی مەعنەوی خۆی بکات‌و پێویستی بە کەسانی تر نەبێت‌و دەرفەتی هۆشیاری‌و کارکردن‌و دامەزراندنی هەبێت بەبێ تەزکیەی حیزبی، پێویستە خەبات بکات لەپێناوی گۆڕاندا، ژنانیش مافی خۆیانە ئەو ئابڵوقە کۆمەڵایەتییە بشکێنن کە بە سەدان ساڵە لەژێر بیروباوەڕی کلاسیکیدا دەچەوسێنەوەو هیچ مافێکیان نییە جگە لە کۆیلایەتی ناوماڵ، بۆ ژنی ئێزدی مافی رەوای خۆی نەبێت لە ژیانی شارستانیدا، بۆ بەشداری لە پرۆژەی سیاسی نەکات؟ بۆ ئەوەی گوندەکانتان ئاوەدان بکرێنەوەو شوێنەواری بە عەرەبکردن‌و تەبعیسکردن نەمێنێت‌و چیتر زەوییەکانتان لەلایەن دەسەڵاتدارانەوە داگیرنەکرێن‌و مافی هاوڵاتیبوونتان هەبێت، پێویستە لەسەر هەموومان وەک ئەرکێکی نەتەوەیی‌و ئاینی، بڵێین بەڵی بۆ مۆمی گۆڕان، نەخیر بۆ تاریکی‌و گەندەڵی ئیداریی، گشتمان کارو خەبات بکەین لەپێناوی ئازادیی تاک، بۆئەوەی چیتر یاری بە ئێزدییەکان نەکرێت‌و نەفرۆشرێن بەرامبەر بە پوستێک یان ئیمتیازاتی مووچەو ئۆتۆمبیل بەخشین بەمیری ئێزدیان، یان بابە شێخ یان هەر کەسایەتییەکی تری ئێزدیان، چینایەتی هەڕەمی هەڵبوەشێتەوەو تاکەکان یەکسانبن، ئێزدییەکان چاوەڕوانی فەرمانی بزووتنەوەی گۆڕانن بۆ ئەوەی مۆمەکە داگیرسێنن لە شاخ‌و دەشتەکانی شەنگال‌و شێخان‌و بەعشیقاو تلکێف‌و سێمێلدا لە ماڵە تاریکەکاندا کە تائێستا رووناکییان پێ نەگەیشتووە.

ئاوڕدانەوەیەک لە ڕاپەڕینی(١٩٦٨)ی خوێندکاران..

ئەزموونێک بۆ گـۆڕان، بۆ حکـومـەتـی سێـ

ئیسماعیل حەمەئەمین

چەمکی گۆڕان تەنیا چەمکێکی سیاسیی ڕووت نییە کە تەنیا بکەرە سیاسییەکان کاری لەسەر بکەن، بەڵکو خۆی لەخۆیدا هەڵگری جەوهەرێکی کلتوورییە. کاتێک باس لە گـۆڕان دەکەین دەبێت باس لە گۆڕینی هەموو ئەو فۆرمە کۆنینە بکەین، کە لەنێو کایە جیاجیاکانی کۆمەڵگەدا کاری خۆی دەکـات. مەبەستم لێرەدا ئەوەیە، گوناهێکی گەورە دەکەین کە تەنیا گۆڕان بدەینە بەر سێبەرە خۆشنودەکانی لیستێک یان پارتێک، سەرجەم ئەو گۆڕانکارییە کلتوورییانە لەیادبکەین کە ئەو چەمکە لەگەڵ خۆیدا هەڵیدەگرێت. بزاوتەکان کاتێک دەبن بە دێڕی سیاسیی تۆکمە کە پێش ئەوە مێژوویەکی کلتووریی و ڕۆشنبیریی بۆ خۆی پێکهێنابێت. دوای دروستبوونی ڕستەی سیاسیی، دوای دروستبوونی بکەری سیاسیش، نابێت لە کایە نوێ کلتوورییەکان دابڕێت کە ئەوی هێناوەتە نێو شەپۆلەکەوە، دەنا شەپۆلەکە ئەویش لەگەڵ خۆیدا دەبـات. ئەگەر چاوەڕوانی ئەوە بکەین پارتێکی سیاسی لەبنەچەوەو بە تەنیا کۆمەڵگە لیبراڵیزەبکات، ئەوا توشی هەڵە دەبین لە تێگەیشتن لە جۆری میکانیزمی پەیوەندیی نێوان سیاسەتو کلتوور. گـۆڕان بەبێ کارکردن لەسەر زەمینەی کلتوور، بەبێ کارکردن بۆ گۆڕان لە هەموو بوارەکانی فەرهەنگو ئەدەبو گۆڕینی چێژی گشتیو عەقڵییەتی باوی کۆمەڵایەتی، گەشە ناکات.

ئەم پێشەکییە کورتە لە خزمەتی ئەم ئاوتۆبیۆگرافیایەی ڕاپەڕینی خوێندکارانی (١٩٦٨)لە فەڕەنساو ئەڵمانیادایە، ڕاپەڕینێک بوو دەموچاوی خۆرئاوای زیاتر لیبراڵیزە کـرد، زیاتر چەمکی ئازادییو سنوورە باوەکانی تێپەڕاند، خۆرئاوای کرد بە خۆرئاوایەکی لیبراڵو کراوە.

لەم نووسینەدا تەنیا ئەو کرۆنۆلۆژییە (گێڕانەوەیەکی زەمەنی) دەخەمەڕوو کە پێش چەندەها سـاڵ لە دووتـوێی نووسینێکی درێژدا سەبارەت بەنەوەکان بـڵاومـکـردبـووەوە، بـەداخـەوە زۆر لە خوێنەران لەبەر خراپیی بڵاوبوونەوەی گۆڤارەکە، کە ئێستا لەیادم نەماوە کامە گۆڤارە، ئەو بابەتەیان نەبینیبوو. گرنگی ئەم کرۆنۆلۆژییە لای من پێشکەشکردنی نموزەجێکە کە خوێنەر خۆی بتوانێت بەراوردکارییەک لە نێوان ئەزمونەکانی خۆیو دنیادا تاوتوێبکات. ئەم نووسینە تەنیا لەم ڕوانگەیەوە، هەوڵدانێکە بۆ وەگەڕخستنی توانای بەراوردیی لە نێوان ئەزمونی هەڵبژاردنەکانی ئەم دواییەی کوردستانو پەیدابوونی ئۆپۆزسیۆن لە کوردستاندا، بەتایبەت کە بە گەرمییەوە باس لەخەیاڵێکی سیاسی دەکرێت کە لە حکومەتی سێبەردا خۆی دەبینێتەوە.

کرۆنۆلۆژی شۆڕشۆچکەی مای (١٩٦٨) لە فەڕەنسادا باشترین نموونەمان پێشکەش دەکات لەسەر سەرەتای گەڕەلاوژەکانو دۆزینەوەی خاڵە قورسەکانی کێشەکان کە سەختبوونیان لە بەریەککەوتنەکاندا خۆی دەبینێتەوە. دەبێت ئەوەش بڵێین کە هێڵەگەرمەکانی نێوان دوو نەوەی جیاواز ڕۆژ بەڕۆژو ساڵ لەدوای ساڵ کێشەی نوێی کەڵەکە دەکردە سەریەک، بەجۆرێک کە ئیدی جیاوازییەکان گەیشتنە ئاستێک کە چیتر مارشی ناسیونالیستی حکومەتی ژەنراڵدیگۆڵو پاراستنی نەتەوەی فەڕەنسی لە هەڕەشەکانی دەرەوە، کاریگەریی نەبوو بۆ سـەر نـەوەی داهـاتـوو، نەک لەبەرئەوەی نەوەی شەستەکانی سەدەی ڕابـردوو کـوڕانو کچانی لامسەلایی و ئاژاوەچی بوون، هەر وەک چۆن ئاوەها لەلایەن کۆنزەرڤاتیفەکان (کۆنەپارێز)و ناسیونالیستە پیرەکانەوە وەسف دەکران، نەخێر، بەڵکو ئەمان نەوەیەکی نوێ بوون بە مۆتیڤێکی نوێو ژیانێکی نوێ، دەیانویست هەموو ئاسەوارەکانی جەنگ لە نێو عەقڵی باوی سیاسیو کۆمەڵایەتی ئەو سەردەمە دەرکێش بکەن. درێژە پێدانی ئەو کۆنەخوازییە چیتر لەگەڵ خەونەکانی ئەواندا نەدەگونجا، ئەوروپای داوای جەنگ، ئەورپایەک بوو زاخاودرابوو بە خەون بە دوارۆژەوە، خەونی دوارۆژیـش لەگەڵ درێژبوونەوەی دەسەڵاتی دیگۆلییەکانو ژەنەراڵە ناسیونالیستو کۆنەپارێزەکانی فەرەنسادا دەبووە کابوسێکی ناخۆشو هەناسەتونداییەکی ئـازادیـی، چیتر ئەو سیستمە سیاسیو ئیدارییە نەیدەتوانی لـەگـەڵ ئـەو سـێـبـەرەو کـەشـوهـەوا کۆمەڵایەتییەدا بگونجێنێت کە نەوەی نوێ خەونی پێوە دەبینی. هۆشمەندییەکی دیکە جێگەی هۆشمەندیی بەرگریی و گوتاری نەتەوەیی و ناسیونالیی دەگرتەوە، هۆشمەندییەک بەدواکاریی ڕیفۆرمی بنچینەیی لە بـوارەکـانـی پـەروەردەو سیاسەتی خوێندنی باڵاو زیاتر فراوانکردنی پەیوەندییەکانی نێرو مێ لە کۆلێژو بەشەناوخۆییەکاندا سەریهەڵدەدا.

زانکۆ تەقلیدییەکان کە هێشتا لە باڵاخانە کۆنینەکانیاندا مابوونەوە، بەو بەڕێوەبردنو مامەڵە تەقلیدییە کۆنەپارێزە لەگەڵ خوێندکاراندا، جێگەی نارەزایی خوێندکاران بوون کە خەونی نوێی مۆدێرنیزەکردنو لیبراڵیزەکردنی کۆمەڵگە بووە خەمێکی گـەورەیـان، ڕۆژ بـەڕۆژ داواکـردنـی ڕیـفـۆرمو نـارەزایـی لەسەر شێوازی سیستمی زانکۆیی پەرەیدەسەند، ئەوەبوو لە مانگی مای (١٩٦٨)دا گەڕەلاوژەکان دەستیانپێکردو لێرەو لەوێ تەشەنەیسەند، تـاوەکـو لـە شـۆڕشـۆچـکـەی(١٩٦٨) دەموچاوێکی مێژوویی بۆ خۆی پێکهێنا، نەک تەنیا لە فەڕەنسا، بەڵکو هەموو نەوەی نوێی لەگەڵ خۆیدا هێنایە نێو شەڕو ئیدیاو کێشمەکێشمەکانیەوە. لەدواییدا ئەم ڕاپەڕینە بە یەکێک لە درزتێکەوتنە گرنگەکانی مـێـژوویـی ئـەوروپـایـیـو جیهانیش دەژمێردرێت، بەوەی ئەوروپای جارێکی دیکە هێنایە سەر پێداچوونەوەو نـوێـبـوونـەوەو مـۆدێـرنـیـزەکـردنـی کۆمەڵگەکانی خۆیان لەهەموو بوارەکاندا.

(هێڵە گەرمەکان)، ئەو ئیدیا نوێیانە بوون کە سەرەتای دیاریکردنی ئەو هێڵە جیاکارییانە بوون لە نێوان دوو نەوەدا، لە نێوان دوو ئیدیاو جیهانبینیدا، بەشێوەیەک کە یەکێکیان لە فۆرمی دەسەڵاتدا خۆی بەرجەستەکردبووو ئەوی دیکەیان کە نـەوەی (منداڵەکان) بـوون لە فۆرمی جـوڵانـەوەی خـوێـنـدکـاریو فیکریو بڵاوکراوەو سیمینارو گۆڤارو ڕۆژنامەی تایبەت بە خۆیان دەسەڵاتی باوکەکانیان خستەبەردەم پرسیاری پڕگومانەوە، بـەڵام ئازیزانم لە کـوێ (هێڵی گـەرم) کێشرا لەوێندەرێ پێکداران دەستپێدەکات. گـەڕەلاوژەکـان سـەرەتـای دەرکەوتنی هۆشمەندییەکی کۆمەڵایەتین کە نۆرمو بەهاو مـۆراڵو ئەخلاقی کۆمەڵایەتیو ئیدیای باوی کۆمەڵایەتی دەخەنە بەردەم چوارچێوەی تازە لە نۆرمو بەهای تازەی جیاوازو پێناسەی نوێ، ئەمەش هەوڵدانێکە بۆئەوەی شوناسێکی نوێ بدەن بەخۆیان. گـەڕەلاوژەکـان فۆرمێکی نوێی نەوەو بیروڕا نوێیەکان بوون لە گەردونێکی تووڕەو دەمارگیردا.

کرۆنۆلۆژیی شۆڕشۆچکەی(١٩٦٨) بەمشێوەیەی خوارەوە بوو:

مانگی مـــای(١٩٦٨): دوای ئـەوەی خۆپیشاندانێکی خوێندکارانی زانکۆی سۆربۆن قەدەغەکرا، خوێندکاران هەستان بـەگـەڕەلاوژەو زانکۆیان بۆ ماوەیەکی دوورودرێـژ داگیرکرد، تاوەکو پۆلیس ناچاربوو بێتە ناو زانکۆوەو زیاتر لە دووسەد خوێندکار بەندکران، ئیوارەکەی لە گەڕەکی (لاتین) کە زۆربەی دانیشتووانی خوێندکارانی زانکۆ بـوون، گـەڕەلاوژە دەستپێکرد، بەگشتی شەش سەد کەس بەندکران.

سەندیکاکانی کرێکاران و ڕێکخراوە جەماوەریی و پیشەییەکان هاوکاریی و پشتگیریی خۆیان بۆ دواکارییەکانی خوێندکاران نیشاندا. خوێندکاران داوای ڕیفۆرمی ڕادیکاڵیان دەکرد لەزانکۆکاندا، لـە شـێـوازی وانـە وتـنـەوەوە بیگرە تاوەکو پـڕۆگـرامو زیاتر فراوانکردنی پەیوەندییەکانی نـێـرومـێ، بۆنمونە داوای تێکەڵکردنی بەشەناوخۆییەکانی خوێندکارانیان دەکـردو داوای زیاتر فراوانکردنی پەیوەندییە سێکسوالییەکانیان دەکرد لەسەر بنچینەیەکی مۆدێرن نەک کۆنەخواز.

* نەقابەکان داوای کـرێـی زیـادو باشکردنی باری گوزەران و جۆری بیمەکانی بێکاریی و کۆمەڵایەتیو تەندروستییان دەکرد، لە هەموولایەکەوە گەڕەلاوژەکان دەستیانپێکردبوو، چیدی زەمەنی باوی ڕۆژانـــە ژیـانـی نـەدەجـوڵـانـد، زەمـەن زەمەنی جـوڵاوی گـەڕەلاوژەکـان بوون کە فۆرمی داواکـاریو فۆرمولەکردنەو شـێـوەبـازکـردنـەوەی کۆمەڵگەیان لەخۆگرتبوو..

* (١٣)ی مـای(١٩٦٨): زیاتر لە یەک ملیۆن کەس بەشداریی خۆپیشاندانێکی گەورەیان کرد، دوو ڕووداوی گرنگ لەو نێوەندەدا زیاتر گەڕەلاوژەکانی دەکرد بە مانگرتنو داواکاریی فۆرمولەکراوو گوتارێکی تایبەتی پێدەبەخشیو شەرعیەتی سیاسیی پێیدەخشی.

یەکەمیان:ئەوەبووکەسەرۆک وەزیرانی حکومەتی فەڕەنسا، پۆمیدۆ(Pompidou) باسی لەئازادکردنی بەندکراوەکان کرد.

دووەمیان: بەشداریکردنی نەقابەکانو کرێکاران بەتایبەتی لەخۆپیشاندانەکەدا، بەمەش مەسەلەکە لە گەڕەلاوژەیەکی نەوەیەکی نوێی خوێنگەرمەوە گوزرایەوە بۆ نێو بوارێکی فراوانترو گەورەتر، ئەویش دواکارییەکانی چینو توێژەکانی کۆمەڵ بوو بۆ مۆدێرنیزەو چاکسازیی باری ژیان.

* مەترێزو پـێـکـدادانو ئۆتۆمبێل سوتاندن زۆربـەی ناوچەکانی پاریسی گرتبووەوە، (ژەنەراڵ چارلس دیگۆل) پلانی ئەوەی دادەنا کە بە سوپا ئەو خۆپیشاندانانە خامۆش بکاتەوە.

* لە هەموو دیـوارو سـوچو پەنای شـاری پاریسدا دروشمی جۆراوجۆر هەڵواسرابوو، لە هەموو کونوکەلەبەرێکدا بەیاننامە بڵاودەکرایەوە، هەموو بە گشتی داوای ڕیفۆرمی بنەڕەتییان دەکرد، سیستمی بەڕێوەبردنی کۆمەڵگەیان بە گەندەڵیو کۆنەپارێزو نەگونجاو لەگەڵ ڕۆحی سەردەم لەقەڵەمدەدا. زیادکردنی کرێو چاکسازیی بنەڕەتی لە سیستمی خوێندنو فراوانکردنی پەراوێزەکانی ئازادیی تەوەری ئەو هەموو گفتوگۆو مێژگردانە بوون کە خوێندکارانی زانکۆو ڕۆشنبیرانو نوێنەری نەقابەکان سازیاندەدا.

* دروشـمـی وەکـو (چاکسازییو ڕیفۆرم)و (ڕێکخراوە پیشەییە ڕەسمییەکان، قەحبەخانەن) (فانتازی بۆ گرتنە دەسەڵات دەبێتە واقیع)و (ئێمە جیهانمان دەوێت، هەر ئێستاش دەمانەوێت) ئەمەو چەندەها دروشـمـی دیـکـە کـە نـاوەڕۆکـەکـانـی کۆتاییهێنانبوو بـە دەسەڵاتخوازیی پیرەکانی جەنگ، دەسەڵاتی پیرەکان بە گشتی. دەبێت ئەوەش بڵێین کە شەڕی ڤێتنامو زۆرانـبـازیـی نـێـوان دەوڵـەتـە گەورەکان لەسەر دابەشکردنی دەسەڵاتی خۆیان لە کیشوەرەکاندا، بەتایبەت لە نێوان هەردوو براوەی سەرەکی جەنگی جیهانی دووەم، ئەمریکاو سۆڤیەت، سەرەتای دابەشبوونی کەشوهەوای کۆمەڵگەکانی خۆرئاوا بوو بەسیاسەتێکی جەنگخوازانەو درێژەپێدانی یاساکانی (باری نائاسایی) بۆ زیاتر کۆنترۆڵکردنی کۆمەڵگەو ئازادییە کەسییەکان. ئەم بارەنائاساییە لە هەموو لایەکی دنیادا، لە ئەمریکاو لە ئەڵمانیاشدا خوێندکارانی هێنایە سەرجادە.

* چەمکی (شـــەڕی شەقامەکان)و (پەرلەمانی شەقامەکان) دەهاتە نێو ئەدەبیاتی سیاسیو فیکرییەوە، دەبێت ئەوەش بڵێین کاریگەریی هونەری موزیکی (ڕۆک) کاریگەرییەکی تایبەتی هەبوو، دیسکۆکان شێوازی نوێی سەماکردنیان پێشکەشدەکرد کـە زیـاتـر لـە ڕووی دەرخستنی پێستی ڕووتو سێکسوالیەتەوە خۆی ڕێڕەوخواز کردبوو.

* لە ئەمریکادا دروشمی (دڵداریی لە جیاتی جەنگ) لەسەر هەموو زارێک بوو، گۆرانییبێژو موزیکییەکی ڕۆکی وەک (ڕۆلین ستۆنگ) گۆرانییەکی بە ناوی (شەڕکەری شەقام) Street Fightin Man بەرهەمهێنا، زۆری نەبرد حکومەتی ئەمریکای ئەوسا ئەو گۆرانییەی بایکۆت کردو سانسۆری خستە سەر بەوەی لە ئیزگەکاندا لێبدرێت. لەبەرامبەر ئـەوەدا، ملیۆنەها کاسێتو قـەوان فـرۆشـران، مـوزیـکـو هونەری ڕۆک کاریگەرییەکی گەورەیان هەبوو لەسەر دروشمەکان، لەهەمانکاتیشدا گـەڕەلاوژەکـانـیـان لە کەشوهەوایەکی هونەریدا فۆرملە دەکردەوە، دەربڕین بوو لە تووڕەیی نەوە نوێیەکان لەبەرامبەر (پیرەکانی جەنگ)دا.

* لە چاوپێکەتنێکی ڕۆژنامەوانیدا گۆرانییبێژو موزیکییەکی وەک(Frank Zappa) لەگەڵ گـۆڤـاری (Konkret Konkretێت) وتـی: پێویستە ئێمە جێ بە پیرەکان لەق بکەینو بچینە شوێنی ئەوان... ئەم ڕستەیە بە ڕستەیەکی سەرەتانی دەژمێررێت، بەشێوەیەکی زۆر سادە دەربڕینی کەشوهەوای گـــەڕەلاوژەو شۆڕشۆچکەی(١٩٦٨) بوو.

* حکومەتی دیـگـۆڵ لـە ناچاریدا هـــەڵـــبـــژاردنـــی ڕاگـــەیـــانـــد، ڕاســتـــە کۆنزەرڤاتیفەکان لەم هەڵبژاردنەشدا کورسیی زۆریـــان بەدەستهێنا، بەڵام حکومەت ناچار بـوو زۆر ڕیفۆرم بە ئەنجامبگەیەنێت، لەژێر ئەو گوشارەی جوڵانەوەی خوێندکارانی (١٩٦٨)دا لە هەموو بوارەکاندا، کۆمەڵگە کرانەوەی بەخۆیەوە بینی، جوڵەو ئازادییەکان گەیشتنە ئاستێکی دیکەو دیموکراسییەت لە ئـەوروپـادا خوێنگەرمییەکی دیکەی پێبەخشرا.

بـۆئـەوەی بەشێکی دیـکـەی ئەم پانۆراما خێرایە تـەواو بکەین کە لە خزمەتی باسەکەماندا دەیوروژێنین، بەپێویستی دەزانم کورتەیەکی پێناسەی شـۆڕشـۆچـکـەی(١٩٦٨) لەئەڵمانیادا بخەینەڕوو، بەو سیفەتەی ئەڵمانیای دوای نازیەتو جەنگ هێشتا لەنێو ئاسەوارەکانی جەنگدا دەژیـــا، نـــەوەی بـاوکـەکـانو کـوڕەکـان، لەزۆرانبازیەکی تیژبەردا بـوون. (١٩٦٨) لە فەڕەنسادا جارێکی دیکە هەموو کێشە هەڵپەسێردراوەکانی تەقاندەوە، دەبێت ئەوەش بڵێین کە چەپو بزووتنەوەی چەپی خەیاڵی کاریگەر بە چەمکی پارتیزانیو شەڕی جادەو ئەنتی فاشیزمی خەیاڵی لەنێو خوێندکارانی زانکـۆدا هێڵێکی پـانو پـۆڕی بۆخۆی فەراهەمکردبوو، بوونی چەند ئەکتیڤیستی وەک(ڕوودی دوتچکە Rudi Dutschke لەئەڵمانیا)و (کـۆن بـێـنـدیـت-Cohn Bendit لە فەڕەنسا) زیاتر ڕەهەندێکی (نـەوەخـوازی) بەخشی بەجوڵانەوەکە، پەیوەندی پتەوی ئایدۆلۆژیو سیاسی لە نێوانیانداو لەهەمانکاتیشدا پەیوەندی کاریگەریی نێوان هەموو گـەڕەلاوژەو شۆڕشۆچکەکانی(١٩٦٨) لەبزووتنەوەی دژی جەنگی ڤێتنامو ڕەگەزپەرستی لە ئەمریکادا بەشێکی دیکەی کاریگەرییەکانی ئەو جوڵانەوەیە بـوو. موزیکی ڕۆکو مۆدەی قژدرێژیو نیشاندانی جەستەی ڕووتو پانتۆڵی جێـنـز لەجیاتی قاتی کۆنەخوازانە. دەرکردنی چەندەها گۆڤاری سێکسیو ئازاد کە باس لە ئازادی جەستە دەکـاتو نیشاندانی چەند فۆتۆیەک کە پۆرنۆگراف نین بەقەد هێندەی سێکسوالی ئـــازادنو سێکس پابەند دەکـەنـەوە بە ئاشتیخوازییەوە وەک چەکێک دژی جەنگەکانی دوای شەڕی جیهانی دووەمو کەشوهەوای نەخۆشانەی جەنگی سارد، ئەو کەشوهەوا هاوتەریبانە بوون کە گەڕەلاوژەکانیان لەنێو کەشوهەوایەکی بزوێنەردا ئۆرگانیزەکرد.

لە ئەڵمانیادا بزووتنەوەی خوێندکاران لـە ڕووی نـــاوەڕۆکـــەوە بـەهـەمـان کرۆنۆلۆژی لێکچوودا تێپەڕدەبوو، بەڵام زیاتر کلتووری چەپی خەیاڵی بەسەردا زاڵبوو، بزووتنەوەی وەک (ئاپۆAPO) کە کورتکراوەی (ئۆپۆزیسیۆنی دەرەوەی پەرلەمان) بوو، لەگەڵ گروپەکانی دیکەی خوێندکارانو کـرێـکـاران جوڵێنەری گەڕەلاوژەکان بوون. (ڕوودی دوتچکە)ی ڕابەری بزووتنەوەی چەپی خوێندکاران لەلایەن ڕاسترەوێکی توندڕەو بەناوی (بـاخـمـان) تـەقـەی لێکراو بەسەختی بریندار بوو. بریندار بوونی دوتچکە بووە هۆی هەڵایساندنی توندوتیژی لە نێوان خوێندکارانو پۆلیسدا، ئۆتۆمبێل سوتاندنو مۆلۆتۆف هاویشتنو (توندوتیژیی دژی شتومەک)، گەیشتە ئاستێکی ترسناک. دۆتچکە تاوەکو (١٩٧٩)ژیاو لەدەرئەنجامی ئەو ئەو هەوڵی تیرۆرەوە کۆچی دوایی کرد. باخمانی ڕاسترەو لەزیندانداو خۆی کوشت، بەمشێوەیە دوای تەقەکردن لە دوتچکە، لە بەرلینو دەوروبـەری شەڕو پێکداران لە نێوان خوێندکارانو پۆلیس دەستیپێکرد، (١٩٦٨)بەم دەروازە سەختە دەستی پێکرد. لە هەموو شوێنێک خوێندکارانو ئەندامانی (ئاپۆ) باسیان لە (پارتیزانی شارەکان) دەکرد، باسیان لە توندوتیژیی دەکرد وەک هۆکارێک بۆ گەیشتن بەئامانجەکان، باس لە درزتێبوونی سیستمی باوی ئیداریو سیاسی ئەوسا دەکـرا، کۆبوونەوەو بیروڕای جیاوازو توندوتیژیی سیفەتی دیاری ئەو گەڕەلاوژانە بوو، کێشەی چەپو توندوتیژیی چەپڕەوی چەندەها تێزی لەخۆگرتبوو کە جێگەی گفتوگۆبوون، بەمشێوەیە تەقەکردن لە دۆتچکەو بریندار بوونی، ئـەو هەموو کێشانەی هێنایەکایەوە کە سەردەمانێک بوو لەدوای جەنگەوە کەڵەکە بوو بوون، زانکۆکانو ژووری پڕۆفیسۆرەکانیش بەر داگیرکردنی خوێندکارانی تووڕە کەوتن. تەنانەت خوێندکاران بیرۆی فەیلەسوفی خۆشەویستیان (تیۆدۆر ئادۆرنۆ) داگیرکرد، ئادۆرنۆ لە نامەیەکیدا بۆ (مارکۆز) کە لە (١٤)ی فێبراوری (١٩٦٩)دا نووسیویەتی:

(ئازیزم هێربێرت، ئێمە مەجبوربووین تـەلـەفـۆن بکەین بـۆ پـۆلـیـس، بـەڵام مەسەلەکە وا بڵاوکرایەوە هـەر وەک ئەوەی ئێمە توندوتیژییمان بەکارهێنابێت نەک خوێندکاران!. زۆر پڕوپاگەندەو قسەڵۆکیان بڵاوکردەوەو زۆربـەی ئەو هەواڵانە بەچەندەها ڕەنگوبۆ لێرەو لەوێ بڵاوکرانەونەتەوەو لنگەوقوچکراون، بێگومان ئەم جۆرە هەواڵە لنگەوقوچانەت پێگەیشتووە..)

ڕاینهارد مۆر: ماسیەکی تێر. گۆڤاری شپیگل ٢٠/ ١٩٩٨.

Reinhard Mohr , Der satte Fisch.

DER SPIEGEL ١٩٩٨/٢٠

ئادۆرنۆ مەجبوور بوو بانگی پۆلیس بکاتو لـەلایـەن زۆر لە خوێندکارانی خوێنگەرمی تەوباوی ئادۆرنۆش بە پیاوی حکومەت ناوزەدکرا، بەمەرجێک تێزەکانی ئادۆرنۆو قوتابخانەی فرانکفۆرت ئیلهام بەخشو پشتەوێنەی ئەو بزووتنەوەیە بـــوون، تێزەکانیان دەخـوێـنـرایـەوەو گفتوگۆیان لەسەر دەکرا. لەگەڵ ئەوەشدا گرنگی ئەو شۆڕشۆچکەیە لەلای یەکێکی وەکو (ئادۆرنۆ) لەو درزتێبوونەدا خۆی دەبینییەوە کـە خـوێـنـدکـاران لـە دژی سیستمێکی (دیـمـوکـراتـی لـە فـۆرمـدا) ئەنجامیاندا ئەو سیستمەیان خستە بەردەم پرسیاری سەختەوە، گەڕەلاوژەکانی ئەوان ئەو پرسیاری دیموکراسیو لیبراڵیزەکردنی کۆمەڵگەی جارێکی دیکە فۆرملەکردەوە. چەمکی (دیموکراسییەکی فۆرمال) مانای ئەو دیموکراتییە دەگرێتەوە لە شێوەو دەرکەوتندا بوونی هەیە، بەمانایەکی دیکە دیموکراسییەتێکی بێ ناوەڕۆکو جەوهەرەو ڕۆژ بـەڕۆژ مـرۆڤـی دەخستە بـەردەم

پەیامێک بۆ نەوشیروان مستەفا

هێرش سەنگەری

هەڵبژاردنی (٢٠٠٩/٧/٢٥) لە کوردستان ململانێ سیاسییەکانی هەرێمی کوردستانی بردە قۆناغێکی ترو جارێکی دیکە بیروباوەڕ لە ناخی تاکی کورددا ژیایەوە، لەو ڕۆژەوە خەڵک پشتی لە پارەو دەسەڵات کردو ئامێزی بۆ گۆڕان گرتەوە. گەورەترین دەستکەوتی مێژوویی ئەم سەردەمە بۆ خەڵکی کوردستان دروستبوونی لیستی گۆڕان بوو بە سەرکردایەتیی نەوشیروان مستەفا، گۆڕانیش لە یەکەم چرکەساتی دروستبوونییەوە گەورەترین گۆڕانی لە مێژووی سیاسیی کوردستاندا دروستکرد، چونکە خۆری خۆسەپاندنی حیزبو سەرکردەی خۆسەپێن ئاوابوو. نەوشیروان مستەفا وەک چۆن لە رابردوودا کارەکتەرێکی سەرەکیی نێو گۆڕەپانی سیاسیی کوردستان بوو، لەم سەردەمەشدا بەهۆی رابەرایەتیکردنی لیستی گۆڕانەوە بووە سەرکیترینو کاریگەرترین کەسایەتیی سیاسیی ئەمڕۆی کوردستانو زۆرێکی دیکەی فرێدایە زبلدانی مێژووەوە. بوونی چەندین سیفاتی گرنگو جوان لە کەسایەتیی نەوشیروان مستەفادا ڕۆڵی سەرەکی گێڕا لە ڕاکێشانی سەرنجی زۆربەی هەرەزۆری خەڵکی کوردستانو بەتایبەتی گەنجان. کورتیو پوختی قسەکردن، گرنگی نەدان بەکەسانی هەلپەرستو دزو ماستاوچی، سادەیی لەژیانی سیاسیو بەرپرسیاریدا، دەربڕینی مەبەستو قسەکانی بەبێ پەردەو قسەلەڕوو، ڕەوشتبەرزیو تێوەنەگلان لە گەندەڵیی سیاسیو ئەخلاقیی، بەشداریی بەرچاوو کاریگەر لە وێستگە گرنگەکانی رابردووی بزووتنەوەی سیاسیی کوردستان، داکۆکیکاری سەرسەختی مەسەلەی کورد، هەموو ئەمانەو چەندانی دیکە ئەویان کردووە بە سەرکردەیەکی خۆشەویستو دواتر کاریزما، ئەمەی کە وتم پیاهەڵدان نییە، چونکە ئەو پێویستی بەپیاهەڵدان نییە، بەڵکو ئەمانە ڕاستینو دۆستو دوژمنانی کورد شاهیدی ئەو ڕاستییەن.

مەبەستی سەرەکیم لەم نووسینە خاڵێکی زۆر گرنگە بۆ پەیوەندیی نێوان نەوشیروان مستەفاو خەڵک. ئاشکرایە لە ماوەی بانگەشەی هەڵبژاردندا کاک نەوشیروان هەموو شەوێک بۆماوەیەکی کورت دەبووە میوانی ماڵەکانو لەو ماوەکورتەدا زۆرشتی بۆ خەڵک ڕوون دەکـردەوە، لە بەرنامەی کاری لستەکەیو وەڵامـدانـەوەی پڕوپاگەندەکان، ئەمەش وایکرد هیچ ماوەی بە نەیارەکانی نەدەدا کە بە پڕوپاگەندەکانیان کەلێنێک لە نێوان ئەوو لایەنگرانیدا دروستبکەن، هەمیشە وتوومە بۆ دروستبوونی هێزێکی جیاواز لە هەردوو حیزبی دەسەڵات دوو مەرجی زۆر گرنگ هەیە، یەکەم: دەبێت بە رابەرایەتی کەسێک بێت کە خاوەنی رابردوویەکی پاکو کەسێکی شۆڕشگێربێتو بە ڕاستی سەرکردەبێت، نەک دروستبکرێت ئەگینا دوو حیزبەکە دەیکەن بە پۆڕی خوراو، ئەمەش لە نەوشیروان مستەفادا هەبوو. دووەم: دەبێت خاوەنی کەناڵی ڕاگەیاندن بێت، بۆ ئەوەی بە بەردەوامیی پەیوەندیی لەگەڵ خەڵکدا هەبێتو بۆ وەڵامدانەوەی پڕوپاگەندەی نەیارەکانی، کە لەمەشدا نەوشیروان مستەفا بەبێ ئەندازە نەخشەی بۆ کێشا بوو، سەرئەنجام کورسیی دەسەڵاتی لەرزاند.

دوای هەڵبژاردن، نەوشیروان مستەفا زۆر بەکەمیی دەبینرێت، ڕاستە ئەو حەزی زۆر بە دەرکـەوتـن نییەو هیچ کـات بەبێ بەرنامە نایەتە سەرشاشە، بەڵام بە ڕاستی ئێستا بارودۆخەکە گۆڕاوە، ئێستا میللەتێک چاوی لە ئەوە، ئێستا تۆپەکە لە گۆڕەپانی ئەودایەو هەر ئەویش دەزانێت چۆن ئاڕاستەی دەکات، چونکە ئەوانەشی کە دوودڵ بوونو دەنگیان بەگۆڕان نەدا، ئێستا زۆر پەشیمانن لەوەی کە دەنگیان بۆ گۆڕان نەداوە، تاوەکو بـەتـەواوی دەسـەڵاتـیـان بگۆڕیایە، بۆیە پێشنیاز دەکەم بۆ بەڕێز نەوشیروان مستەفا کە هەفتانە، یان لەکاتی پێویستدا لە ڕێگەی وتاری هەفتانەی خۆیەوە، ئاماژە بە ڕووداوە جیهانیو ناوخۆییەکان بـداتو سیاسەتی خۆیو بیروباوەڕی خۆیشی رابگەیەنێت بۆ بەرچاوڕوونیی خەڵک، چونکە ئێستا هاوڵاتییانی کوردستان دەیانەوێت ڕاستەوخۆ پەیامو بیروڕاکانی لە خۆیەوە ببیستن، چونکە قسەی ئەو لای خەڵک کاریگەرترەو خەڵک متمانەی زیاتری بە قسەو بیرو بۆچوونەکانی ئەو هەیە. ئەو ئێستا لەشکرێک گەنجی لە پشتەو چاوەڕوانی ئەون، چونکە خەڵک لە زۆر ڕووداوو هەڵوێستی سیاسیدا پێویستی بەسەرکردەی ژیرو بوێر هەیە کە بەرچاویان بۆ ڕوونبکاتەوە، نەک وەک ئەوانی دیکە چەواشەیان بکات. خەڵک لە هەڵبژاردندا بەبێ ترسی نانبڕینو دەرکردن متمانەی خۆیان بە لیستی گۆڕان بە سەرکردایەتیی نەوشیروان مستەفا بەخشیو هەقی خۆشیانە کە داوابکەن ئەو دەبێت هەمیشە لەبەر چاوان بێتو تاکی کورد ئاگاداربکات لە هەنگاوی داهاتوویو کارو هەوڵەکانی بۆ ناچارکردنی دەسەڵات بۆ جێبەجێکردنی داخوازییەکانی گەلەکەمان. دوا شت دەبێت هەموومان ئەوراستییە بزانین ئەمڕۆ حکومەت هەرچی دەکاتو هەر پڕۆژەیەکی خزمەتگوزاریی دەکـات، ئـەوە بەرهەمو دەستکەوتی گۆڕانە. کەواتە دەرکەوت لیستی گۆڕان لیستی هەموو کوردانەو بۆ خزمەتی کوردستانە.

پێشنیاز دەکەم بۆ بەڕێز نەوشیروان مستەفا کە هەفتانە، یان لەکاتی پێویستدا لە ڕێگەی وتاری هەفتانەی خۆیەوە، ئاماژە بە ڕووداوە جیهانیو ناوخۆییەکان بداتو سیاسەتی خۆیو بیروباوەڕی خۆیشی رابگەیەنێت بۆ بەرچاوڕوونیی خەڵک

حکومەتی هەرێمی کوردستان
وەزارەتی داد
دادگای کەتن لە سلێمانی

ژمارە: ٢٥١٨/ج/٢٠٠٨
ڕۆژ: ٢٠٠٩/٥/٢٧

بۆ/ تاوانبار محی الدین قادر حسن

بابەت/ ئاگاداری

لەبەر ئەوەی ئامادە نەبووین لە ڕۆژی دادگایی کردنت لە ڕێکەوتی ٢٠٠٩/٥/٢٧ سەرەڕای ئاگادارکردنەوەت لە ڕۆژنامەکانی ناوخۆدا، لەبەر ئەوە دادگایی کرایت بە (ئامادە نەبوون) بە شێوەی ئاشکرا لە داوای تاوانی ژمارە ( ) وە بریار درا تاوانبار بکرێیت بە گوێرەی ماددەی ٢١/ف١ لە یاسای هاتووچۆ
حوکم درا بە سەرتا بە ماوەی یەک مانگ
وە فەرمانی گرتنت دراوە بۆت هەیە خۆت تەسلیم بکەیت بەم دادگایە یان ب نزیکترین بنکەی پۆلیس و مافی (أعتراض)ت هەیە لەم بریارە بە گوێرەی یاسا.

دادوەر
گەشاو محمد امین

حکومەتی هەرێمی کوردستان
وەزارەتی داد
دادگای تاوانەکانی سلێمانی

ژمارە: ٥٨٠/ج/٢٠٠٩
بەروار: ٢٠٠٩/٨/١٦

«ئاگاداری»

بۆ تۆمەتباری راکردوو کمال حسین احمد
لەبەر ئەوەی نێردراوی بۆ ئەوەی دادگایی بکرێیت بەپێی ماددەی (٣١٦) لە یاسای (سزادان) لەو کێشەیەی کە تایبەتە بە بنکەی پۆلیسی (هەلەبجە) وە لەبەر ئەوەی جێگەی دیاری کراوت نییە بریارمان دا لە ڕۆژنامە ناوخۆییەکان ئاگادارت بکەینەوە کە لە ڕۆژی ٢٠٠٩/١١/١٠ لەبەردەم دادگاکەمان ئامادە بیت یان خۆت بگەیەنیتە نزیکترین بنکەی پۆلیس بۆ هێنانت لەو ڕۆژەدا بە پێچەوانەوە دادگایی دەکرێیت بەبێ ئامادەبوونت بەپێی یاسا.

سەرۆک
سەروەر چرار رەشید

وزارة العدل

مديرية التسجيل العقارى العامة
دائرة التسجيل العقارى فى السليمانية/ ٢
لجنة تثبيت الملكية في السليمانية
نموذج رقم (٢٨) تسجيل العقاري

أعلان

(طلب تسجيل عقار مجددا)

بناء على الطلب المقدم الى هذه الدائرة بتأريخ ٢٠٠٩/٧/٢٣ لتسجيل تمام العقار التسلسل (٩٦١) محلة (سرشقام) بأسم (أمينة حمة على احمد) مجددا بأعتبارهم حائزا لهم بصفة المالك للمدة القانونية ولغرض تثبيت الملكية المذكورة تمهيدا للتسجيل وفق أحكام قانون التسجيل العقاري رقم (٤٣) لسنة ١٩٧١ قررنا إعلان هذا الطلب. فعلى كل من يدعي بوجود علاقة أو معينة على هذا العقار تقديم ما لديه من بيانات الى هذه الدائرة خلال مدة ثلاثين يوما إعتبارا من اليوم التالى لنشر هذا الأعلان و كذلك الحضور في موقع العقار في الساعة العاشرة صباحا من اليوم التالي لأنهاء مدة هذا الأعلان و ذلك لأثبات حقوقه موقعيا في الكشف الذي سيجرى في اليوم المذكور اهذا الغرض.

ليلى عمرعلى
مديرة دائة تسجيل العقاري السليمانية/ ٢
٢٠٠٩/٨/١٧

حکومەتی هەرێمی کوردستان
وەزارەتی داد
دادگای کەتن/ ٢ لە سلێمانی

ژمارە: ١٦٥٠/ج/٢٠٠٨
ڕۆژ: ٢٠٠٩/٥/٢٧

بۆ/ تاوانبار ئاودێر شفیق غریب

بابەت/ ئاگاداری

لەبەر ئەوەی ئامادە نەبووین لە ڕۆژی دادگایی کردنت لە ڕێکەوتی / / سەرەڕای ئاگادارکردنەوەت لە ڕۆژنامەکانی ناوخۆدا، لەبەر ئەوە دادگایی کرایت بە (ئامادە نەبوون) بە شێوەی ئاشکرا لە داوای تاوانی ژمارە ( ) وە بریار درا تاوانبار بکرێیت بە گوێرەی ماددەی ١٢١ ف لە یاسای هاتووچۆ
حوکم درا بە سەرتا بە ماوەی یەک مانگ
وە فەرمانی گرتنت دراوە بۆت هەیە خۆت تەسلیم بکەیت بەم دادگایە یان ب نزیکترین بنکەی پۆلیس و مافی (أعتراض)ت هەیە لەم بریارە بە گوێرەی یاسا.

دادوەر
گەشاو محمد امین

حکومەتی هەرێمی کوردستان
وەزارەتی داد
دادگای کەتن/ ٢ لە سلێمانی

ژمارە: ١٠٨٠/ج/٢٠٠٨
ڕۆژ: ٢٠٠٩/٧/٢٩

بۆ/ تاوانبار محمد مجید خلف

بابەت/ ئاگاداری

لەبەر ئەوەی ئامادە نەبووین لە ڕۆژی دادگایی کردنت لە ڕێکەوتی ٢٠٠٩/٥/٢٥ سەرەڕای ئاگادارکردنەوەت لە ڕۆژنامەکانی ناوخۆدا، لەبەر ئەوە دادگایی کرایت بە (ئامادە نەبوون) بە شێوەی ئاشکرا لە داوای تاوانی ژمارە ( ) وە بریار درا تاوانبار بکرێیت بە گوێرەی ماددەی ٣٩٠ لە یاسای سزاکان
حوکم درا بە سەرتا بە ماوەی یەک مانگ
وە فەرمانی گرتنت دراوە بۆت هەیە خۆت تەسلیم بکەیت بەم دادگایە یان ب نزیکترین بنکەی پۆلیس و مافی (أعتراض)ت هەیە لەم بریارە بە گوێرەی یاسا.

دادوەر
گەشاو محمد امین

حکومەتی هەرێمی کوردستان
وەزارەتی داد
دادگای کەتن/ ٢ لە سلێمانی

ژمارە: ١٦٣٦/ج/٢٠٠٨
ڕۆژ: ٢٠٠٩/٥/٢٤

بۆ/ تاوانبار حسام نوری محمد

بابەت/ ئاگاداری

لەبەر ئەوەی ئامادە نەبووین لە ڕۆژی دادگایی کردنت لە ڕێکەوتی ٢٠٠٩/٥/٢٤ سەرەڕای ئاگادارکردنەوەت لە ڕۆژنامەکانی ناوخۆدا، لەبەر ئەوە دادگایی کرایت بە (ئامادە نەبوون) بە شێوەی ئاشکرا لە داوای تاوانی ژمارە ( ) وە بریار درا تاوانبار بکرێیت بە گوێرەی ماددەی ٢١ی مرور لە یاسای
حوکم درا بە سەرتا بە ماوەی یەک مانگ
وە فەرمانی گرتنت دراوە بۆت هەیە خۆت تەسلیم بکەیت بەم دادگایە یان ب نزیکترین بنکەی پۆلیس و مافی (أعتراض)ت هەیە لەم بریارە بە گوێرەی یاسا.

دادوەر
گەشاو محمد امین

حکومەتی هەرێمی کوردستان
وەزارەتی داد
دادگای تاوانەکانی سلێمانی

ژمارە: ٥٧٦/ج/٢٠٠٩
بەروار: ٢٠٠٩/٨/١٦

«ئاگاداری»

بۆ تۆمەتباری راکردوو کریم عبدالله نجم
لەبەر ئەوەی نێردراوی بۆ ئەوەی دادگایی بکرێیت بەپێی ماددەی (٢٩٨/٢٨٩) لە یاسای (سزادان) لەو کێشەیەی کە تایبەتە بە (بەڕێوەبەرایەتی ئاسایشی سلێمانی) وە لەبەر ئەوەی جێگەی دیاری کراوت نییە بریارمان دا لە ڕۆژنامە ناوخۆییەکان ئاگادارت بکەینەوە کە لە ڕۆژی ٢٠٠٩/١١/٥ لەبەردەم دادگاکەمان ئامادە بیت یان خۆت بگەیەنیتە نزیکترین بنکەی پۆلیس بۆ هێنانت لەو ڕۆژەدا بە پێچەوانەوە دادگایی دەکرێیت بەبێ ئامادەبوونت بەپێی یاسا.

سەرۆک
سەروەر ضرار رەشید

حکومەتی هەرێمی کوردستان
وەزارەتی داد
دادگای تاوانەکانی سلێمانی

ژمارە: ٤٨٦/ج/٢٠٠٨
بەروار: ٢٠٠٩/٨/٢٦

«ئاگاداری»

بۆ تۆمەتباری راکردوو کریم غانم کاڤم
لەبەر ئەوەی نێردراوی بۆ ئەوەی دادگایی بکرێیت بەپێی ماددەی (٢٩٨/٢٨٩) لە یاسای (سزادان) لەو کێشەیەی کە تایبەتە بە (بەڕێوەبەرایەتی ئاسایشی سلێمانی) وە لەبەر ئەوەی جێگەی دیاری کراوت نییە بریارمان دا لە ڕۆژنامە ناوخۆییەکان ئاگادارت بکەینەوە کە لە ڕۆژی ٢٠٠٩/١١/١٨ لەبەردەم دادگاکەمان ئامادە بیت یان خۆت بگەیەنیتە نزیکترین بنکەی پۆلیس بۆ هێنانت لەو ڕۆژەدا بە پێچەوانەوە دادگایی دەکرێیت بەبێ ئامادەبوونت بەپێی یاسا.

سەرۆک
سەروەر ضرار رەشید

حکومەتی هەرێمی کوردستان
وەزارەتی داد
دادگای تاوانەکانی سلێمانی

ژمارە: ٢٥٧/ج/٢٠٠٦
بەروار: ٢٠٠٩/٨/٢٦

«ئاگاداری»

بۆ تۆمەتبارانی راکردوو فلاح حسن اسود و فایق قاسم حسن
لەبەر ئەوەی نێردراوی بۆ ئەوەی دادگایی بکرێیت بەپێی ماددەی (٢٨١) لە یاسای (سزادان) لەو کێشەیەی کە تایبەتە بە (بەڕێوەبەرایەتی ئاسایشی سلێمانی) وە لەبەر ئەوەی جێگەی دیاری کراوت نییە بریارمان دا لە ڕۆژنامە ناوخۆییەکان ئاگادارت بکەینەوە کە لە ڕۆژی ٢٠٠٩/١١/٢٢ لەبەردەم دادگاکەمان ئامادە بیت یان خۆت بگەیەنیتە نزیکترین بنکەی پۆلیس بۆ هێنانت لەو ڕۆژەدا بە پێچەوانەوە دادگایی دەکرێیت بەبێ ئامادەبوونت بەپێی یاسا.

سەرۆک
سەروەر ضرار رەشید

حکومەتی هەرێمی کوردستان
ئەنجومەنی دادوەری
دادگای تاوانی کرکوک لە سلێمانی

ژمارە: ٤٤٠/ج/٢٠٠٨
بەروار: ٢٠٠٩/٨/٢٦

«ئاگاداری»

بۆ تۆمەتباری راکردوو هیمن ابوبکر محمد
لەبەر ئەوەی نێردراوی بۆ ئەوەی دادگایی بکرێیت بەپێی ماددەی (٣١/٤٤٣) لە یاسای (سزادانی عێراقی) لەو کێشەیەی کە تایبەتە بە بنکەی پۆلیسی (دەربەندیخان) وە لەبەر ئەوەی جێگەی دیاری کراوت نییە بریارمان دا لە ڕۆژنامە ناوخۆییەکان ئاگادارت بکەینەوە کە لە ڕۆژی ٢٠٠٩/١٢/٦ لەبەردەم دادگاکەمان ئامادە بیت یان خۆت بگەیەنیتە نزیکترین بنکەی پۆلیس بۆ هێنانت لەو ڕۆژەدا بە پێچەوانەوە دادگایی دەکرێیت بەبێ ئامادەبوونت بەپێی یاسا.

دادوەر
اکرم فرج امین

حکومەتی هەرێمی کوردستان
ئەنجومەنی دادوەری
دادگای تاوانی کرکوک لە سلێمانی

ژمارە: ٢٤٢/ج/٢٠٠٨
بەروار: ٢٠٠٩/٨/٢٧

«ئاگاداری»

بۆ تۆمەتباری راکردوو عبدالکریم محمود ابراهیم
لەبەر ئەوەی نێردراوی بۆ ئەوەی دادگایی بکرێیت بەپێی ماددەی (٢٨٩) لە یاسای (سزادان) لەو کێشەیەی کە تایبەتە بە بنکەی پۆلیسی (کەلار) وە لەبەر ئەوەی جێگەی دیاری کراوت نییە بریارمان دا لە ڕۆژنامە ناوخۆییەکان ئاگادارت بکەینەوە کە لە ڕۆژی ٢٠٠٩/١٢/٦ لەبەردەم دادگاکەمان ئامادە بیت یان خۆت بگەیەنیتە نزیکترین بنکەی پۆلیس بۆ هێنانت لەو ڕۆژەدا بە پێچەوانەوە دادگایی دەکرێیت بەبێ ئامادەبوونت بەپێی یاسا.

دادوەر
اکرم فرج امین

حکومەتی هەرێمی کوردستان
وەزارەتی داد
دادگای تاوانەکانی سلێمانی

ژمارە: ٣٩٥/ج/٢٠٠٨
بەروار: ٢٠٠٩/٨/٢٦

«ئاگاداری»

بۆ تۆمەتباری راکردوو محمد غیدان محمد
لەبەر ئەوەی نێردراوی بۆ ئەوەی دادگایی بکرێیت بەپێی ماددەی (٣٩٣) لە یاسای (سزادان) لەو کێشەیەی کە تایبەتە بە بنکەی پۆلیسی (سەیوان) وە لەبەر ئەوەی جێگەی دیاری کراوت نییە بریارمان دا لە ڕۆژنامە ناوخۆییەکان ئاگادارت بکەینەوە کە لە ڕۆژی ٢٠٠٩/١١/٢٥ لەبەردەم دادگاکەمان ئامادە بیت یان خۆت بگەیەنیتە نزیکترین بنکەی پۆلیس بۆ هێنانت لەو ڕۆژەدا بە پێچەوانەوە دادگایی دەکرێیت بەبێ ئامادەبوونت بەپێی یاسا.

سەرۆک
سەروەر ضرار رەشید

خاوەنی ئیمتیاز:
کۆمپانیای وشە

سەرنووسەر:
عەدنان عوسمان

بەڕێوەبەری نووسین
ئاودێر شێخ عومەر
awder.sh.omer@gmail.com

کارگێڕیو ریکلامو ئاگاداری
٠٧٧٠١٢٠٣٩٤٩ - ٠٧٤٨٠١٢١١٤٤
info. rozhnama@gmail.com
riklam. rozhnama@gmail.com

دەستـــەی نووســـەران
سیروان رەشید ٠٧٥٠١٥٢٢٥٢٨ serwan_rm@yahoo.com
فازڵ نەجیب ٠٧٧٠١٥٢٦٥٨٣ fazil988@yahoo.com
هیوا جەمال ٠٧٧٠١٥٧٦٩٠٦ hiwa.jamal@yahoo.com
فرمان عەبدولڕەحمان ٠٧٧٠٢٢٣٣٣٠٤ frman802001@yahoo.com

ب. ئۆفیسی هەولێر
ئیبراهیم عەلی ٠٧٥٠٤٤٤٧١٠٩

دابەشکردن:
کۆمپانیای نێوەند ٠٧٧٠١٥١٧٥٣٣ - ٠٧٧٠١٥٤٤٧٨٠

ئۆفیسی سەرەکیی:
سلێمانی - بەختیاری - پشت بەڕێوەبەرایەتی گشتیی پەروەردەی سلێمانی

ئۆفیسی هەولێر:
شەقامی زانکۆ ٩٤ نزیک چوارڕیانی حەمرین، تەنیشت بەڕێوەبەرایەتی ژینگەی هەولێر

مادەیەکی لەبیرچوو، بەڵام پێویست بۆ دەستووری هەرێمی کوردستان

ئاری ئەبوبەکر*

«ئەم نووسینە بەشێکی بچکۆلەیە لە پرۆژەیەکی گەورە کە بەنیازین بە چەندین زنجیرە وتار لە یەکێک لە ڕۆژنامەکانی ئاوێنە، هاوڵاتی یان ڕۆژنامەدا بڵاوی بکەینەوە لەمەڕ پرۆسەی بە کۆمەڵایەتیبوونی تاک socialization، هەر لە کاتی دروستبوونی کۆرپەلەوە تا لەدایکبوونو گەورەبوونو خێزانداریو پیربوونو تا لێواری مەرگ و مەرگ و دوای مەرگیش، هەموو ئەو پرۆسانەی کە تاکی پێدا تێپەڕ دەبێت، بەڵام تائێستا لە سەرەتاداینۆ بەهیوای ئەوەی کە ئەم پرۆژەیە لە زوترین کاتدا چاو بە دنیا هەڵبهێنێت، بە ئومێدی ئەوەی کە پەرلەمانی کوردستانو وەزارەتی کۆمەڵایەتی سوودی لێببینن، بەڵام لە ئێستادا لەبەر پێویستی ئەم بەشەو چەند بەشێکی دیکەی لێ بڵاودەکەینەوە»

دەستووری هەرێمی کوردستان سەرەکیترینو بنچینەییترین مادەو بڕگەی لە بیرچووە، کە پەیوەستە بە یەکە یەکەی تاکی دانیشتووی هەرێمی کوردستانەوە، ئەویش ئەرکی بژێویی ژیانی تاکەکانە لەسەر دەوڵەت

لە هەموو دنیادا دەستوور بۆ پاراستنی ژیانی تایبەتی تاکەکانی کۆمەڵگەو ڕێکخستنی پەیوەندییەکانە، هەر لە پەیوەندیی نێوان تاکەکان تا دەگاتە پەیوەندیی نێوان دەوڵەتو تاکەکان، ئەرکی دەوڵەت بەرامبەر تاکو بە پێچەوانەوە، پەیوەندیی دەوڵەتو جیهانی دەرەوەی سنووری دەوڵەتەکە. ئەمانە بە هەموویانەوە لە چوارچێوەی چەند یاسایەکی گشتیدا ڕێکدەخرێن کە ناوی دەستووری وڵاتە.

ئەوەی کە دەمەوێت لێرەدا سەرنجی خۆمی لەسەر بخەمەڕوو، مافی هاوڵاتییانی ناو سنووری دەوڵەتە لە مادە دەستوورییەکاندا، بەتایبەتی تر کە ئێستا کار بۆ ئەوە دەکرێت، دەستووری هەرێم تێبپەڕێنرێت لە نزیکترین کاتدا.

پێش ئەوەی بچمە ناو بابەتەکەوە دەمەوێت ئەوە ڕوونبکەمەوە کە لەم تێکستەدا دەڵێین دەوڵەت مەبەستمە دەوڵەت وەک چەمکێکی گشتیی جیا لە چەمکی حکومەت بەکاربهێنم، چونکە دەوڵەت زۆر جیاوازترە لە حکومەت، دەوڵەت بەو سنوورە جوگرافییە دەوترێت کە نەتەوەیەک یان چەند نەتەوەیەک تێیدا نیشتەجێنو زۆر بەکەمیی گۆڕانی بەسەردا دێت، لە کاتێکدا چەمکی حکومەت لە وڵاتانی دیموکراتیدا دارودەستەی حکومەت دەگۆڕێنو جێگۆڕکێیان بەسەردا دێت، واتا دوێنێ حکومەتی ڕاسترەو ئەمڕۆ حکومەتی چەپڕەو، بەیانی حکومەتی سۆشیال دیموکرات.....هتد. دیارە ئەم باسە ئاو زۆر دەکێشێت، بۆیە ئەمە دەکرێت بکرێتە بابەتێکی سەربەخۆ، بەڵام ئەوەی کە پێویستە بوترێت، ئەوەیە کە لێرەدا چەمکی دەوڵەت بەکاردەهێنین وەک پێناسەیەک بۆ ئەو چوارچێوە یاساییەی کە ناوی هەرێمی کوردستانە.

ڕەشنووسی ئێستای دەستووری هەرێمی کوردستان بەدەر لە هەر گەمەیەکی سیاسیی لایەنە سیاسییەکان، بەدەر لەوەی چ ڕەئێکمان لەسەری هەیەو چۆن هەڵیدەسەنگێنین، چەند مادەیەکی تێدایە کە بەزیادە دێتە پێش چاو، هەروەها چەند مادەیەکی کەمە کە زۆر زۆر پێویستن بۆ گەڕاندنەوەی ڕێز بۆ تاکو بۆ دانیشتووانی کوردستان، لە هەمانکاتدا دەوڵەت دەخاتە ژێر بەرپرسیارێتییەکەوە چەندەها ساڵە دەسەڵاتداران لێی ڕادەکەنو بە خەمی ئەوەڵی خۆیانی نازانن. نموونەی مادە زیادەکان، بوونی زیاتر لە چەند مادەیەکە کە دەسەڵاتەکانی سەرۆکایەتیی هەرێم دیاریدەکاتو بە هەموو پێوەرێک کۆمەڵێک دەسەڵاتی ئیزافی دەدات بە سەرۆکی هەرێم کە بە بڕوای بەندە ڕەنگ هەیە هیچ پێویستی بەو مادە زۆرو زەبەندانە نەکات بۆ دیاریکردنی دەسەڵاتی سەرۆکی هەرێم، بەڵکو بە یەک یان دوو مادە دەسەڵاتە سەرەتاییەکانی دیاریبکرێن، تەفاسیلی دەسەڵاتەکانی لە چوارچێوەی یاسا دارێژراوەکانی ناو پەرلەماندا دیاریبکرێن، ئەمەش لەبەر دوو هۆ: یەکەم، بۆ ئەوەی ئەو هەموو مادەو بڕگەو زۆرو بۆرییە بە دەستوورەکەوە دیار نەبێت. دووەم، بۆ ئەوەی کە بتوانرێت بەئاسانی جیگۆڕکێ بە دەسەڵاتەکانی سەرۆکی هەرێم بکرێتو لەگەڵ سەردەمدا بگونجێنرێن، ئەمەش بەئاسانی ناکرێت ئەگەر هەموو دەسەڵاتەکانی سەرۆکی هەرێم لە دەستووردا دیاریبکرێن.

لە جێی ئەو هەموو قەرەباڵغییەی مادەکانو خەریک بوون بە (بۆ نمونە) دەسەڵاتی سەرۆکی هەرێمەوە، دەستووری هەرێمی کوردستان سەرەکیترینو بنچینەییترین مادەو بڕگەی لە بیرچووە، کە پەیوەستە بە یەکە یەکەی تاکی دانیشتووی هەرێمی کوردستانەوە، ئەویش ئەرکی بژێویی ژیانی تاکەکانە لەسەر دەوڵەت.

ئەرکی بژێویی تاک بە تاکی دانیشتووانی هەرێم لەسەر دەوڵەت(چوارچێوە یاساییەکەی هەرێمی کوردستان)، ئەمەش نەک بەو مانایەی کە حکومەتی هەرێمی کوردستان تەمەڵخانەیەکی گەورە بکاتەوەو هەمووانی تێبئاخنێتو پارەو بژێویی هەمووان دابینبکات، بە پێچەوانەوە مادەیەکی لەو جۆرە دەبێتە هۆی ئەوەی کە زۆرترین خەڵک هەوڵ بدات بە یارمەتی دەوڵەتو دەزگاکانی دەوڵەت کە کاری شایستە پەیدا بکاتو بتوانێت خۆی بژێنێت بە هێزی کاری خۆی، بە مەرجێک کارەکە شایستە بێتو کرێی کارەکەش شیاوی ئەوە بێت کە ژیانێکی سەربەرزو شایستەی پێ دابینبکرێت، بۆ ئەوەی نموونەیەک بۆ ئەمە بهێنینەوە تاکو بەرچاوڕوونیو تێگەیشتنێکی سادە لای خوێنەر دروستبکات، ئەوا نموونە بە دەستووری دانیمارک دەهێنینەوە، هیوادارێشم کەس ئەو قسە سواوەمان بۆ دووبارە نەکاتەوە، کە ناکرێت دانیمارک بە کوردستان بەراورد بکرێت، چونکە ئەم بڕگە دەستوورییەی کە ئێستا وەک نموونە دەیهێنینەوە لە ساڵی (١٨٤٩)دا نووسراوە، کاتێک کە سێ لەسەر چواری دانیمارک کارەبای نەبووەو بە غەیری کشتوکاڵو ئاژەڵداریی چ کارو پیشەیەکی تر نەبووە کە شایەنی باسکردن بێت، لەبەر ئەوە بەهانە هێنانەوە بەوەی کە ناکرێت کوردستان پێوانە بکرێت بە دانیمارک، لە درۆیەکی بێلەزەتو بەهانەیەک بۆ خۆدزینەوە لە بەرپرسیارێتیی بەرامبەر بە هاوڵاتییان، چ شتێکی تر نییە، خۆ ئەگەر ئەم بەهانەیەش بە زۆر ئاخنرایە گوێچکەمانەوە، ئێمەش دەپرسین، ئەدی بۆچی بۆ مووچەی ئەندام پەرلەمان، وەزیر، مەکتەب سیاسییو کەسانی نزیک دەسەڵات، چاو لە مووچەی وڵاتانی وەک دانیمارک دەکەن، بۆچی دەبێت ئەندام پەرلەمانێک نەک وەک پەرلەمانتارێکی دانیمارکیی، بەڵکو زیاتریش خاوەنی پشووی هاوینەو هۆلیدەی بێت؟ بۆ بۆژیانی تاکەکان نابێت پەرۆیەک لە دانیمارک دابدرین، بەڵام بۆ مەسئولینو دەسەڵاتداران ئاساییە کە لە زۆربەی سیاسیو وەزیر و....هتد ئەوروپا زیاتر لە خۆشی دابن؟ بەهەرحاڵ وەک وتمان، ئەگەر وەک نمونە لە دەستووری دانیمارک کە بە grundloven ناسراوە، پەرەگرافی (٧٥)بەشی (٢)وەربگرین کە دەڵێت * «هەر کەسێک کە ناتوانێت خۆی یان خێزانەکەی بژێنێت، ئەگەر داهاتی تری نەبوو، ئەوا مافی ئەوەی هەیە کە بژێنرێتو کۆمەک وەربگرێت لەلایەن دەزگاکانی دەوڵەتەوە، بەمەرجێک لەوئەرکانە دەرنەچێت کە یاسا بۆی دیاریکردووە»، ئەم بڕگەیەی مادەی(٧٥) لە دانیمارکدا وەک سورەتی فاتیحا وایە، هەموو کەس لەبەریەتی یان بە جۆرێک لە جۆرەکان دەیزانێو بەندە (بەحوکمی خوێندنەکەم) باش شارەزاییم هەیە لەم بڕگەیەی دەستووردا کە دەتوانم بڵێم ئەم بڕگەیەی دەستوور بووەتە بناغەی هەموو یاساکانی سێکتەری کۆمەڵایەتی دانیمارکو هەموو یارمەتییەکانی بێکاریی، پارەی سۆشیال، یارمەتی هاندیکاپ، یارمەتی مانگانەی منداڵ هەر لەیەکەم ڕۆژی لە دایکبوونییەوە تا دەگاتە (١٨)ساڵیو ئەگەر پێویستی کرد یارمەتی تا مردنو لەمەش زیاتر دوای مردنیش (بەهۆی ئەوەی کە لە دانیمارکدا قەبرکرین گرانەو پێویستە مرۆڤ تا لە ژیاندایە قەبر بۆ خۆی بکرێت، ئەگەر نا ئەوا شارەوانی قەبری بۆ دەکرێت، بەم پێیەش دوای مردنیش مرۆڤ دەتوانێت کۆمەک لە دەوڵەت وەربگرێت).

بۆیە لەم ڕوانگەیەوە دەکرێت بپرسین، ئاخۆ بۆچی دەسەڵاتداران هیچ کاتێک باسیان لە بڕگەیەکی لەم شێوەیە نەکردووە کە بۆ دەستووری هەرێمی زیاد بکەن؟ دیارە بێئاگا نیم لە مادەی (٢٣و٢٤)ی ڕەشنووسی هەرێم کە مادەی (٢٣) باسی خانەوادەی شەهیدانو کەسوکاریان دەکاتو مادەی (٢٤)یش بە جۆرێک لە جۆرەکان دان دەنێت بەوەی کە هەموو کەس مافی گوزەرانێکی شایستەی هەیە، بەڵام لە هیچ شوێنێکی ڕەشنووسەکەدا بەشێوەیەکی ڕوونو ئاشکرا بانگەشەی ئەوە نەکراوەو بە ئەرکی دەوڵەت نەزانراوە کە ژیانی هاوڵاتییانی دابینبکات، خۆ ئەگەر ئەمە ببێت بە مادەیەک لە دەستووردا بتوانرێت لانیکەم لە سێکتەری کۆمەڵایەتیدا بەشێکی یاساکانی لەسەر بنیادبنرێت، ئەوا ئەو کاتە هەموو تاکێک بۆی هەیە لانیکەم داوای کۆمەک بکات لە دەوڵەتو چی دی بەشێک لە منالی سواڵکەر، عەلاگەفرۆشو بۆیاخچی کەمدەبنەوەو بە پێچەوانەوە مومارەسەی منالیی خۆیان دەکەن، وەک هەر منالێکی دنیا، هەروەها ئافرەتان بە ژنو کچەوە کەمتر ژێردەستەی مێردو براو کەسوکارە نێرینەکانیان دەبنو لانیکەم بەشێک لە سەربەخۆیی ئابووری بەدەستدەهێنن و زۆرترین ئافرەت دەتوانێت سوود لە بازاڕی کار وەربگرێتو ئەو کات کەمترین ئافرەت بەکاردەهێنرێت بۆ مەرامە گڵاوەکانی پیاوە نەفسنزمەکانی بازاری کارو سیاسەت، چونکە چی دی هەندێک لە ئافرەتان ئیجبار نین بەوەی لە شوێنێکدا کار بکەن کە کەرامەتیان دەڕوشێنرێتو لەبەرخاتری قوتی ژیان مەجبوور نابن بە زۆر شت، چونکە بیمەیەکی کۆمەڵایەتییان دەبێت، کە ژیانیانی تیا مسۆگەرە بە ئیشکردنو ئیش نەکردن. ئەگەر لەبری ئەو مادە زۆرانەی کە دەسەڵاتی سەرۆکی هەرێم دیاریی دەکەن بە شێوەیەک لە شێوەکان بڕگەیەکی لەم جۆرە بخرێتە ناو دەستوورەوە، لانیکەم بەشێک لەو کەسانەی کە بەهۆی بواری کۆمەڵایەتی، سایکۆلۆژیی یان فیزیکی هاندیکاپنو نابینرێن لەسەرجادەو بە سواڵو سەدەقەو خێری خەڵک بژین یان ببنە جێی گاڵتەجاریی هەندێک کاسبکاری ناو بازاڕ کە هەندێکجار دەگاتە ئاستێک کە کەسوکاری هاندیکاپەکان لە ڕویانناییەت خۆیانیان لێ نزیکبکەنەوە لەبەرئەوەی لە پێگەی کۆمەڵایەتییان کەمنەبێتەوە بە هۆی کەسوکارە هاندیکاپەکەوە، هاندیکاپەکانیش هەم خۆیانو هەم کەسوکاریان هەست بەئاسوودەییەک بکەن کە وەک مرۆڤ ڕێزیان لێدەگیرێت.

ڕێکخستنەوەو دانانی مادەیەکی وا بۆ دەستوورو پرۆسەی بە ڕەواکردنەوەی مافی هاوڵاتی لەسەر دەوڵەت، کارێکی ڕاستە زەحمەتە(بەتایبەتی تر کە ئێمەی ڕۆژهەڵاتیی گۆش نەکراوین بە مافی هاوڵاتیبوونمان)، بەڵام مەحاڵ نییەو دەکرێت دەستپێبکرێت، بە دەستووریی بکرێتو بە یاسایی بکرێت، وەک سەرەتایەک بۆ ئەوەی کە چی دی هیچ دەسەڵاتدارێکو پەرلەمانتارێک(بە لیستی گۆڕانیشەوە) نەتوانن منەتمان بەسەردا بکەن بەوەی کە دەمانژیەنن و یارمەتیو سەدەقەمان بەسەردا دابەشدەکەن(وەک لە زۆربەی بۆنەکاندا دەبینین کە کەسوکاری شەهیدو ئەنفالکراوەکان ڕیز دەکرێن بۆ یارمەتییەک کە بەهای ئەوەی نییە باس بکرێت، چجای ئەوەی لە تەلەفزیۆنەکانەوە باسبکرێتو نیشانبدرێت)، بەڵکو بە پێچەوانەوە مافی ژیاندن ببێتە ئەرکێک کە تاک بە پلەی یەکەمو دەوڵەت بە پلەی دووەم لێی بەرپرسیار بێت. وەک لەسەرەوە وتم ئەم زامنکردنەی مافی ژیان لانیکەم لەم خولەی پەرلەمانی کوردستاندا دەتوانرێت دەستپێبکرێت، دڵنیاشم هەر لیستو قەوارەیەک پێداگریی لەم مادەیە بکاتو کار بکات بۆ ئەوەی کە مافی ژیانکردن مسۆگەر بکات بۆ هاوڵاتییان، دوارۆژێکی مسۆگەر لە حوکمڕانیکردن بۆ خۆی مسۆگەردەکات، جا ئافەرین بۆ ئەو لیستو کوتلە سیاسییەی ناو پەرلەمان کە دەستدەکات بەکارکردن بۆ ئەم فەلسەفەیەو ئەم جۆرە لە سیاسەتکردن.

*فوتابیی دواساڵی
ڕاوێژکاریی کۆمەڵایەتی لە دانیمارک
http://www.grundloven.dk*
Arei1976@hotmail.com

چاوەڕوانیی. لەحکومەتی سەردەمی ئۆپۆزسیۆندا

بێستون بنگردی

ئەوەی هاوڵاتییانی دانیشتووی هەرێمو دەرەوەی کوردستانی بێزارکردووە، بوونی ئەو هەموو گەندەڵییو ناشەفافیو نادادپەروەرییو نایەکسانییەیە کە ساڵانێکە بەرامبەر بە دانیشتووانی بێدەسەڵاتو هەژاری ئەم هەرێمە کراوە، بەرپرسی ئەو هەموو نایەکسانیو لادانە ئیداریو سیاسیو ئەخلاقییەی لەم وڵاتەدا دەکرێت ئەو دوو هێزەیە کە دەسەڵاتی (١٨)ساڵی ڕابردوویان لە دەستدابووە، هەر لەبەر ئەو هۆکارە ئەوان بەرپرسنو هەموو کەموکووڕییەکان لەئەستۆی ئەواندایە.

ئەوەی هێڵی جیاکەرەوەی نێوان ئەو دووبەرەیەیە، واتا بەرەی حکومەتو بەرەی ئۆپۆزسیۆن، خزمەتکردنو چاودێریکردنە، بە مەرجێک حکومەت پەند لە هەڵەکانی ڕابردووی وەربگرێتو ئۆپۆزسیۆنیش ڕۆڵی جدیی خۆی بگێڕێتو کەموکورتییەکان دەستنیشانبکاتو چاودێریی ئەداو کاری ئیداریی بێت، تا ئەو شێوازی بەڕێوەبردنەی ئێستا هەیەو لەو قەیرانەی تێیکەوتووە ڕزگاری بێت.

هەڵبژاردنی ئەمجارە دەروازەیەکی نوێبوو بۆ تاقیکردنەوەی حکومەت لەپێداچوونەوە بەکارەکانی ڕابردوودا، بۆئۆپۆزسیۆنیش باشترین دەرفەتە تا ڕەگو ریشەو بناغەی تۆکمە دابنێتو ئەو(تەم)و گومانەی لەلای بەشێک لەهاوڵاتییان هەیە لەسەر کاری ئایندەی لە پەرلەماندا نەمێنێت.

هاوڵاتییان، ئێستا لەچاوەڕوانی حکومەتی نوێدانو دەیانەوێت شەنوکەوی کارەکانی بکەن، بزانن تاچەند کەموکووڕییەکانی کابینەکانی ڕابردوویان چارەسەرکردووەو دەستوەردانو دەسەڵاتی حیزبیی لەخۆی دووردەخاتەوەو هەموو هاوڵاتییان بەبیروبۆچوونی جیاوازەوە قبووڵدەکات، هەرچەندە ئەوانە بەشێکیان ئەگەرو بەشێک لەچاوەڕوانییەکان لە ڕۆژی سوێندخواردندا دەرکەوتن، بەڵام هێشتا لەسەرەتادانو ئەگەر ئەو دووهێزە ڕێکبکەون لەسەرپۆستەکانو نیەتی خزمەتو چاکسازییو نوێبوونەوەو ئاوەدانییان هەبێت، وەکو خۆیان کردیان بە دروشم ئەوا دەتوانن ئەنجامیبدەن ئەگەریش بەرژەوەندیی حیزبو گروپەکانیان لەسەرو بەرژەوەندیی هاوڵاتییانەوە دابنێن، ئەوا ئەرکی ئۆپۆزسیۆنە ببێتە چەتری جەماوەرو ڕێگەنەدات پۆخڵەواتەکانی کابینەکانی تر دووبارەبکەنەوە.

لەئێستادا هەموومان چاوەڕوانینو ئایندەش خۆی وەڵامی ئەو پرسیارانە دەداتەوە کە بەدوایدا دەگەڕێین، ئەگەر بەرەی حکومەتو بەرەی ئۆپۆزسیۆن نەیانتوانی ڕۆڵی خۆیان بگێڕن، ئەوا پێویستە جەماوەر بەدوای بەدیلدا بگەڕێت کە بە ڕاستی خزمەتگوزارو پارێزەری بەرژەوەندییەکانی هاوڵاتییان بێت، دیارە ئەو هێزەی ئێستا چاوەڕوانی لێدەکرێت ئۆپۆزسیۆنە، بۆئەوەی حکومەت لەسەر کاری باشو بە دامەزراوەییکردنی دەزگاکانی ڕابهێنێت، بەرپرسانیش لەوەتێبگەن کە بەرپرسیارێتیی تەنیا مووچەوەرگرتنو هەبوونی پاسەوانو فەلسەفەلێدان نییە بەسەر ئەو هاوڵاتییانەی بەدەنگی ئەوان گەیشتوون بەو پۆستانە، بەڵکو ئەرکی بەرپرس لە ڕووی ئەخلاقیو سیاسیو کۆمەڵایەتیو ئیداریشەوە خزمەتکردنە بەهاوڵاتییانی وڵاتەکەی بەشێوەی باوکانە، نەک سەیرکردنی بەچاوی ڕەعیەتەوە.

Bestun_bengrdy@yahoo.com

کۆمپانیای ڕۆژی نوێ بۆ وەبەرهێنانی خانوو بەرە
Rozhi Nwe Co.
www.rozhinwe.net
پرۆژەی ڕۆژ ستی

هاوڵاتی ئازیز ..... دڵنیا بە براوەیت
زووکە,تا درەنگ نەبووە ... لەگەڵ کۆمپانیای ڕۆژی نوێ , گرێبەستێکی ئاڵتوونی ئیمزا بکە .
دەبینە خاوەنی شووقەیەکی109مەتری , لە جوانترین و باشترین شوێنی شاردا ...
بەبێ ئەوەی باری شانت گران بێت ....

3800 $ بێنەو گرێبەستەکە ئیمزا بکە ...
3800 $ کە سەقفی شووقەکەت تێکرا ...
3700 $ کە گەیشتە گەچکاری ...
3700 $ بدەو کلیلی شووقەکەت وەرگرە
ئەمە هەمووی ئەکاتە 15000$ ....
دواتر : ـ
25000$ سندووقی نیشتەجێبوون پارەکەی دەدات .... لە ماوەی 10 ساڵیشدا وەریدەگرێتەوە .
10000$ کۆمپانیای ڕۆژی نوێ دەیدات .... ئەویش لە ماوەی 5 ساڵدا وەریدەگرێتەوە ,
بێ خستنە سەری هیچ سوودێك ....
تۆفیسی کۆمپانیا – فرۆشتنی یەکەکان : نووی مەلیك– بەرامبەر ئامادەیی شەهید جەمال تایەر
بۆ زانیاری زیاتر پەیوەندی بکە بە : 053 5777 لە بۆبایلەوە – 5777 لە نۆرماڵەوە / (0750 152 1717 - 0771 016 5555)

جـــەنـــاب تۆش؟!

جەبار مەولود*

لە وتارێکی گاڵتەئامێزو بێ پێزدا، ستران عەبدوڵڵا لە ژمارە (٤٩٦٢)ی کوردستانی نوێ-ی ڕۆژی ٢٠٠٩/٨/٢٨دا لەژێر ناونیشانی (گلەییەک لە کاک حەمە تۆفیق) دەنووسێت کە جگە لە تۆ، واتە کاک حەمە تۆفیق، گلەیی لە کاکەکان: قادری حاجی عەلیو نەوشیروان مستەفا دەکەم کە بەرپرسیاری ئێمەبوونو فێرتان نەکردین کە حکومەتی سێبەر چییە، هەندێک بابەتی نووسیوە کە هەر لەهەمانشێوەدا گلەیی لەسەر دەکات، کە گوایە ئەو سەرکردانە کادیرەکانیان باش تێنەگەیاندووەو فێریان نەکردوون.

ئەوەی شایەنی باسو وتنە دەبوایە هەموو کەسێک لە کادیرو پێشمەرگەو ڕێکخستنەکانی یەکێتی جورئەتی بکردایە وەهابابەتێکی بنووسیایە، بەڵام ستران زاتی نەکردایە خۆی لە بابەتی ئەوها بدات، چونکە لە دوورو نزیکەوە ناوەڕۆکی گلەییەکە پەیوەندیی بەوەوە نییە، ئەو سەرکردانەی کە ئەو باسیان لێوە دەکاتو گلەییان لێدەکات، پێشمەرگەیان ڕاهێناوەو گیانی شۆڕشگێڕییو قارەمانیو خۆشەویستییان بۆ کوردو نیشتمانی کوردستان تیا بەرزکردوونەتەوە، ئەوان مامۆستای شۆڕشگێڕەکان بوون، ڕاهێنەری کادیرو پێشمەرگە گیان لەسەردەستەکان بوون، ئەوان کەسانی وەک تۆیان ڕانەهێناوە، لەسەر ئەم کارەی ئێستا کە دەستت کەوتووە بۆ شێواندنی ڕاستییەکانو تێکدانی ڕیزەکانی گەلو ماستاو و پارە پەیداکردن.

چونکە کاتێک ئەوان مامۆستاو سەرکردەی ئەو کادیرو پێشمەرگانە بوون، تۆ کوڕە (ساڵح)ەکەی باوکی خۆت بووی، لە پشت باوکتەوە لە گەڕەکەکانی ڕەحیمئاواو تەپەی مەلا عەبدوڵڵا بەدوای ڕێکخستنەکانی یەکێتیو کۆمەڵەدا دەسوڕانەوەو ڕاوە کوردە شۆڕشگێڕو گیان لەسەردەستەکانی کەرکوکتان دەکرد، نانی ئەوانتان دەخوارد، ئەوکاتەی قوتابییەکانی ئەو سەرکردانە بە شەو دەهاتن کەرکوکیان لە دوژمن دەکردە ئاگر، ئێوەش خواخواتان بوو ڕۆژ ببێتەوە، تا بەدوای کەسوکاری ئەوانو دالدەدەرانی پێشمەرگەدا بگەڕێن، بۆیە بە دڵنیاییەوە نە تۆیان فێری وانەی شۆڕشگێڕیی کردووە، نە تۆش لەو بارودۆخەدا بوویت بگەیتە لایان، تا دەرست دابدەن، ئافەرین بۆ یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان کە تۆ دەمڕاستو نەسیحەتکەری بیت.

* پێشمەرگەی دێرین

٢٠٠٧
ڕۆژنامە
زۆرترین زانیاری دروست لە ئێمە وەربگرە
ڕاستگۆیی بێلایەنی وردبینی

چاپ: چاپخانەی زەرگەتە ٠٧٤٨٠٤١٢٣٦٩ - ٠٧٤٨٠٤١٢٣٦٨ - ٣١٩٠٥١٩